# پرۆژە دەستوورێکی نوێ بۆ کوردستان بەڕێوەیە



د. جعفرئیبراهیم ئێمینکی *

تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە

دیارە بەدەستهێنانی دەستوورێك بۆ هەرێمی کوردستان تەنیا مەسەلەی کاتە، پرۆسەکە دەستی پێکردووە و لیژنەی دەستووریش دەست بەکارە، ئەزموونێکی باشی سیاسی و یاسایی و دەستووری لە بەردەستدایە، دەکرێت ببێتە بنەما بۆ نووسینەوەی پرۆژە دەستووری نوێ. فاکتەری هەرە دیار بۆ بەدەستهێنانی پرۆژەی دەستووری سازان، بارودۆخی بابەتییە، هیچ کاتێك وەك ئەمڕۆ بارودۆخی بابەتی بەوجۆرە لەبار نەبووە، بۆ ئەوەی هێزە سیاسییەکانی کوردستان دەست لە شتی رووکەش بەردەن و پێداگیری لەسەر ناوەڕۆکی دەستوورەکە بکەن، بابەتیانەش مامەڵە لەگەڵ پرسە چارەنووسسازەکاندا بکەن. مێژووی بزاڤی رزگاریخوازی کوردستان ئەو ئەزموونەی بۆ دروستکردووین کە پێویستە پێش هەر شتێك ناوماڵی خۆمان رێکبخەین و یەکگوتار بین بۆ ئەوەی بتوانین دەرفەتێکی هاوشێوەی راپەڕینی بەهاری ١٩٩١ بقۆزینەوە و قەوارەیەکی دیفاکتۆ لەبەر رۆشنایی دەنگدانی خەڵکی کوردستان بێتەئاراوە. بۆ ئێستاش دەیان وانەی بەسوود و ئەزموونی رابردووی بزاڤی رزگاریخوازی کوردستان لەبەر چاوی هەموو سەرکردە سیاسییەکانی کوردستانن و هەست دەکەن کە بە هەر شێواز و جۆرێك بێت، پێویستە پرسە لاوەکییەکان وەلابنێن و بابەتی هەستیاری ململانێی تەسکی حزبایەتی دوێنی فەرامۆش بکەین و، پرسی سەرەکی بۆ ئەمڕۆ کە نووسینەوەی دەستوورە ببێتە ئامانجی هەموو لایەك.

دیارە لەم قۆناخەدا پرۆسەی نووسینەوەی دەستوورێکی نوێ بەو ئاراستەیە بەڕێوەدەچێت کە زوو بەدەستەوە بێت و کۆدەنگی لەسەر بکرێت و بخرێتە بەردەمی خەڵکی کوردستان بۆ ئەوەی پەسەندی بکەن و رای خۆیانی لەسەر بدەن، بەمەش کوردستان دەگاتە دواوێستگەی قۆناخی گواستنەوە کە ماوەی زیاتر لە ٢٠ ساڵە دەستی پێکردووە، بە کۆتایی هێنانی ئەم قۆناخەش بەسەرکەوتوویی، جیهان لەسەر ئاستی سیاسی بە بەرچاوڕوونی و دیدێکی گەورەترەوە سەیری رۆڵی پڕبایەخی سیاسییانەی هەرێمی کوردستان دەکات و باشتر حیساب بۆ هەنگاوەکانی ئایندەی دەکات.

هەروەك چۆن قارەمانیەتی پێشمەرگە و سەرۆکایەتیی سەرۆك بارزانی راستەوخۆ لە بەرەکانی شەڕ و کارەساتی کوردی ئێزیدی و خوێنی پێشمەرگە شەهیدەکان لە شەڕی دژی داعش بوونە بەهێزترین فاکتەر لەسەر ئاستی دنیا بۆ ریزگرتن لە کوردستان و پێشمەرگە، بۆیە لەم راستەوە گرنگە پێگە و هەڵوێستی تەواوی هێزە سیاسییەکانی کوردستان لە هەمبەر پرسی دەستوور، تەواوکاری ئەو رۆڵە گەورەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بێت.

دیارە هەڵگرتنی هەنگاوی گەورەی نیشتمانی، قوربانی گەورەی دەوێت و لە بەرامبەریشدا کۆمپرۆمایز و سازانی گەورەشی دەوێت، بۆیە لە پرۆسەی دەستووردا هەڵسەنگاندنی راست و دروست و دڵسۆزانە دەکەوێتە بەردەستی خەڵك و هەر ئەوانیش بڕیاری گەورە و کۆتایی لەسەردەدەن، ئەم بڕیارەش کە گەلی کوردستان دەیدات، هەر بڕیارێك بێت، هەموو لایەنەکان براوە دەبن، لەبەر ئەوەی گەلی کوردستان براوە دەبێت. هەر بۆیە کۆمپرۆمایز و سازانی گەورەی نێوان هێزە سیاسییەکان لەسەر پرسێکی گرنگ و چارەنووسسازی وەك نووسینەوەی دەستوور ئومێدێك بۆ خەڵکی کوردستان دروست دەکات و هەڵویستی حزبەکانیش لە چاوی خەڵکی کوردستاندا هەر بە گەورەیی دەمێنێتەوە. بەپێچەوانەوەشە ئەگەر خوانەخواستە پێداگیری لەسەر بەرژەوەندی و تێڕوانینی حزبی تەسك بکرێتەوە لەبەر هەر

هۆیەك و هەر پاساوێك ئەوا ویژدانی گەلی كوردستان دەبێتە ئەو دادگایەی كە ڕەحم بە هیچ لایەك نەكات، گرنگە ئەزموونی ئێستا و ڕابردوومان و پێگەیشتوویی قۆناخی سیاسیمان ئەوە لای هەموولایەكمان بكاتە ڕاستییەكی ئاشكرا، ئەگەر بمانەوێت دەستوورێك بنووسینەوە، بەرهەمی سازانی هەموو لایەكمان بێت، ئەوا ئەمە پێویستی بە دان و ستاندێكی نەرم و نیانی نێوان لایەنە سیاسییەكان هەیە و باشترین ئەركیش ئەوەیە كە هەموو لایەك بیر لە ئامانجی هاوبەشی نیشتمانی بكاتەوە و هەست بكات كە براوەی هاوبەشە.

دیارە گەیشتن بە سازان لە نووسینەوەی دەستوور دەستپێكی قۆناغیكی نوێیە بۆ هەموو لایەك، قۆناغیك كە متمانەیەكی زیاتر لە نێوان هێزەكانی كوردستان دێنێتەئاراوە، ئەو متمانەیەش دەبێتە هەوێن و بناخە بۆ گواستنەوەی كۆمەڵگە بۆ ئەو ئاستەی كە بتوانێت بەرپرسیاریەتی بۆ قۆناخی كاراكردنی گشت دامەزراوەكان لە ئەستۆ بگرێت، مەترسییەكانی دەرەوە و ناوەوە بڕەوێنێتەوە.

دوای ئەوەی هەنگاوەكان بە شێوەیەكی ئەرێنی بەرەو بەدەستهێنانی پرۆژەی دەستوورێكی نوێ سەركەوتوو بوون، ئەوا دۆزینەوەی چارەسەری گونجاویش بۆ پرسی سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستانیش ئاسانتر دەبێت.

لێرەدا گرنگە زۆر بە جددی جەخت لەسەر پرۆسەی بەهێزكردنی متمانەی نێوان لایەنە سیاسییەكان بكەینەوە، گەیشتنیش بە سازان لە پرسی دەستووردا دەبێتە بناخەیەكی بەهێز لە نێوان هەموولایەكمان و ئیدی ئەو بوارە نامێنێت كە بەگومانە لەسەر پرسە نیشتمانییەكان مامەڵە لەگەڵ یەكتری بكەین. هەروەها ناكرێت چیدی پێشنیارەكان بۆ چارەسەریی پرسە ستراتیژییەكان بێ تێڕوانینی جددی و بابەتییانە هەروا بەئاسانی ڕەتبكرێنەوە، هەر بۆیە ئەو كاتەی بیر لە ڕێگەی یەكەم، یان دووەم دەكرێتەوە بۆ چارەسەری پرسی سەرۆكایەتیی هەرێم، ئەوا زۆر ئاسایی دەبێت، ڕێگەی سێیەم، یان چوارەمیش بێتەئاراوە و بیری لێ بكرێتەوە. هەربۆیە ئەگەر ڕێگەی یەكەم كە هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆی سەرۆكی هەرێمی لەبەر هۆكاری بابەتی مومكین نەبێت و هەڵبژاردنی ناو پەرلەمانیش لەبەر هۆكاری خودی گونجاو نەبێت، ئەوا ئەوكاتە ڕەوایە كە بیر لە ڕێگەی سێیەم بكرێتەوە، كە ئەویش گرێدانی كۆنگرەیەكی نیشتمانییە لە هۆڵی شەهید سەعد عەبدوڵڵا لە هەولێر، یان گرێدانی كۆنگرەكە لە كەركووك، ئەم كۆنگرەیەش لە سەر بنەمای ئاكامی هەڵبژاردنەكانی كوردستان بە بەشداری پەرلەمانتارانی كوردستانی لە پەرلەمانی بەغدا، هەروەها سەركردایەتی هێزە سیاسییەكانی كوردستان، لەم كۆنگرەیەدا بە شێوەیەكی كاتی بۆ چوارساڵی داهاتوو ئەم پرسە بە شێوازێكی شارستانی و نیشتمانییانە چارەسەر بكرێت.

لە دوماهیدا گرنگە هەموو لایەكمان درك بەو ڕاستییە بكەین كە هەنگاوی یەكەم بۆ بەدەستهێنانی دەستووری نوێ پێویستی بە بەهێزكردنی متمانەی نێوان هێزە سیاسییەكان هەیە، چونكە ئەم دەستوورە پێویستی بە سازانی هاوبەش و كۆمپرۆمایزی هاوبەش هەیە، ئەم دووانەش بە بێ متمانەیەكی گەورەی نێوان لایەنە سیاسییەكان دروست نابێت. گەیشتن بەم سازان و كۆمپرۆمایزە دەبێتە سەرەتای قۆناغێكی نوێی سیاسی لە هەرێمی كوردستان، هەروەها دەبێتە ئەزموونێكی دیكەی چاوەڕوانكراو بۆ چارەسەركردنی پرس و قەیرانە سیاسییەكان لە داهاتوودا.

---

***جێگری سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان**

### ساڵێک دوای ڕاگەیاندنی دەوڵەتی خەلافەتی داعش

# کورد و ئەمریکا
# ناچارن هاوپەیمانی یەکتر بن



### هەڵسەنگاندنێک بۆ سیاسەتی کوردستان لەگەڵ ئەمریکا و نەخشەی ڕێگە بۆ گەیشتن بە خاڵی هاوبەش



«هەواڵەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئاماژەن بۆ ئەوەی بارودۆخی ئەو ناوچەیە لە خراپەوە بەرەو زۆر خراپتر دەچێت. ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەبەریەك هەڵوەشاوە و ئەمریکاش لۆمە ناکرێت، لەبەر ئەوەی چارەسەری کێشەکان ئاسان نین، وەك دروستبوونی کارەساتی مرۆیی لە یەمەن و لەبەریەك هەڵوەشانەوەی لیبیا و کەوتنی ڕومادی بە دەستی داعش. ڕۆبەرت گیتس وەزیری پێشووی بەرگری ئەمریکا لە مانگی ئایاری ڕابردوو دەڵێت: بەهیچ شێوەیەك ستراتیژمان بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نەبووە. پاڵێوراوانی کۆمارییەکان لە ڕۆژنامەی واشنتۆن پۆست بەو شێوەیە شرۆڤەی کەوتنی ڕومادی دەکەن بەوەی هۆکارەکەی پێوەندی بە دینامیکیەتی سوپای عێراق نییە و وەك شکستی سوپای عێراق سەیر ناکرێت، بەڵکو ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن هۆکاری سەرەکی بۆ لەبەریەك هەڵوەشانی ناوچەکە کەمتەرخەمی و لاوازیی چارەسەرەکانی ئیدارەی ئێستای ئەمریکایە. ئەم واقیعە سەختە ئاماژەیە بۆ ئەوەی ئەمڕۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەرەو گۆڕانکارییەکی ڕیشەیی کاولکاری هەنگاو هەڵدەگرێت. ئەگەر وەك ڕێکخەری کۆشکی سپی بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست قسە بکەم، ئەوا دەتوانم بڵێم: سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست سەرچاوەی سەرەکی نەبووە بۆ ئەو کێشانە، لە هەمانکاتدا ئەمریکا بژاردەی باشیشی لە بەردەستدا نییە بۆ ئەوەی مامەڵەیەکی باش لەگەڵ ئەو بارودۆخە سەختە بکات. هەندێك پێشنیار بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ناوچەکە دەخرێنەڕوو، وەك دەستێوەردانی سەربازی، هەوڵدان بۆ ڕێکخستنەوە و دووبارە داڕشتنەوەی ناوچەکە، قەناعەتکردن بەو خەڵکانەی خۆیان بە نەیاری ئەمریکا دەزانن، بەڵام هەر یەك لەم پێشنیارانە ئەگەر جێبەجێ بکرێت، بارودۆخەکە بەرەو خراپتر دەبات. بۆیە لێرەدا پێویستە ڕاشکاوانە قسە لەسەر سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکەین. سیاسەتی ئەمریکا بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە دەست بەرنامەی

**● سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر کورد یان سیاسەتی کوردستان بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەمریکا**

ئەمریکییەکان لەسەر ئاستی کۆنگرێس و کۆشکی سپی و ناوەندەکانی فیکر و لێکۆڵینەوە گەیشتوونەتە ڕایەکی هاوبەش بەوەی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دوای ئیسرائیل بێجگە لە کورد هاوپەیمانێکیان نییە، بتوانن پشتی پێ ببەستن، چەقی قورسایی ئەم هاوپەیمانێتییەش هەرێمی کوردستانە، لەمەش زیاتر ئێستا ناوەندەکانی فیکر و لێکۆڵینەوە و ڕۆژنامە بەناوبانگەکانی ئەمریکا و تەنانەت کەناڵە گەورەکانی تەلەفزیۆنی وەك CNN ئاراستەی کارکردنیان بەو شێوەیەیە پرسی کورد وەك پرسێکی گرنگ بکەنە بەشێك لە ڕای گشتی ئەمریکا. هەر بۆ نموونە:

١- لە ڕۆژی ٤ی حوزەیرانەوە وشەی کوردس (Kurds) بۆتە یەکێك لە بڕگە دیارەکانی سەردێڕی ماڵپەڕی ئامۆژگای پێوەندییەکانی دەرەوە (www.cfr.org) و لە ژێر ئەم ناوەدا دۆسیەکی بڵاو کردۆتەوە بەناونیشانی: کورد لە ساتەوەختی خۆیدا (The time of the Kurds).

٢- لە کەناڵی CNN دیمانەیەکی تایبەت لەگەڵ ئەشتون کارتەر لەسەر کەوتنی ڕومادی کراوە، ئەمەش مانای ئەوەیە بێجگە لە کورد هیچ لایەکی دیکە نە شەڕی داعشی پێدەکرێت، نە سوود لە هاوکارییەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعش وەردەگرێت.

٣- تۆماس فریدمان لە ڕۆژی ٢٧ی ئایار نووسیویەتی: «جارێکی دیکە ناتواندرێت سنوورە کۆنەکان ڕێکبخرێتەوە».

٤- داڤید کرۆس لە ڕۆژنامەی نیۆیۆرك تایمز لە ڕۆژی ٥ی حوزەیران نووسیویەتی: «ستراتیژیەتی



**هەڵەوە گیری خواردووە، ئەگەر سەیری ئەزموونی ١٠ساڵی رابردوو و ئەزموونی ئێستاشمان بکەین ئەوا تێدەگەین پرسەکە ئەوە نییە. داننان بەو راستییەی ئەمریکا بەرپرس نییە لە هەموو کێشەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، یان بەوەی ناتوانێت هەموو کێشەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست چارەسەر بکات، مانای ئەوە نییە ئەمریکا بێ توانایە و دەستی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەڵگرتووە. نەخێر، ئێستاش ئەمریکا گەورەترین هێزە لە جیهان و جێگەی بایەخی هەموو جیهانیشە، توانایەکی بێ هاوتای هەیە و بەرپرسە لەوەی رۆڵی سەرەکی لە ناوچەکەدا بگێڕێت. بەتایبەتی ئەگەر بەرژەوەندییە ژیارییەکانی لە ناوچەکە بکەوێتە مەترسییەوە. راستە ئەمریکا ناتوانێت ئەو فاکتەرە مێژووییانەی بوونە هۆکاری ئەو ناسەقامگیرییە رابگرێت، بەڵام دەتوانێت هاوپەیمانەکانی بپارێزێت و رێگە نەدات شەڕ لەنێوان دەوڵەتانی ناوچەکە رووبدات. رێگەش نادات چەکی ئەتۆمی بڵاو ببێتەوە، دەتوانێت رێگر بێت لەوەش کە تیرۆریستان نەوایەکی ئارام لە ناوچەکە بۆ خۆیان دروست بکەن و لەوێوە خۆ تەیار بکەن بۆ هێرشکردنە سەر هاوپەیمانەکانمان و بەرژەوەندییەکانمان لە ناوچەکە، هەروەها دەتوانین رێڕەوە ئاوییەکان بەتایبەتی گەرووی هورمز بپارێزین بۆ ئەوەی بارزگانی و هەناردەکردنی نەوت کێشەی تێ نەکەوێت».**

■ ■ ■

**فلیپ گۆردن لە ماوەی ساڵانی ٢٠١٣- ٢٠١٥ یاریدەدەری تایبەتی سەرۆك ئۆباما و کۆشکی سپی بووە وەك رێکخەری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقیا و دەوڵەتانی کەنداو.**

**ئەم پەرەگرافانە بەشێکن لەو وتارەی رۆژی ٤ی حوزەیرانی ٢٠١٥ لەماڵپەری ئامۆژگای پێوەندییەکانی دەرەوە بڵاوی کردۆتەوە.**

دابەشکردنی عێراق. عێراقێکی سەنتراڵی گەورەترین کارەساتە بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست».

٥- لە هەمووی گرنگتر بڕیارەکەی کۆنگریسە بە پڕچەککردنی پێشمەرگە لە رێگەی بەغداوە، هەروەها دانیشتنە بەردەوامەکانی لیژنەی پێوەندییەکانی دەرەوە و بەرگری کۆنگرێس بۆ تاوتوێکردنی بارودۆخی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کە لە هەموو یەکێك لەو دانیشتنانە پرسی کورد یەکێك لە پرسە سەرەکییەکان بووە. هەروەها ئەو کۆنگرانەی لەسەر رۆژهەڵاتی ناوەڕاست گرێدەدرێن، وەك کۆڕبەندی ئەمریکا و جیهانی ئیسلامی کە لە رۆژانی ١-٣ی حوزەیرانی ٢٠١٥ لە دۆحە بەڕێوەچوو. ئەمە بێجگە لەوەی رۆژانەش لە یەکێك لە ناوەندەکانی فیکر و لێکۆڵینەوە لانیکەم کۆڕێك لە سەر رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەڕێوەدەچێت و لە هەر یەکێك لەو کۆڕانەش یەکێك لە پرسە سەرەکییەکان کێشەی کورد و پرسی دەوڵەتی کوردستان دەوروژێندرێت.

ئەمانە تەنیا رووداو و نووسینی کەمتر لە یەك هەفتەن. بۆیە بایەخدان بە پرس و رۆڵی کورد لە تێکشکاندنی تیرۆریستانی داعش و ئومێدی خەڵکی کوردستان بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان، پرسێکە گەیشتۆتە ئەو ئاستەی لایەنی کوردستانی سیاسەتێکی روون و ئاشکرایان بەرامبەر بە ئەمریکا هەبێت و هەوڵبدەن نەخشەرێگەیەك دروست بکەن بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەمریکا بگەنە ئەو خاڵە هاوبەشانەی کە هەردوولا لە پنتێکدا یەکبگرنەوە.

لێرەوە ئەگەر سەیری نووسینەکەی فلیپ گۆردن بکەین کە تا یەك دوو مانگ لەمەوپێش یاریدەدەری تایبەتی سەرۆك ئۆباما و کۆشکی سپی بووە و وەك رێکخەری سیاسەتی ئەمریکا بۆ رۆژهەڵاتی

**سیاسەتی کوردستان بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەمریکا و هاوپەیمانان، گرنگە سیاسەتی سوودوەرگرتن لەکات و پێکەوە گرێدانەوەی زیاتری ئامانجە هاوبەشەکانی نێوان کورد و ئەمریکا بێت**

**لای ئەمریکا و جیهان شاراوە نییە، بڕیاری سەرۆک مسعود بارزانی بە شەڕی مان و نەمان لە دژی تیرۆریستانی داعش، بڕیاری پێش هەستانی فڕۆکەکانی ئەمریکا و پشتگیرییە لۆجیستیەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانان بووە**

**ئەمریکا لە سەر ئاستی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دووچاری بارودۆخێک بۆتەوە کە خۆی بەشێک نییە لە دروستبوونی ئەو بارودۆخە و بژاردەی باشیشی لەبەر دەست نییە بۆ ئەوەی بارودۆخەکە چارەسەر بکات**

ناوەڕاست و باکووری و ئەفریقیا و دەوڵەتانی کەنداو کاری کردووە، ئاماژە بەوە دەکات سەرچاوەی ئەو کێشانەی لە چوار هۆکاری سەرەکییەوە سەرچاوە دەگرن کە بریتین لە: «- نەمانی سەروەری دەوڵەت و داخورانی سنوورەکان،- دابەشبوونێکی گەورەی نێوان شیعە و سوننە، - دابەشبوونی گەورەی کۆمەڵگەی سوننە و سوننە لە وڵاتێکی وەك میسر کە شیعەیەکی هێجگار کەمی هەیە - راوەستانی پرۆسەی ئاشتی لە نێوان ئیسرائیل و فەلەستین». ئەگەر بە وردی سەرنجی ئەم دەستنیشانکردنە بدەین، دەبینین تەنیا کورد و کوردستانە کە نەبۆتە سەرچاوەی هیچ کێشەیەك بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هەروەك چۆن پێشتر سەرچاوەی کێشە نەبووە لە شەڕی نێوان شیعە و سوننە لە عێراقدا، تەنانەت سیاسەتی لۆژیکانەی هەرێمی کوردستان لە ناو ئەم هاوکێشە ئاڵۆزەدا، ئەوە بووە جەمسەرە جیاوازەکانی پێکەوە گرێداوەتەوە و تەنیا کوردستانە کە هیچ کێشەیەکی لەگەڵ میحوەری تورکیا و قەتەر، سعودیە و ئیمارات و میسر، ئێران و هاوپەیمانی شیعە نییە. لە بەرامبەردا ئەگەر سەیری پێشنیارەکانی گۆردن بکەین، بەوەی ئەمریکا پێویستە ئامانجەکانی خۆی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەسەر ئەو بنەمایە رێکبخاتەوە، لەمەشیاندا هەست دەکەین سیاسەتی کوردستان بە هیچ شێوەیەك هاودژی لەگەڵ ئەو ئامانجانە دروست ناکات.

ئەم پێگەیەی کوردستان کە نەبۆتە سەرچاوەی کێشە بۆ ئەم بارە ئاڵۆزەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هەروەها پێکەوە گرێدانەوەی جەمسەرە ناکۆك و ئاڵۆزەکان کە هەر یەکەیان بۆ دوای داعش و رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی تازە پرۆژەی تایبەتی خۆی هەیە، هەموو پرۆژەکانیش لەگەڵ پرۆژەی ئەمریکا بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە شێوەیەك لە شێوەکان هاودژییەکی گەورە دروست دەکەن، ئەوا گرنگە کورد پرۆژەیەکی هەبێت لەگەڵ پرۆژەکەی ئەمریکا بە تەواوەتی یەکبگرێتەوە. لەمەشدا چۆن ئەمریکا ناچار دەبێت کورد بە هاوپەیمانی خۆی قبووڵ بکات، بەهەمان شێوەش لایەنی کوردی، یان کوردستانیش لەسەر ئاستی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و رۆژئاواش ئەگەر ریزبەندییەك بۆ ئەو دەوڵەتانە دروست بکات کە بیەوێت پشتی پێ ببەستێت، ئەوا وەك ئاڕاستەی رووداوەکان پیشانی دەدەن، دەبێت ئەمریکا بە ئیمتیاز پلەی یەکەمی لەو بژاردەیەی کوردستان هەبێت. لە هەمانکاتدا دەبێت لایەنی ناچاری خۆی وەك کوردستان و لایەنی ناچاری ئەمریکا وەك سۆپەر پاوەرێك لە ناوچەکە بە وردی لەبەرچاو بگرێت.

گرنگە بۆ خوێندنەوەی پێگەی ئەم سۆپەرپاوەرە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئێمە وەك کورد سوود لە ئەزموونی دیپلۆماتی و پێوەندی نێوان ئەمریکا و ئیسرائیل وەربگرین. هەر بۆ نموونە شیمون پێریز لە کتێبی (جەنگی ئاشتی) باس لە داوایەکی ئەمریکای سەردەمی ریگن دەکات بۆ ئەوەی ئیسرائیل لە ئازادکردنی بارمتە ئەمریکییەکان لە تاران هاوکاری ئەمریکا بکات. پێریز دەڵێت: ئەم داوایەم بردە پەرلەمانی ئیسرائیل (کەنیست)، زۆربەی پەرلەمانتاران نارازی بوون.، من پێم وتن ئەمریکا بەو هەموو گەورەییەی خۆیەوە داوای یارمەتی لە ئیسرائیل بکات، ئایا دەکرێت ئیسرائیل ئەو هاوکارییە رەتبکاتەوە؟

بێگومان کێشەی بارمتە ئەمریکیەکانی باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە تاران، ناتوانین بڵێین هێندەی کێشەی شەڕی داعش گەورە بووە، بەڵام لە ناو رای گشتی ئەمریکادا بووە هۆکاری ئەوەی جیمی کارتەر هەڵبژاردن بدۆڕێنێت. بۆیە ئیسرائیل هەموو هاوکارییەکی کرد و دواییش پرۆسەی ئازادکردنی بارمتەکان ناوی لێنرا (ئێران گێت) کە ئەمیش ئاماژە بوو بۆ رووداوی واتەر گێت کە لە ١٩٧٣ نیکسۆن ئەنجامی دا و لە دواییدا نیکسۆن لە سەرۆکایەتی لابرا.

ئەو داوایەی ریگن لە ئیسرائیل کردی، داوایەك بوو کۆدەنگیی هەردوو حزبی کۆماری و دیموکراتی لەگەڵدا بوو، بۆیە وێڕای ئەوەی ئەو پرۆسەیە پێشێلکردنی دەستووری ئەمریکاش بوو، بەڵام ریگن جارێکی دیکەش هەڵبژێردرایەوە و دوای خۆیشی بۆ جاری سێیەم حزبی کۆماری ئەمریکا بە سەرۆکایەتی جۆرج بوش هەر لەدەسەڵات مایەوە.

ئەگەر لەم خاڵەوە سەیری پێوەندی نێوان کوردستان و ئەمریکا بکەین لە شەڕی دژی داعشدا، لەگەڵ ئەوەی شەڕی داعش بڕیارێکی نێودەوڵەتی لە پشتە، لە هەمانکاتدا لەناو کۆنگرێس بە رادەیەك یەکگرتوویی لە نێوان کۆنگرێسمانە دیموکراتی و کۆمارییەکان لە سەر هاوپەیمانی و پرچەککردنی پێشمەرگە هەیە، کە خودی سەرۆك ئۆباما ناچار بووە داوا لە سەرۆك بارزانی بکات، رازی بێت بەوەی چەك لە رێگەی بەغداوە بگاتە دەستی پێشمەرگە، نەك راستەوخۆ، سەبارەت بە هەڵوێستی سەرۆك بارزانی بەرامبەر ئەم داوایەی سەرۆك ئۆباما و رازیبوونی بەوەی گرنگە

چەك بگاتە دەستی پێشمەرگە، بەڵام گرنگ نییە چۆن دەگات، پرۆفیسۆر مایکل نایت بەڕێوەبەری پرۆگرامەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان لە ئامۆژگای واشنتۆن بۆ دیراسەتی ڕۆژهەڵاتی نزیك لە مانگی ئایار بە گوڵانی ڕاگەیاند: «ئەم هەڵوێستەی سەرۆك بارزانی سەرسامی کردم و سەرکەوتنێکی گەورەی بۆ کورد لە کۆشکی سپی تۆمار کرد». لەمەش زیاتر هەر لە ماڵپەڕی هەمان ئامۆژگا وتارێکی بە ناونیشانی: «گەورەترین سەرکەوتنی کورد لە کۆشکی سپی» بڵاو کردەوە. هەر بۆیە وێڕای جیاوازییەکەی ڕیگن لە ئیسرائیل کە شەرعییەتی دەستووری و نێودەوڵەتی نەبوو، بەڵام دیسان هەست دەکرێ، لێکچوونێکی زۆر لە نێوان داواکەی ئەمریکا لە ئیسرائیل و هاوپەیمانی کورد و ئەمریکا لە شەڕی دژی داعش هەیە، بەڵام پێگەی ئێستای کوردستان بۆ ئەم هاوپەیمانەی ئەمریکا و کورد لە شەڕی دژی داعش لە پێگەی ئیسرائیل لە هاوپەیمانی ئەمریکا و ئیسرائیل بۆ ئازادکردنی بارمتەکان گەورەترە. لەمەش زیاتر ئیسرائیل دەوڵەتێکی خاوەن سەروەری و ئەندامی نەتەوە یەکگرتووەکان بوو، بەڵام هەتا ئێستا کوردستان بەشێکە لە عێراق و نەبۆتە دەوڵەتێکی سەربەخۆ. هەر بۆیە لەم ڕوانگەیەوە پێویستە لایەنی کوردستانی وەك خۆی ئەمریکا بخوێنێتەوە، بەو مانایەی هەتا ئێستاش ئەمریکا لە ڕووی سەربازییەوە هێزێکە هاوتای نییە، لە ڕووی ئابوورییەوە ئێستاش ٢٠٪ی هەموو ئابووری جیهان و بەرهەمی جیهانی لای ئەمریکایە. لە ڕووی هێزی نەرم و ژێرخانی شۆڕشی تەکنەلۆژیاش ئەمریکا لە هەر سێ بواری تەکنەلۆژیای بایلۆژی، تەکنەلۆژیای نانۆ، تەکنەلۆژیای زانیاری، لەسەر ئاستی جیهان ڕکابەری ڕاستەقینەی نییە، لە ژێرخانی پتەوی مەعریفەشدا کە بنەمایە بۆ بەردەوامیی پێشکەوتن لە شۆڕشی تەکنەلۆژیادا، لە نێو ٢٠ زانکۆی بەناوبانگی جیهان ١٥یان ئەمریکین و تەنیا سێیان بەریتانین و یەکێکیان سویسری و ئەوی دیکەشیان لە کەنەدایە. ئەمەش واتە پێویستە ئەو پرسیارە لە خۆمان بکەین: ئێمە کێین کە ئەم سۆپەرپاوەرە گەورەیە ناچارە هاوپەیمانیمان بکات؟ چۆن بتوانین لەم هاوپەیمانییە هاوسەنگی ڕابگرین و بەرژەوەندی هەردوولا بپارێزین؟ گرنگە وەڵامی ئەم دوو پرسیارە ببێتە بناخە بۆ دارشتنی سیاسەتێکی کوردستانی. ڕاستە ژووری دروستکردنی ئەم سیاسەتە لە ئێستادا هەرێمی کوردستانە، بەڵام ڕەهەندی ئەم سیاسەتە دەبێت مۆرکێکی کوردستانییانەی هەبێت و هەموو کورد و کوردستان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بگرێتەوە، هەموو کوردستانیش یەك گوتاری هاوبەشی هەبێت بۆ مامەڵەکردن لەم بارودۆخە هەستیار و ئاڵۆز و کاولکارییەی ناوچەکە و مامەڵەکردن لەگەڵ هاوپەیمانان و لەسەرووی هەمووشیانەوە ئەمریکا.

### ● بۆچی ئەمریکا ناچارە هاوپەیمانی لەگەڵ کورد بکات؟

هاوپەیمانی پێش ئەوەی هەرشتێك بێت، بەرژەوەندی هاوبەشە. بۆیە پرسیار ئەوەیە: ئایا چ بەرژەوەندییەکی هاوبەش لە نێوان ئەمریکا و کورد هەیە، وا ئەمریکا ناچارە پەنا بۆ کورد بەرێت؟ وەڵامی ئەم پرسیارە ئەوەیە ئەمریکا لە سەر ئاستی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دووچاری بارودۆخێك بۆتەوە کە خۆی بەشێك نییە لە دروستبوونی ئەو بارودۆخە و بژاردەی باشیشی لەبەر دەست نییە بۆ ئەوەی بارودۆخەکە چارەسەر بکات، لە هەمانکاتیشدا لەگەڵ هاوپەیمانە کۆنەکانیشی وەك سعودیە و میسر و دەوڵەتانی کەنداو تورکیا و تەنانەت یەکێتی ئەورووپاشدا ناتوانێت ئەو بارودۆخە چارەسەر بکات، لە سەرووی هەمووشیانەوە کە دەبێتە فاکتەری سەرەکی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، تێکشکاندنی تیرۆریستانی داعش و ڕووخاندنی دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی داعشە. مانەوەی دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی (داعش) لە ماوەی ساڵی ڕابردوودا بۆتە سەرچاوەی کێشەی زۆر ئاڵۆزی وەك دابەشبوونی جیهانی عەرەبی و ئیسلامی بۆ بەرەی شیعە و سوننە، هەروەها هاندانی تەیاری ئیسلامی سیاسی بۆ دژایەتی ئەو وڵاتانەش کە زۆرینەیان سوننەن، ئەمەش دابەشبوونێکی گەورەی لە کۆمەڵگەی سوننە دروستکردووە، کە هەر لە پاکستانەوە تا نەیجیریا لە خۆ دەگرێت.

کەواتە لە ماوەی ئەم ساڵەی داعش دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی ڕاگەیاندووە، تێکشکانی داعش بە هەر نرخێك بێت، بۆتە ئەولەوییەتی سەرەکیی سیاسەتی ئەمریکا بەتایبەتی و سیاسەتی هاوپەیمانانی دژ بە تیرۆریستانی داعش بە شێوەیەکی گشتی.

سەرۆك ئۆباما لە ماوەی ٩ مانگی ڕابردوو کە ستراتیژیەتی تێکشکان و لاوازکردنی داعشی ڕاگەیاندووە، چەندین جار لەگەڵ سەرۆك ئەرکانی هەموو دەوڵەتانی هاوپەیمانی دژی تیرۆریستانی داعش کۆبۆتەوە، سێ کۆنگرەی گرنگ (لەندەن،

**گرنگە سیاسەتی کوردستانی کە وەک سەرۆک بارزانی ڕایگەیاندووە هەوڵدانە بۆ ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردستان بە شێوەیەکی ئاشتییانە، ببێتە پرۆژەی هاوبەشی نێوان کورد و ئەمریکا، ئەم تێگەیشتنە هاوبەشەی کە ئێستا زەمینەی بۆ دروست بووە ئەگەر سیاسەتی کوردستانی بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەمریکا زیاتر وردی بکاتەوە و ڕەهەندە سەرەکییەکانی بۆ ڕای گشتی ئەمریکا و جیهان ئاشکرا بکات، ئەوا دەوڵەتی ئەمری واقیعی ئێستای کوردستان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بۆ سەربەخۆیی ئابووری و بوونی سوپایەکی نیشتمانی مۆدێرن کە توانای پاراستنی ئەم دەوڵەتە ئەمری واقیعە هەبێت، قبووڵ دەکرێت و هەوڵەکانیش بۆ ناساندنی وەک دەوڵەتێکی خاوەن سەروەری بەردەوام دەبێت**

واشنتۆن، پاریس) گرێدراوە بۆ ئەوەی چۆن داعش تێکبشکێندرێت. هەتا ئێستا بێجگە لە بەرەی شەڕی دژی داعش کە پێشمەرگە تێیدا توانیویەتی داعش تێکبشکێنێت و ئەفسانەی داعش بەتاڵ بکاتەوە، لە بەرەکانی دیکە سەرکەوتنێکی بەرچاو تۆمار نەکراوە. وەك پسپۆر و تایبەتمەندانی مەیدانی سیاسی و سەربازی ئاماژەی پێدەکەن، ئەو رووبەرەی داعش لە حوزەیرانی ٢٠١٤ دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی لەسەر دامەزراند، ئەوا لە حوزەیرانی ٢٠١٥ ئەو رووبەرە فراوانتر بووە، ئەو ئیمکانییاتەی لە ٢٠١٤ داعش لەبەر دەستی بووە، ئێستا زیاتری لەبەردەستە. کەوتنی رومادی لە عێراق و تەدمر لە سووریا ئاماژەیەکی گرنگە بۆ پێشڕەوی داعش و دەستەوەستانی هاوپەیمانان.

ئەم واقیعە پێمان دەڵێت: ئەمریکا دەیەوێت بە هەر نرخێك بێت ئەم بەرەیەی پێشمەرگە کە توانیویەتی تیرۆریستانی تێدا بشکێنێت، ئەم بەرەیە بە بەهێزی بمێنێتەوە. لای ئەمریکا و جیهان شاراوە نییە، بڕیاری سەرۆك مسعود بارزانی بە شەڕی مان و نەمان لە دژی تیرۆریستانی داعش، بڕیاری پێش هەستانی فڕۆکەکانی ئەمریکا و پشتگیرییە لۆجیستیەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانان بووە. بڕیارەکەی سەرۆك بارزانی پێش ئەوە بوو راهێنان بە پێشمەرگە بکرێت لەسەر چەکی مۆدێرن، بۆ نموونە رۆکێتی میلان، بڕیارەکەی بارزانی، پێش بڕیاری ئۆباما و رەزامەندی پەرلەمانەکانی فەرەنسا و ئەڵمانیا و دەوڵەتانی دیکەی ئەوروپی بووە، ئەمەش واتە بڕیارەکەی بارزانی بە شەڕی سەرتاسەری لە دژی داعش، پیشاندانی ئیرادەی خەڵکی کوردستانە بەوەی کە بە سەرۆك و جەماوەرەوە ئامادەن بۆ ئەوەی شەڕی مان و نەمان لە دژی تیرۆریستانی داعش بکەن. پیشاندانی ئەم ئیرادەیە بوو کە جیهان بڕیاریدا پشتگیری لە کوردستان بکات، بۆ ئەوەی ئەو ئیرادەیە هەر بە بەهێزی بمێنێتەوە.

لەسەر ئەم پرسە زۆرجار کە لەگەڵ ئەکادیمی و دیپلۆماتە ئەمریکییەکان دیمانەی رۆژنامەوانی دەکەین، زۆریان پێخۆشە ئاماژە بە کاریگەریی هێرشە ئاسمانییەکانی ئەمریکا بکەین، وەك هاوکاری بۆ هێزی پێشمەرگە، ئەمەش بەو مانایەی ئەم سەرکەوتنە بەرهەمی تێکەڵاوکردنی ئیرادەی پێشمەرگە و هێزی ئاسمانی ئەمریکا بووە. دیارە کەس ناتوانێت نکۆڵی لە کاریگەریی هاوکاری هێزی ئاسمانی ئەمریکا بۆ پێشمەرگە بکات و هەمووکات سەرۆکی هەرێمی کوردستان راستەوخۆ سوپاسی ئەمریکای لەسەر ئەم پرسە کردووە، بەڵام پرسەکە لێرەدا ئەوە نییە هێزی ئاسمانی ئەمریکا کاریگەری هەبووە، یان نە؟ بەڵکو پرسەکە ئیرادەی ئەو هێزەیە کە ناوی پێشمەرگەیە و بێجگە لە پێشمەرگە هیچ هێزێکی دیکە لە سەر زەوی ئەو ئیرادەیەی نییە بەوجۆرە تیرۆریستانی داعش تێکبشکێنێت.

ئەوجا ئەگەر سەیری ئەم هاوکێشە تازەیە بکەین کە شەڕی داعش لە سەر ئاستی هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی لە دژی داعش دروستیکردووە، دەبینین هەموو دەوڵەتانی هاوپەیمانی دژی داعش چەکی مۆدێرن و فڕۆکەی جەنگی پێشکەوتوویان هەیە، بەڵام لەبەر ئەوەی لەسەر زەوی هێزێکی هاوشێوەی پێشمەرگە نییە و سەرۆکێکی وەك بارزانی نییە راستەوخۆ لەناو بەرەکانی شەڕ سەرکردایەتی شەڕەکە بکات، ئەوا بە تەنیا فڕۆکەی جەنگی و چەکی مۆدێرن داعشی بە بەهێزتر و بە ناوچەی فراوانی زیاتر هێشتۆتەوە. بێگومان کوردستان تا ئەو پەڕی پێویستی بەوەیە هاوپەیمانان بەگشتی و ئەمریکا بەتایبەتی نەك هەر تەنیا چەکی قورس و مۆدێرن بدەن بە پێشمەرگە، بەڵکو پێویستیشی بەوەیە ئەم هێزە وەك سوپایەکی مۆدێرن وەك دژی تیرۆریستان بە گشتی و دژی تیرۆریستانی داعش بۆ رێکبخرێتەوە.

ئەم ئامانجە بۆ پاراستنی کوردستان و مانەوەی کوردستان وەك دوورگەیەکی ئارام لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، گرنگە ئەولەوییەتی سیاسەتێکی گشتی کوردستانی بێت بەرامبەر ئەمریکا بەتایبەتی و هاوپەیمانان بەگشتی. خاڵێکی دیکە کە گرنگە لایەنی کوردستانی وەك بیرکردنەوەیەکی ستراتیژی بۆ داڕشتنی ئەم سیاسەتە کوردستانییە لەبەر چاوی بگرێت، بوونی هاودژییەکی قووڵە لە نێوان هاوپەیمانە تەقلیدییەکانی ئەمریکا لە ناوچەکە، لەلایەك لەگەڵ سیاسەتی ئەمریکا لە ئەمریکا، لەلایەکی دیکە لەسەر هەڵوێستی هاوپەیمانە تەقلیدییەکانی ئەمریکا بەرامبەر بە رەوتی ئیسلامی سیاسی لە ناوچەکە. هەر بۆ نموونە تورکیا و قەتەر بە ئاشکرا پشتگیری ئیخوان موسلمینی میسریان کرد و هەتا ئێستاش تورکیا دانی بە حوکمڕانیی (سیسی)دا نەناوە، بەڵام سعودیە و ئیمارات بە چەندین ملیار دۆلار هاوکاری (سیسی)یان کرد بۆ ئەوەی ئیخوان نەهێڵێت، لە سەر مەسەلەی سووریا، لەسەر مەسەلەی لێدانی

**ئەمریکا دەبێت یان دەستبەرداری دەستوور و مێژووی دیموکراتی و ئازادی خۆی بێت، یان دەبێت رێز لە ئیرادەی خەڵکی کوردستان بگرێت، بەڵام پرسی دەوڵەتی کوردستان وەک ئێستا لە زۆربەی ناوەندەکانی فیکر و لێکۆڵینەوە وتەکانی سەرۆک بارزانی کراوەتە مانشێتی سەرەکی و دووبارە کراونەتەوە بەوەی ئامانجی سەرەکی مسعود بارزانی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانە، ئەمە مانای ئەوەیە لەناو رای گشتی ئەمریکادا شتێک نییە بە ناوی رەتکردنەوەی ئەم داوایەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی سەربەخۆیی کوردستان رابگەیەنێت**

**گرنگترین هاوپەیمانی تەقلیدی ئەمریکا لەناوچەکە ئیسرائیلە، بەڵام ئێستا ئیسرائیلیش لەسەر رێککەوتنی نێوان ئێران و ئەمریکا بە تەواوی دژی هەڵوێستی ئەمریکایە و تەنانەت ئەم هاودژییەی ئیسرائیل بۆ ئەو رێککەوتنە دابەشبوونی بە ئاستێک لە کۆنگرێس دروستکردووە، گەیشتۆتە ئەوەی کۆمەڵێک کۆنگرێسمان نامە بۆ ئێران بنووسن و ئاماژە بەوە بکەن دوای نەمانی ئۆباما ئەوان بەو رێککەوتنە پابەند نابن**

لیبیا تورکیا بەشداری نەکرد، لە کاتێکدا تورکیا ئەندامی ناتۆ بوو، هەروەها گرنگترین هاوپەیمانی تەقلیدی ئەمریکا لەناوچەکە ئیسرائیلە، بەڵام ئێستا ئیسرائیلیش لەسەر ڕێککەوتنی نێوان ئێران و ئەمریکا بە تەواوی دژی هەڵوێستی ئەمریکایە و تەنانەت ئەم هاودژییەی ئیسرائیل بۆ ئەو ڕێککەوتنە دابەشبوونی بە ئاستێك لە کۆنگرێس دروستکردووە، گەیشتۆتە ئەوەی کۆمەڵێك کۆنگرێسمان نامە بۆ ئێران بنووسن و ئاماژە بەوە بکەن دوای نەمانی ئۆباما ئەوان بەو ڕێککەوتنە پابەند نابن، ئەمەش زەنگێکی مەترسیدارە بەوەی ئەمریکا لەگەڵ هاوپەیمانە تەقلیدییەکانی دووچاری هاودژی بۆتەوە.

لەنێو ئەم واقیعە سەخت و تاڵە سیاسییەدا، ئەمریکا هاوپەیمانێکی تازەی بۆ دروست بووە، بەڵام گرفتی سەرەکیی ئەم هاوپەیمانە تازەیە کە کوردستانە ئەوەیە دەوڵەتێکی سەربەخۆ نییە و ڕاگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانیش لەم بارودۆخە ئاڵۆزەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لە سیاسەتی ئێستای ئەمریکا بەرامبەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە فەرمی بوونی نییە، بەڵام پاراستنی ئەو دەوڵەتەی وەك ئەمری واقیع بوونی هەیە و تەنیا داوێکی باریك نەبێت لەگەڵ بەغدا نەیماوە، ئەمەیان بۆتە ئەولەوییەتی سیاسەتی ئەمریکا. لەمەش زیاتر ئەمریکا وەك دەوڵەتێکی سۆپەرپاوەر کە خۆی بە میراتگری ئازادی و دیموکراتی دەزانێت، قەت ئیرادەی ئەو گەلانەی پێشێل نەکردووە کە هاوپەیمانی ئەمریکا بوون، هەتا ئەگەر بڕیاری ئەو گەلانەش دژی بڕیاری ئەمریکا و هاوپەیمانەکانیشیان بووبێت، هەر بۆ نموونە پەرلەمانی تورکیا لە ٢٠٠٣ ڕێگەی نەدا تورکیا بەشداری لە شەڕی ئازادکردنی عێراق بکات، هەمان ساڵ پەرلەمانی ئیسپانیا بڕیاری دا هێزەکانی ئیسپانیا لە عێراق بکشێنەوە. لە هەردوو حاڵەتەکە ئەمریکا ڕێزی لە بڕیاری پەرلەمانی تورکیا و ئیسپانیا گرت، لەگەڵ ئیسپانیا و تورکیا بە هاوپەیمانی مایەوە و ئێستاش هەر هاوپەیمانن. پرسیاری سەرەکی لێرەدا ئەوەیە: ئەگەر پەرلەمانی کوردستان بڕیاری دا ڕاپرسی بکرێت و گەلی کوردستان بڕیاری دا کوردستان ببێتە دەوڵەتێکی سەربەخۆ، ئایا ئەمریکا ڕێز لە ئیرادەی گەلی کوردستان دەگرێت؟ وەڵامی ئەم پرسیارە پەیوەستە بە مێژووی ئەمریکاوە، بۆیە، ئەمریکا دەبێت یان دەستبەرداری دەستوور و مێژووی دیموکراتی و ئازادی خۆی بێت، یان دەبێت ڕێز لە ئیرادەی خەڵکی کوردستان بگرێت، بەڵام پرسی دەوڵەتی کوردستان وەك ئێستا لە زۆربەی ناوەندەکانی فیکر و لێکۆڵینەوە وتەکانی سەرۆك بارزانی کراوەتە مانشێتی سەرەکی و دووبارە کراونەتەوە بەوەی ئامانجی سەرەکی مسعود بارزانی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانە، ئەمە مانای ئەوەیە لەناو ڕای گشتی ئەمریکادا شتێك نییە بە ناوی ڕەتکردنەوەی ئەم داوایەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی سەربەخۆی کوردستان ڕابگەیەنێت، بەڵام ئەم پرسە پێویستی بە کارکردنی زیاتر و ئەنجامدانی ڕاپرسی و کارکردن لەسەر ئاکامی ئەو ڕاپرسییە هەیە کە گەلی کوردستان بڕیاری لەسەر دەدات، هەوڵی سەرەکیش دوای سەرکەوتنی پرۆسەی ڕاپرسی هەوڵدانە بۆ دانپێدانانی ئەو ئاکامە لەلایەن پەرلەمانی عێراق و پاشان دانپێدانانی لەلایەن دەوڵەتانی هاوپەیمان و دۆست لە ناوچەکە و لە جیهانیشدا.

ئەمە مانای ئەوەیە لەم پرسەدا گرنگە سیاسەتی کوردستانی کە وەك سەرۆك بارزانی ڕایگەیاندووە هەوڵدانە بۆ ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردستان بە شێوەیەکی ئاشتییانە، ببێتە پرۆژەی هاوبەشی نێوان کورد و ئەمریکا، ئەم تێگەیشتنە هاوبەشەی کە ئێستا زەمینەی بۆ دروست بووە ئەگەر سیاسەتی کوردستانی بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەمریکا زیاتر وردی بکاتەوە و ڕەهەندە سەرەکییەکانی بۆ ڕای گشتی ئەمریکا و جیهان ئاشکرا بکات، ئەوا دەوڵەتی ئەمری واقیعی ئێستای کوردستان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بۆ سەربەخۆیی ئابووری و بوونی سوپایەکی نیشتمانی مۆدێرن کە توانای پاراستنی ئەم دەوڵەتە ئەمری واقیعەی هەبێت، قبووڵ دەکرێت و هەوڵەکانیش بۆ ناساندنی وەك دەوڵەتێکی خاوەن سەروەری بەردەوام دەبێت.

## ● بانگهێشت نەکردنی کورد بۆ کۆنگرەکانی هاوپەیمانی دژی داعش

ترسی جیهان لە هەڵوەشانەوەی سیستمە کۆنەکە، بە ئاستێکە کە فلیپ گۆردن دەڵێت: لۆمەی ئەمریکا مەکەن.. چارەسەرکردنی کێشەکان ئاسان نین. ئەمە لەوانەیە بۆ فەرەنسا و ئەڵمانیا بەوجۆرە نەبێت، لەبەر ئەوەی لە کۆنگرەی ٥١ی میونیخ بۆ ئاسایش کە بە فەرمی سەرۆکی کوردستان بانگهێشت کرابوو، پرسیاری سەرەکی ڕاپۆرتی کۆنگرەکە ئەوە بوو: ئایا ئەڵمانیا ئامادەیە بۆ ئەوەی سەرۆکایەتی بکات؟ وەڵامی ئەم پرسیارە ڕاشکاوانە وەزیری بەرگریی

**هەموو دەوڵەتانی هاوپەیمانی دژی داعش چەکی مۆدێرن و فڕۆکەی جەنگی پێشکەوتوویان هەیە، بەڵام لەبەر ئەوەی لەسەر زەوی هێزێکی هاوشێوەی پێشمەرگە نییە و سەرۆکێکی وەک بارزانی نییە ڕاستەوخۆ لەناو بەرەکانی شەڕ سەرکردایەتی شەڕەکە بکات، ئەوا بە تەنیا فڕۆکەی جەنگی و چەکی مۆدێرن داعشی بە بەهێزتر و بە ناوچەی فراوانی زیاتر هێشتۆتەوە**

**زۆرجار کە لەگەڵ ئەکادیمی و دیپلۆماتە ئەمریکییەکان دیمانەی ڕۆژنامەوانی دەکەین، زۆریان پێخۆشە ئاماژە بە کاریگەریی هێرشە ئاسمانییەکانی ئەمریکا بکەین، وەک هاوکاری بۆ هێزی پێشمەرگە، ئەمەش بەو مانایەی ئەم سەرکەوتنە بەرهەمی تێکەڵاوکردنی ئیرادەی پێشمەرگە و هێزی ئاسمانی ئەمریکا بووە**

**تەنیا کورد و کوردستانە کە نەبۆتە سەرچاوەی هیچ کێشەیەک بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هەروەک چۆن پێشتر سەرچاوەی کێشە نەبووە لە شەڕی نێوان شیعە و سوننە لە عێراقدا، تەنانەت سیاسەتی لۆژیکانەی هەرێمی کوردستان لە ناو ئەم هاوکێشە ئاڵۆزەدا، ئەوە بووە جەمسەرە جیاوازەکانی پێکەوە گرێداوەتەوە**

ئەڵمانیا لـــە کۆنگرەکە راگەیەندرا بـــەوەی: بەڵێ، ئەڵمانیا ئامادەیە ئەو سەرکردایەتییە بکات و ئامادەیە لەگـــەڵ هاوپەیمانەکانی بە هاوبەشـــی بڕیار بدات و بە هاوبەشـــی پێکەوە کاربکەن. ئەم هەڵوێســـتەی وەزیـــری بەرگـــری ئەڵمانیا تەنیـــا دوو رۆژ دوای رەزامەنـــدی پەرلەمانی ئەڵمانیا بوو بۆ ناردنی چەك بۆ پێشـــمەرگە، کە لـــە دوای کۆتاییهاتنی جەنگی جیهانی دووەمەوە، ئەمـــە یەکەم بڕیاری پەرلەمانی ئەڵمانیا بووە بۆ ناردنی چەك بۆ دەرەوە. لە هەڵوێستی ئەڵمانیاوە دەکرێت هەڵوێستی فەرەنساش بخوێندرێتەوە بەوەی هەڵویســـتی فەرەنساش هاوشێوەی هەڵوێستی ئەڵمانیایە، بەڵام لەم دوو هەڵوێســـتەوە، هەڵوێســـتی ئەمریکا و بەریتانیا و کەنداو تەنانەت ئوســـتراڵیاش ناخوێندرێتەوە. ئەمە بەو مانایە نییە کە هەڵوێســـتی ئەوان بۆ پشتگیری کوردستان لە هەڵوێستی ئەڵمانیا و فەرەنســـا جیـــاوازە، بەڵکو هەڵوێســـتی ئەڵمانیا و فەرەنسا بۆ چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ کوردستان و هێزی پێشـــمەرگە بۆ تێکشـــکاندنی تیرۆریستانی داعش جیاوازی هەیە، ئـــەم جیاوازییە بریتییە لە جیاوازیی نێوان کۆنگرەی لەندەن لـــە کانوونی دووەمی ٢٠١٥ لـــە لەندەن کە کورد بەفەرمی بانگهێشـــت نەکرابوو، لەگەڵ کۆنگرەی میونیخ لە شـــوباتی ٢٠١٥ کە بە فەرمی سەرۆك بارزانی بانگهێشت کرابوو.

پرسیاری سەرەکی لەسەر ئەم پرسە ئەوەیە: ئایا کورد بێدەنگ بێت لەسەر ئەم بانگهێشت نەکردنە؟ وەڵامی پەســـەند ئەوەیە: نەخێر، نابێـــت بێدەنگ بێت، بەڵام دەبێت هەتا پرۆسەی راپرسی بە سەرکەتوویی کۆتایی دێت، لە هەڵبژاردنی ئەو ئاستانەی بۆ رەخنەگرتن لە هاوپەیمانـــی نێودەوڵەتی دژی داعش هەڵیدەبژێرێت، ورد بێت، ئەمەش بـــەو مانایەی دەکرێت پەرلەمانی کوردســـتان ئەم رەخنەیە بگەیەنێتـــە پەرلەمانەکانی هەموو دەوڵەتانی هاوپەیمان، بەڵام ناکرێت هەڵوێستی جددی لە هاوپەیمانـــی نێودەوڵەتی وەربگریـــن، لەبـــەر ئـــەوەی



ستراتیژیەتی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی لەم شەڕەدا تێکشکاندن و لاوازکردنی تیرۆریستانی داعشە، قۆناخی پۆست داعشیش جیهان بیەوێت، یان نەیەوێت، ناچار دەبێت دووبارە هەموو ناوچەکە دابڕێژێتەوە. فلیپ گۆردن دەڵێت: ئەو دابەشبوونەی ئێستا لە سووریا دروست بووە، سووریا راستەقینەی دابەشکردووە بۆ (ئەسەدستان و داعشستان و نوسرەستان و کوردستان) لە عێراقیشدا بەغدا تەنیا داوێکی لەگەڵ کوردستان ماوە و پێوەندییەکی ئەوتۆشی لەگەڵ ناوچە سوننەکان نەماوە و جارێکی دیکەش سنوورە کۆنەکان رێکناخرێنەوە.

لەم چوارچێوەیەدا سیاسەتی کوردستان بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەمریکا و هاوپەیمانان، گرنگە سیاسەتی سوودوەرگرتن لەکات و پێکەوە گرێدانەوەی زیاتری ئامانجە هاوبەشەکانی نێوان کورد و ئەمریکا بێت، دەبێت ئەو راستییە روون بێت، چۆن دروستبوونی داعش و راگەیاندنی دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی واقیعێکی دروستکرد کە جارێکی دیکە ناتواندرێت بگەڕێنەوە بۆ پێش ئەو بەروارە، رووخاندنی خەلافەتی ئیسلامی و تێکشکاندنی داعش واقیعێکی زۆر لەمە جیاوازتر دروست دەکات و ناتواندرێت بگەڕێنەوە بۆ ئێستا، بەڵام گرنگە تا ئەو کاتە کورد پەلە بکات لە ریفراندۆمی سەرتاسەری بۆ ئەوەی ئاکامەکەی وەك دیکۆمێنتێکی یاسایی بۆ دیاریکردنی سنووری کوردستان و دانپێدانانی نێودەوڵەتی لە بەردەستدا بێت.

**هەتا ئێستاش ئەمریکا لە رووی سەربازییەوە هێزێکە هاوتای نییە، لە رووی ئابوورییەوە ئێستاش ٢٠./ی هەموو ئابووری جیهان و بەرهەمی جیهانی لای ئەمریکایە. لە رووی هێزی نەرم و ژێرخانی شۆڕشی تەکنەلۆژیاش ئەمریکا لە هەر سێ بواری تەکنەلۆژیای بایلۆژی، تەکنەلۆژیای نانۆ، تەکنەلۆژیای زانیاری، لەسەر ئاستی جیهان رکابەری راستەقینەی نییە، لە ژێرخانی پتەوی مەعریفەشدا کە بنەمایە بۆ بەردەوامیی پێشکەوتن لە شۆڕشی تەکنەلۆژیادا، لە نێو ٢٠ زانکۆی بەناوبانگی جیهان ١٥یان ئەمریکین**





# ڕاپرسی..
## ڕێگا و ڕەمزی هەڵسانەوەی مەزنی نەتەوەی کوردستان لەپێناو سەربەخۆیی و دەوڵەتدا





**ئەبوبەکر عەلی**

تایبەت بە گوڵان نووسیویەتی

ڕاپرسی زاراوەیەكی سیاسی یاساییە و ئاماژە بە دووبارە ئامادەكردنەوەی خەڵك لە گۆڕەپانی سیاسەت و ژیانی گشتی و دیاریكردنی چارەنووسی خۆیان دەكات. لە پێوەندی بە بابەت و ناونیشانی وتارەكەی ئێمە، ڕاپرسی پەیوەستە بە پرسی بەدیهێنانی بەركەوتەیەكی نەتەوەیی یەك سەدە دواكەوتنمان، واتە سەربەخۆیی و دەوڵەتی كوردستانی باشوور میكانیزم و ڕێكارێكە بۆ دووبارە خۆ پێناسە كردنەوە لە چوارچێوەی دۆخ و هەل و مەرج و قەوارەیەكی سیاسی نوێدا.، ڕاپرسی بۆ ئێمە هاتنە دەنگی ناخ و ویژدانی نەتەوەیە بۆ چوونە ناو مێژوو، بوونە بە بەشێكی شایستە و دیار و ڕێزلێگیراوی واقیعی سیاسی و ئابووری سەربازی و ئاسایشی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستە، ئەرك و چاوەڕوانییەكی لەو جۆرەش تەنها لە چوارچێوەی سەربەخۆیی و دەوڵەتی نیشتمانیدا دەبێت، یاخود لانیكەم وەك ئەوەی پێویستە دێتەدی.

**کاتێ ئەوە هاتووە لە ڕێی ڕاپرسییەوە ڕووپۆشی یاسایی بۆ دیفاکتۆ نوێکان دروست بکرێن و دەرفەت بقۆزینەوە بۆ ئەوەی گەل بڕیارە مەزنەکەی خۆی بدات، بەوەش کۆتایی بە بیری توندڕەوی و ڕەگەزپەرستی بێت و، قۆناغی سەرکەوتن و بێبەشکردن و لە قاڵبدانی خەونی کوردان و کوردستانییان بۆ هەتا هەتایە تێپەڕ بێت**

قسەکردن لەسەر پێوەندیی ڕاپرسی دەوڵەت و سەربەخۆیی کوردان و کوردستانییان لە باشووری کوردستاندا، باس لەوەیە، ئێمە دەوڵەتمان دەوێت. دەخوازین سەربەخۆ بین و ئاهەنگی جاڕدانی یەکەم کۆماری کوردستانی سەربەخۆ لە مێژووی نوێی خۆماندا بگێڕین، بەوەش بەشێ لە برینە مێژووییەکانمان، کە بێ قەوارەیی و دەرهاوێشتە کارەساتبارەکانی و چەوسانەوەی نەتەوەیی خولْقاندوویانە، ساڕێژ بکەین و کیبریائی نەتەوەیی ئازاردراومان چاکتر بکەینەوە و بە سیفەتی چوارەمین نەتەوەی مەزنی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و یەکێ لە پێکهێنەرە سەرەکییەکانی مێژووی ژیار و فەرهەنگی ناوچەکە، بتوانین چارەنووسی خۆمان دیاری بکەین، وەك ئەوەی هەین و خودا پێی بەخشیوین و مێژوو تیایدا خەملاندوویەتی و واقیع تەواوی کردووە. دەشێ ئامادەبین و گوزارشت لە بوون و ناسنامە و ڕۆڵ و ئاوات و مێژووی ئێستا و ئایندەی خۆمان بکەین.

دەوڵەت و سەربەخۆییمان دەوێت بۆ ئەوەی خۆمان لە چەمی مێژووی واقیعێکی نوێدا هەڵکێشین و، تاڵاو و گوناهی بێ قەوارەیی و خەم و خەمۆکی و پەژارەی ژێردەستەیی لە سەردەمی دابەشبوونی جیهان بۆ قەوارە نەتەوەییەکان لە خۆمان دەربکەین. تێشدەگەین دەوڵەت یانی چی و ڕێگەکانی دامەزراندنی چین و کامانەن و ڕێکار و شێوازی پەسەند و دڵخوازی ئێمەش چییە؟ بەڵام پێش ئەوەی بچینە سەر ئەو بابەتە و پێوەندی بە ڕاپرسییەوە، دەبێت باس لە مافێکی زەوتکراوی یەك سەدەیی کوردستانییان بکەین. چونکە دەبوو بە حوکمی ئەوەی بەشێ بووین لە قەوارە و جوگرافیا و فەرهەنگی ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانیی هەڵوەشاوە، دەبوو هەر لە ساتەوەختی دوای جەنگی یەکەمی جیهانی و شکستی عوسمانی و هاوپەیمانییەکان و دابەشکردنی ناوچەکە بۆ چەندین قەوارەی نوێ و دامەزراندنی چەندین دەوڵەت لە سەر دار و پەردووی تێکڕماوی عوسمانی، ئێمەش ببووینایەتە خاوەن قەوارەی سەربەخۆی نەتەوەیی خۆمان، بەوەش لە یەك سەدە زیاتر لە زیندان و سزا و ئەشکەنجە و دۆزەخی داگیرساوی ئەو قەوارانە بە دوور دەبووین، کە بە زۆری زۆرداری و لە دەرەوەی خواست و ویستی ئێمەوە پەلکێشیان کردین و وەك جەستەیەکی بێزراوی بە نەفرەتکراوی سەردەمی ناسیۆنالیزمی خۆرهەڵات و پیادەکردنی نەخشەی کۆلۆنیالیستییە نێودەوڵەتییەکان فڕێدراینە ناویانەوە.

کەچی ئەگەر ئێمە تا پێش سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزم بەشێکی سروشتیی پێکهاتەی ژیاری و ئایینی و مێژوویی و فەرهەنگی ناوچەکە بووین، دوای سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزمی ڕۆژهەڵات و دامەزراندنی زیندانەکان بە ناوی قەوارەی نوێ و دەوڵەتەوە، نکۆڵی لە بوون و ناسنامەمان کرا. ماشێنێکی زەبەلاح و ترسناکی ئایدیۆلۆژی و میدیایی و پەروەردەیی و سیاسی و سەربازی دانرا بۆ ئەوەی بەدەر لە لە هەر بەهایەکی ئینسانی و ئیسلامی و ڕێزدانان بۆ مێژووی ئایین و فەرهەنگی هاوبەش، بە مەبەستی سەرکوت و تواندنەوە و سڕینەوەمان لە مێژووی ناوچەکەدا بخرێتە گەڕ. ماشێنێکی تاقەت پڕووکێن، هەمەلایانە و نەفەس چن. بێبەشبوونی ئێمە لەو ساتەوەختەدا لە بنیادنانی قەوارەی خۆمان وەك مافێکی سروشتی، تەنها ناسۆرێکی قووڵی بۆمان دروست نەکرد، تەنها لە شادبوون بە قەوارەی سەربەخۆ و هەست بە بوونی خۆکردن وەك ئەندامێکی سەربەخۆی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ئامادەبوون لە شانۆی سیاسەتی ناوچەکە و مێژووە نوێیەکەیدا بێبەشی نەکردین، تەنها ناسنامە و خودی نەتەوەیی و نیشتمانمانی نەخستە بەر مەترسییەوە، بەڵکو خودی مرۆڤانەشمانی خستە بەردەم هەڕەشەی مەسخ بوون و شێوان و بێ وا بوون. واقیعی بێ دەوڵەتی بۆ کورد و کوردستانییان تەنها کەرامەتی نەتەوەیی بریندار نەکردین و، تاڵاوی هەست بە ژێردەستەیی لە سەردەمی باڵادەستی ناسیۆنالیزم و بڵاوبوونەوەی بیری سەربەخۆیی و شکۆی نەتەوەیی بە ڕۆڵەکانی ئێمە نەنۆشی، بەڵکو کەرامەتی ئینسانیشی ژێرپێ داین و، لە قووڵایی ناخی مرۆڤبونماندا هەست بە نامۆیی و سەراسیمایی و ئازارێکی وجوودی قووڵی دروست کرد. چونکە لە سەردەمی باڵادەستیی پرەنسیپی نەتەوەییدا بمانەوێت و نەمانەوێت، بەشێ لە هەستکردن بە کەرامەتی پارێزراوی نەتەوەیی و ئازادی گوزارشتدانەوە بووە لە کەسێتی و تایبەتمەندی و ئاوات و ئامانجی خۆ لەو ڕووەوە. بەڵام ئەوەی زەلکاوەکەی سەبارەت بە ئێمە بۆگەنتر و زیندانەکەی شێدارتر و تاریکتر و وەحشەتناکتر کرد، ئەوە بوو کە ئەو وڵاتانەی بە زۆر بە گوێرەی نەخشەیەکی نێودەوڵەتی ئێمەیان بەسەردا دابەشکرا، هیچیان نەبوونە دەوڵەتی دیموکراسی و هاووڵاتی، تا لانیکەم ئەگەر وەك ئەندامی نەتەوەش هەست بە نادادپەروەری و بێبەشی و نایەکسانی بکەین، وەك هاووڵاتی ئەندامی گەلێکی سیاسی هەست بە لانیکەمی ڕێز و بەرابەری و کەرامەت و ئازادی بکەین، ئەمەش خاڵێکە لە مەسەلەی هەوڵدان بۆ سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەتدا دەبێت بە ئاقاری ناوخۆ و ناوەوەی ئەو دەوڵەتەدا لەبەر چاوی بگرین. واتە دەوڵەتمان تەنها بۆ ئەوە ناوێت، ستەمە نەتەوەییەکەمان لەسەر لابچێ و، هەست بە کەرامەتی نەتەوەیی خوداپێدراوی خۆمان

**دەکرێت سەرەتا ڕاپرسی بۆ ناوچە کوردستانییە دابڕێنراوەکانی دەرەوەی هەرێم بکرێت، لە قۆناغی دووەمدا ڕاپرسی گشتی بۆ سەربەخۆیی بکرێت. بۆ ئەوەی بەشێ لە دەرهاویشتە و کاردانەوە و نێگەتیڤەکان لە پێوەندی بەو مەسەلەوە چارەسەر بکرێت و، دەوڵەتەکە بە سروشتیتر لە دایک ببێت، گرنگیشە کورد خۆی ماددەی ( ١٤٠ ) لەم ڕووەوە جێبەجێ بکات**

بکەین، بەڵکو بۆ ئەوەی ببێتە چوارچێوەیەکی سیاسی و مەدەنـــی و دەســـتووری و دامەزراویش بۆ خەملێنی چەمکی هاووڵاتی و دیموکراسی و ڕەخساندنی هەل و مەرجی وەك مرۆڤ ژیانی تاك و کۆمەڵگە.

ئێمـــە لـــە ســـاتەوەختی دابەشـــکردنی ناوچەکە و دارشـــتنی نەخشـــە نوێکەی دەبوا ببووینایەتە خاوەنی قەوارەی خۆمان. لەسەر ئاســـتی کوردستانی مەزن و پارچەکانی کوردســـتاندا، بە حوکمی ئەوەی پرەنسیپی نەتەوەخوازی وادەخوازێت، سنوورەکانی نەتەوە تا سنوورە کەلتوورییەکانی درێژ ببێتەوە، بەڵام مەخابن پیلان و بێ ئەخلاقی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئەو کات و لاوازی و ئامادەنەبوونی پێویستی خۆمان لەبەر زیاد لە هۆکارێك، ئێمەیان لەو بەرکەوتە سروشـــتی و مافە ڕەوایە بێبەش کرد.

چیرۆکی بێبەشـــکردنی ئێمـــە، چیرۆکی بێ ئیرادە کردنمان و پرس پێ نەکردن و گوێنەدان بوو بە خواســـت و ویســـت و داواکاری ئێمە وەك نەتـــەوە، چونکە ئیتر لەو ســـاتەوەختە بە دواوە، دەبێتە ســـاتەوەختی دووبارە دابەشـــکردنەوەی ناوچەکە و ڕێکخستنەوەی، هەر لەو ساتەوەختەوە ئێمە بووینە بەشێك لە زیاد لە قەوارەیەکی نوێـــی ناوچەکە، کە نەك هەر دەســـەڵاتە ســـتەمکارە فەرمانڕەوا مۆدێرنەکانی ئەو وڵاتانە و ناســـیۆنالیزمە سەردەستەکانیان نکوڵییان لە ئێمە کرد وەك نەتەوە، بەڵکو کۆمەڵگە و یاسای گشـــتی نێودەوڵەتی و دامودەزگا نێونەتەوەییەکانیش هەمان شتیان کرد و ئەو مافەیان لە ئێمە ســـەندەوە، بەوەش تەنها بەوە وازیان نەهێنا بەشدار بن لە تاوانی بێبەشـــکردنمان لە قەوارەی ســـەربەخۆی خۆمان وەك نەتەوەیەکی گەورەی خۆرهەڵات، بەڵکو لە نکۆڵیکردنمان وەك نەتەوە لە قۆناغی دوای دامەزراندنی قەوارەکانیشدا درێژەیان بەم تاوان و هەڵوێستە نائەخلاقی و نائینسانییانەی خۆیان دا!

لـــە ســـۆنگەی یاســـای گشـــتی نێودەوڵەتـــی و دامەزراوەکانییەوە، دوای دامەزرانی قەوارەکانی تورکیا و ئێران و عێراق و ســـووریای نوێ، ئیدی ئەوەی ئەوان ناســـییان و دانیان پێدا نا، ئەم قەوارانە و گەلی تورکیا و ئێران و عێراق و ســـووریا بـــوو، کورد وەك هاووڵاتی ئەم قەوارانە ناســـراوە، بەوەش ئێمە وەك نەتەوەی خاوەن خاکێکی نەتەوەیـــی مێژوویی، چووینە دەرەوەی بواری بیرلێکردنەوەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و جیهانێکی کەڕ و لاڵ لـــە بەرامبەر هەق و مافەکاندا، بەوەش ئیتر ئێمە خاوەنی مەسەلە و کێشە و ماف لەسەر ئاستی نەتەوەدا نەماین. ڕاپەڕین و شۆڕشـــە یەك لە دوای یەکەکانی کورد و خەبات و ڕەنجی بێ نیشانەوە و خوێناویی گەلی کوردســـتان و نەتەوەی کوردیش، بۆ ناوتن بوو بەرامبەر ئەو واقیعە سەپاوە ستەمکارە. جەختکردنەوە بوو لەسەر نەتەوە بوونی ئێمـــە و خاوەندارێتیمان بۆ خاکەکەمان و مافمـــان لەوەی وەك نەتـــەوە و خودێکی خاوەن ماف و یەکســـان لەگەڵ نەتەوەکانی تـــردا مامەڵەمان لەگەڵ بکرێت. ئـــەوەی ئێســـتاش دەگوزەرێ گەیشـــتنە بە وێستگەیەکی گرنگ و نوێی بەدەستهێنانەوەی خود و هەستکردن بە ماف و ئازادیمانە. جەختکردنەوەیە لەسەر ئەوەی ئێمە دەبێت لە پێوەندی بە چارەنووسی خۆمان و ئەو چوارچێوە سیاسی و سیستم و شێوە ژیان و دراوەی دەمانەوێت، پرسمان پێ بکرێت و چیدی ڕازی نابین بە چارەسەری سەپاو و چوارچێوەی دیاریکراو و قەوارەی دەستکرد، چونکە کاتێ ئێمەیان بێبەش کرد و دەرگای دۆزەخیان بە ڕوودا کردینەوە، لە ســـۆنگەی زەوتکردنی ئیرادە و مافی چارەنووسمان بوو. ئیدی دەبێت ئیرادەی ئازادی خۆمان ڕێ و جێی سیاســـیی خۆمان دیاری بکات.

هەڵبەت هـــەر وەك دەزانین پێوەندی بە ســـیناریۆی ئابڕووبەری لکاندی کوردســـتانی باشوور بە قەوارەی دەســـتکردی عێـــراق و عێراقـــی عەرەبییـــەوە، بـــۆ شانۆگەرییەکی ڕاپرســـی بۆ ڕەوایەتیپێدانی ساختە بە بڕیاری سیاســـی پێشـــوەختی ئەو لکاندنە ڕێکخراوە، لافی ئەوە لێدرا کە ڕاپرسییەکە بە قازانجی لکاندنەکە بوو. هەرچەندە ڕاپرســـییەکە هەڵبـــژاردن بوو، لە نێوان دوو فۆڕمـــی بێبەش و خراپدا، واتە بوو بە بەشـــێك لە قەوارەی عێراق، یاخود تورکیا، کە هەردووکیان ڕەمزی بێبەشیی گەلی کوردســـتان بوون لە مافەکانی خۆیان و لەوانەش مافی چارەنووس. سەرپشـــك بوون بوو، لە نێوان زیندان و زیندان، ژیانی زۆرەملێ لەگەڵ ناسنامە سیاسییە هاوبەشـــە مێژووییەکاندا. ڕاپرسی نەبوو، بۆ دیاریکردنـــی مافی چارەنووس، یاخود ســـنوورەکانی دەوڵەتی کوردســـتان، بەڵکو ڕاپرســـی بوو بۆ بێبەشی، بۆ ڕووپۆشی ساختەی سیاسی و یاساییدان بە پیلانی بەریتانیـــا و هاوپەیمانەکانـــی و تەواوکردنـــی دووبارە دابەشکردنەوە و نەخشەکێشانەوەی سنوورە سیاسییەکانی ناوچەکە لە بەرژەوەندی خۆیان. لە مێژووی کوردا ئەم ڕاپرسییە ســـاختەیە بە یەکێ لە ڕاپرسییە دەگمەنەکان دادەندرێت. ئەویش بەپێچەوانەی ڕۆح و پەیامی ڕاپرسیی ڕاســـتەقینە. چونکە ڕاپرسی میکانیزمە بۆ دەربڕینی ئازادی خەڵك لە ویســـت و ئاراستە و داواکارییەکانیان. ڕێکارە بۆ زانینی قسەی دڵ و حەزی ناخی بەشدارانی ڕاپرســـی وەك تاك و گرووپ. بە دیار نەمانی تۆخمی ئـــازادی و نەبوونی هیچ دەرفەتێکی ڕاســـتەقینە بۆ

**گەڕانەوە بۆ ڕاپرسی بەو مانایەیە کە ئێمە خەڵکانێکی خاوەن مافین و متمانەمان بە خۆمان و داواکاری و خواستەکانمان هەیە. هەروەها ئاماژەیە بەوەی کە ئەوەی باس دەکرێت لە سەربەخۆیی و مافی چارەنووس و دەوڵەت، تەنها لێدوان و داواکاری و قسەی سیاسییەکان و دەستەبژێرە سیاسی و حیزبیەکە نییە، بەڵکو داخوازییەکی جەماوەری و نیمچەڕەها و تێکڕای هاووڵاتیان، یان لانیکەم زۆرینەی هەرە زۆری نەتەوەیە**

**پرەنسیپی نەتەوەخوازی وادەخوازێت، سنوورەکانی نەتەوە تا سنوورە کەلتوورییەکانی درێژ ببێتەوە، بەڵام مەخابن پیلان و بێ ئەخلاقی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئەو کات و لاوازی و ئامادەنەبوونی پێویستی خۆمان لەبەر زیاد لە هۆکارێک، ئێمەیان لەو بەرکەوتە سروشتی و مافە ڕەوایە بێبەش کرد**

**ئەو وڵاتانەی بە زۆر بە گوێرەی نەخشەیەکی نێودەوڵەتی ئێمەیان بەسەردا دابەشکرا، هیچیان نەبوونە دەوڵەتی دیموکراسی و هاووڵاتی، تا لانیکەم ئەگەر وەک ئەندامی نەتەوەش هەست بە نادادپەروەری و بێبەشی و نایەکسانی بکەین، وەک هاووڵاتی ئەندامی گەلێکی سیاسی هەست بە لانیکەمی ڕێز و بەرابەری و کەرامەت و ئازادی بکەین**

**دەبوو هەر لە ساتەوەختی دوای جەنگی یەکەمی جیهانی و شکستی عوسمانی و هاوپەیمانییەکان و دابەشکردنی ناوچەکە بۆ چەندین قەوارەی نوێ و دامەزراندنی چەندین دەوڵەت لە سەر دار و پەردووی تێکرماوی عوسمانی، ئێمەش ببووینایەتە خاوەن قەوارەی سەربەخۆی نەتەوەیی خۆمان**

گوزارشتدانەوەیەکی ئارەزووومەندانە لە ویست و ناخ و چاوەڕوانییەکان. ڕاپرسی لە ناوەڕۆکی خۆی بەتاڵ دەکرێتەوە و پەیامەکەی پشتی ون دەبێت. هەروەك چۆن هەڵبژاردن گەر گوزارشتدانەوە لە فرەییەکی ڕاستەقینە نەبێت و نەبێتە هۆکاری ئاڵوگۆڕی دەسەڵات، تەنها بە ڕواڵەت و تەکنیکی ڕووتەوە پێی دەوترێت هەڵبژاردن. دەنا وەزیفەی پێچەوانەی وەزیفە سروشتییەکانی خۆی دەگێڕێت.

## ● ڕاپرسی ڕێکارێکی ئاشتیخوازانە بۆ بەدیهێنانی سەربەخۆیی و جاڕدانی دەوڵەت

ڕاپرسی هۆکارێکی دیموکراسی نوێیە بۆ زانین و ناسینی خواست و داواکاری گرووپ و نەتەوە و کۆمەڵگەیەك. بە توندی بە چەمکی دیموکراسی و هاووڵاتی و سەروەری گەل و چەندانی تری هاوشێوەی فکری نوێوە بەستراوەتەوە.

ڕاپرسی یەکسانە بە مەرجەعکردنی هاووڵاتیان و نەتەوە خۆیان. لێسەندنەوەی مافی قسەکردن بە ناوی ئەوانە و گەڕانەوەیە بۆ شتێ کەرۆسۆناوی ناوە بە ئیرادەی گشتی لە ڕێی ناسینی ئیرادە و خواستی هاووڵاتی و تاکەکانەوە. گرێدراوی بە دیموکراسییەوە، ڕوونە ڕێکارێکی ناتوندوتیژی و شارستانییە بۆ یەکلاکردنەوەی پرسەکان و گەیشتن بە سازان و ماف گەڕانەوە بۆ ڕای خەڵك، هاووڵاتیان کە خۆیان خاوەنی ڕاستەقینەی دەسەڵاتێکن، مافی ئەوەیان هەیە لە دەرەوەی خواست و ویستی خۆیان ئەوە بڕیار و چارەسەر و فۆرمێکی بەیەکەوەژیان و حوکمڕانییان بەسەردا نەچەسپێندرێن.

پەیوەست و ئیشی بە چەمکی هاووڵاتییەوە ڕوونە، چونکە هاووڵاتی کەسێکە پرسیار لە جۆری حوکمڕانی دەکات و، خۆی بە خاوەنی کەرامەت و ماف و ئازادی و خاوەنی دەسەڵات دەزانێت و، ئازادی پێکهێنەرانی بنەڕەتی چەمکەکەیە. ئەمە جگە لە بەشداریی سیاسی.

بە کورتی ڕاپرسی ئاماژەیە بەوەی هاووڵاتیان و ڕۆڵەکانی نەتەوە دەرك بە خودی خاوەن مافی خۆیان و ئازادی خواپێدراویان دەکەن و دەبێت بۆ پرسە گرنگەکان ڕاستەوخۆ پرسیان پێ بکرێت. ئەم هەست و پەی بردنەش بە ئیرادەی ئازاد و واف و ئازادیی تاك و گرووپ، پێشمەرجێکی گرنگی پەرەپێدانە بە خەباتێکی سیاسی بەربڵاو لە پێناو ڕزگاری و سەربەخۆیی و لە دوای ئەویشدا ئازادی. کەواتە وروژاندنی مەسەلەی ڕاپرسی لە پێوەندی بە مافی چارەنووس و سەربەخۆییەوە ئاماژەیە بە:

١. هۆشیاری ڕۆڵەکانی نەتەوە و گرووپ بە خودی نەتەوەیی و ئینسانی خۆیان و خاوەندارێتییان بۆ ئیرادەی ئازاد و مافی چارەنووسیان.

٢. ڕەتکردنەوەی هەموو فۆرمێکی زۆرەملێیانەی بەیەکەوەیان و دراوسێیەتی سیاسی.

٣. ڕاستەوخۆ لە ڕۆڵەکانی نەتەوە پرسین بۆ دیاریکردنی حوکمڕانی و ماف چارەنووسی خۆیان.

هەر لێرەشدا گرنگە ئاماژە بەوە بکەین کە ئاماژەکردن بە ڕاپرسی گەر لە ڕوویەکەوە گوزارشتدانەوەیەکی گەشەکردووی سیاسی هاوچەرخانە بێت، لە ڕوویەکی ترەوە گوزارشتدانە لە زنجیرەیەك شۆڕش و ڕاپەڕین و خەباتی دوور و درێژی نەتەوە و ناسیۆنالیزمەکەی لە سایەی نکۆڵی و سەرکوتی نەتەوەیی و ستەمکاری دەسەڵاتی سیاسیی نەتەوەی باڵادەستدا، ئەوا لە ڕوویەکی تریشەوە نیشاندانی نیازپاکی و ئەخلاقێکی شارستانییە بۆ دیاریکردنی مافی چارەنووسی نەتەوەی کورد و گەلی کوردستان. بە حوکمی ئەوەی کە ڕاپرسی تاکە شێوازی گەیشتنی بە ئامانجی سەربەخۆیی نییە و چەندەها دەوڵەت لەسەر بناغەی شەڕ و خوێنڕێژی و کارەسات و وێرانی دروستبوون، یاخود لە ڕێی هێزێکی ترەوە سنوور و قەوارەی سیستەمە سیاسییەکەی بە زۆرەملێ سەپێندراوە. کە یەکێ لەو قەوارانەی بەو جۆرە و لەسەر دەستی کۆلۆنیالیزمی خۆرئاوا لە چوارچێوەی پەیماننامەی شوومی سایکس پیکۆ دامەزراوە، عێراقە.

هەڵبەت بۆ مەسەلەی پێوەندی نێوان شەڕ و خوێنڕێژی و دامەزراندنی دەوڵەت، نابێت هەر سەیری ساتەوەختی دامەزراندنی بکەین، بەڵکو دەبێت سەرنجی دوای ئەوە و قۆناغی چەسپاندنی پایەکانی لە ناوەوەش بدەین. بۆ نموونە ئەو لافاوە لە خوێنی کورد کە لە چوارچێوەی ئەو وڵاتانەی خاك و گەلی کوردستانیان بەسەردا دابەش کرا و لە میانەی سەرکوتی کورد و شۆڕشەکانی و ناسیۆنالیزمەکەی ڕژاوە، دەچێتە ئەو خانە و بەشێکە لە خوێنی بەناحەق ڕژاو و پیادەکردنی توندوتیژی بۆ درێژەدان بە تەمەن و بەردەوامی ئەو قەوارانە. بەڵام گەلی کوردستان و لەوانەش گەلی کوردستانی باشوور کە لە ئێستادا لە سۆنگەی گەشەکردنی ناسیۆنالیزمەکەی و ئاڵ و گۆڕە گەورەکانی ( ٢٥ ) ساڵی ڕابردوو، پاڵێوراوە بۆ ئەوەی یەکەمین کۆماری کوردستانی سەربەخۆ لە ئامێز بگرێت، سەرەڕای هەموو ئەو ڕابردووە پڕ لە خوێن و سەرکوتە، لە سۆنگەی پەی بردن بە بەرژەوەندییەکانی خۆی و گەلانی ناوچەکە و ڕێزگرتن لە بەهاکانی جیهانی نوێ و نیشاندانی نیازپاکی بۆ هەموولا، دەخوازێت لە ڕێی میکانیزم و ڕێکارێکی سروشتی وەکو



ڕاپرسییەوە، مافی چارەنووسی خۆی دیاری بکات. کە پێشتر و لە هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی عێراق و لە میانەی ڕاپرسییە نافەرمییەکەی بزووتنەوەی ڕاپرسی لە کوردستان ئاڕاستەی داواکاری و بیرکردنەوەی خۆی نیشانداوە و زەمینەشی بۆ ئەم قۆناغە سازتر کردووە.

گەڕانەوە بۆ ڕاپرسی بەو مانایەیە کە ئێمە خەڵکانێکی خاوەن مافین و متمانەمان بە خۆمان و داواکاری و خواستەکانمان هەیە. هەروەها ئاماژەیە بەوەی کە ئەوەی باس دەکرێت لە سەربەخۆیی و مافی چارەنووس و دەوڵەت، تەنها لێدوان و داواکاری و قسەی سیاسییەکان و دەستەبژێرە سیاسی و حیزبییەکە نییە، بەڵکو داخوازییەکی جەماوەری و نیمچەڕەها و تێکڕای هاووڵاتیان، یان لانیکەم زۆرینەی هەرە زۆری نەتەوەیە.

سەرکردە سیاسی و دامودەزگا فەرمییەکان لە پێگەی نوێنەرایەتیکردنی ئیرادەی گشتی گوزارشت لە خواست و داوایەکی جەماوەری و میللی و بەربڵاو دەکەن. بە جۆرێك کە ئەگەر کەمتەرخەمی لەم نوێنەرایەتیکردن و وەڵام بەم خواستە ڕەوا و ڕەسەنەدا بکەن، ئۆباڵی خیانەتکردن لە ئەرك و پەیامیان دەکەوێتە ئەستۆ. لە ڕوویەکی ترەوە پەنا بۆ ڕاپرسی بردن لە مەسەلەی دیاریکردنی چارەنووس و سەربەخۆییدا، تێپەڕاندنی بیرۆکەی نوێنەرایەتیکردنی یاساییە بە ئاقاری ناوخۆدا. یاخود با بڵێین مافی هیچ تەوژم و هێزێك نامێنێ بە ناوی نەتەوەوە هاووڵاتیان و گەلی کوردستان لەم مافە بێبەش بکات.

### ● ڕاپرسی لەسەر چی؟

ڕوونە ڕاپرسی لەسەر ئەوەی گەلی کوردستان دەیەوێت وەك بەشێك لە عێراق بمێنێتەوە، یاخود سەربەخۆ بێت و قەوارەی سەربەخۆی خۆی دابمەزرێنێت؟ ئەمیش هەمان ئەو بژاردەیە کە بزووتنەوەی ڕاپرسی لە ساڵی (٢٠٠٥)دا خستیە بەردەم دەنگدەران و ٩٨٫٨٪ی پرسپێکراوانی کوردستان دەنگیان بۆ سەربەخۆیی دا. لە هەندێ حاڵی تایبەتیشدا دەکرێت کۆنفیدراڵی بکرێت بە بژاردەی سیستم، واتە سەرپشکردنی هاووڵاتیان بێت لە نێوان :

١. مانەوە لەگەڵ عێراق.
٢. گۆڕینی عێراق لە فیدراڵییەتەوە بە کۆنفیدراڵی.
٣. سەربەخۆیی، بێ کۆنفیدراڵی.

● ڕەوایەتی ڕاپرسی

ڕاپرسی سەرچاوەی ڕەوایەتی جۆراوجۆری هەیە و دەکرێت سەرچاوەی نوێشی بۆ پەیدا بکرێت، لە سەرچاوەکانی ڕەوایەتی ڕاپرسیش ئەمانەی خوارەوەن:

أ: ویستی خودا کە لە چەندین شتدا ڕەنگدەداتەوە لەوانەش:

١. خولقاندنی مرۆڤ وەك بەدیهێنراوێکی خاوەن ئیرادە و ئازاد و ماف پێدانی کە تەنانەت بەرامبەر خودا خۆیشی چارەنووسی خۆی دیاری بکات و ئیمان یاخود (کوفر) هەڵبژێرێت (فمن شاء فالیؤمن و من شاء فالیکفر).

ئەوەی بۆ مرۆڤێکیش مافە، بۆ گرووپێکی مرۆڤایەتی و کۆمەڵە مرۆڤێکیش بە هەمان شێوە مافێکی ڕەسەنە.

ب: خولقاندنی گەردوون و جیهان و ژیان بە شێوەیەکی هەمەڕەنگ و شەپۆڵ خواردوو بەفرەیی و جیاوازی و هەمەچەشنی کە ئەوەش لە جەوهەردا ڕەتکردنەوەی بیرۆکەی سەپاندن و بە زۆرکردن بە یەکە.

ج: ڕەوایەتی سەندنەوە لە هەر گرێبەست و واقیعێك لەسەر زۆرلێکردن و نادیدەگرتنی ئیدارەی ئازادی مرۆڤ و گرووپەکان دامەزرابێت. دروشمی خودا لەم بارەوە (لا اکراه فی الدین)ـە، واتە ڕەتکردنەوەی زۆرلێکردن لە ئاییندا کە دیوی دووەمی ئایەتەکەش هەر ڕاستە کە باس لەوە دەکات ئایین لە زۆرلێکردندا بوونی نییە، مەسەلەی (اکراه)یش تیۆرییەکی بەرفراوانی (فقه)ی بە دەوردا دەسووڕێتەوە کە بە درێژی لە زنجیرەی یەکەمی ناسیۆنالیزم و ناسیۆتالیژم کوردیدا باسم کردووە.

٢. هەموو ئەو بەڵگەنامە و پەیماننامە نێودەوڵەتییانەی بە شێوازی جیاواز دان بە مافی چارەنووسی گەلاندا دەنێن، لەوانەش سەبارەت بە کورد پەیماننامەی سیڤەر، چونکە بە پەیماننامەیەکی نێودەوڵەتی لە قەڵەم دەدرێت.

٣. دووچاربوونی کورد بە جینۆساید لە چوارچێوەی قەوارەی عێراقدا، کە بۆ وڵاتێکی وەکو کۆسۆڤۆ بوو بە بناغە و پاساوێکی گرنگی سەربەخۆ بوون و پشتیوانی لێکردنی لە لایەن بەشێ لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە.

٤. خودی دەستووری عێراق کە سروشتی پێوەندی نێوان هەرێم و بەشەکەی تری عێراق بە ئارەزوومەندانە ناوزەد دەکات، مانەوەی گەلی کوردستانیش دەبەستنەوە بە پابەندیی حوکمڕانانی بە بنەماکانی دیموکراسی و فیدراڵی و دەستوورەوە.

٥. دەستووری داهاتووی کوردستان کە دەبێت لەو ڕووەوە هەڵوێستی ڕۆشن بێت و یەکێ لەو شتانەش لەو ڕووەوە پێبگات گێڕانەوەی مافی دیاریکردنی پابەندبوون و نەبوونی بەغدا بە بنەماکانی دیموکراسی و فیدراڵی و دەستوورە بۆ گەلی کوردستان.

ئەمە تەنها چەند سەرچاوەیەکی ڕەوایەتی ڕاپرسی بوون.

● ڕاپرسی گشتی و ئەندەکی (جزئی)

دەکرێت سەرەتا ڕاپرسی بۆ ناوچە کوردستانییە دابڕێنراوەکانی دەرەوەی هەرێم بکرێت، لە قۆناغی دووەمدا ڕاپرسی گشتی بۆ سەربەخۆیی بکرێت. بۆ ئەوەی بەشێ لە دەرهاویشتە و کاردانەوە و نێگەتیڤەکان لە پێوەندی بەو مەسەلەوە چارەسەر بکرێت و، دەوڵەتەکە بە سروشتیتر لە دایك ببێت، گرنگیشە کورد خۆی ماددەی (١٤٠) لەم ڕووەوە جێبەجێ بکات.

دەشکرێت ڕاپرسی لە تێکرای کوردستانی باشووردا بۆ سەربەخۆیی بکرێت، بۆ ئەو مەبەستەش دەبێت پێشتر هەوڵی کۆنترۆڵکردنی هەموو ئەو ناوچانە، یاخود زۆربەی هەرە زۆریان بکرێت، کە ڕاپرسییەکە دەیانگرێتەوە.

دوای ئەوەی ئێمە لە ڕێی ڕاپرسییەوە هەوڵی دروستکردنی پێوەندییەکی نوێ لەگەڵ بەشەکەی تری عێراقدا دەدەین، ئەگەر ڕەزامەندبوون، زۆر گرنگە و دەبێت مێشکمان بگوشین ڕەزامەند بن و پرسەکە بە ئاشتی یەکلایی بکرێتەوە و، بیرکردنەوەی شێتانە سەریان پێ هەڵنەگرێت. خۆ ئەگەر نا، بەرگری لەخۆکردن مافی خۆمانە.

● ڕاپرسی هی گەورانە و نابێ پاشەکشەی لێ بکرێت

بە بڕوای من کاتێ ئەوە هاتووە لە ڕێی ڕاپرسییەوە ڕووپۆشی یاسایی بۆ دیفاکتۆ نوێکان دروست بکرێن و دەرفەت بقۆزینەوە بۆ ئەوەی گەل بڕیارە مەزنەکەی خۆی بدات، بەوەش کۆتایی بە بیری توندڕەوی و ڕەگەزپەرستی بێت و، قۆناغی سەرکەوتن و بێبەشکردن و لە قاڵبدانی خەونی کوردان و کوردستانییان بۆ هەتا هەتایە تێپەڕ بێت، گەلی ئێمەش بە شکۆوە لەسەر عەرشی سەربەخۆیی خۆیدا سوپاسی خوا و ڕەنج و خوێن و ئازاری شەهیدەکان و نەوەکانی پێشووتر بکات، ئەوانەی ئاڵای بەرگرییان دانەنا، تا دایانە دەست ئەم نەوەیە، ئەمیش گەیاندی بە کەشکەشانی بڵندی و شکۆمەندی و شەکاوەیی.

ڕاپرسی بۆ ئێمە هاتنە دەنگی ناخ و ویژدانی نەتەوەیە بۆ چوونە ناو مێژوو، بوونە بە بەشێکی شایستە و دیار و ڕێزلێگیراوی واقیعی سیاسی و ئابووری سەربازی و ئاسایشی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستە

# ڕێگەی سەربەخۆبوون بۆ کورد کرایەوە



کاکەمین نەجاڕ

کورد وەك نەتەوەیەك سالانێکە خەون و خۆزگەی ڕۆڵەکانی ئەوە بووە کە ڕۆژێك لە ڕۆژان ببێتە خاوەن وڵاتێکی سەربەخۆ، ئازادی و سەربەخۆییش مافێکی ڕەوای هەر نەتەوەیەکە کە بۆ دەستەبەرکردنی ژیانێکی ئاسوودە و بونیادنانی وڵاتەکەی خەباتی ڕەوای بۆ بکات.

ئەگەر جاران ئەوەیان تەنیا خەونێك بووبێت، بەڵام ئێستا لەوە دەچێت، ئاماژەکان ئەوە بگەیەنن کە کورد لە هەموو کاتێك زیاتر لە بەدیهێنانی ئەو خەونە ڕەوایە نزیك بووەتەوە، ئەمەش لە ئەنجامی خەبات و قوربانیدانی نەتەوەکەمانە و هەلومەرجی ئێستای نێودەوڵەتی و ناوچەکەش گرێ کوێرەکانی سەربەخۆبوونی کوردی بە تەواوی کردووەتەوە.

کورد ئێستا لە بەردەم گۆڕانێکی زۆر گەورەدایە کە ئەرکی هەموو لایەنە سیاسییەکانی کوردستان قورستر دەکات، لە سەرووی ئەو ئەرکە قورسانەش خۆئامادەکردن بۆ قۆناغی داهاتوو کە هاوتەریبە لەگەڵ داخوازی سەربەخۆیی. لێرەدا دەبێت بە حکومەت و پەرلەمان و هەموو لایەنە سیاسییەکانەوە هەوڵی ئەوە بدەن کە ئەرزییەتێك دروست بکەن بۆ بەدیهێنانی ئەو ئاواتە لەمێژینەیە، لەو هەنگاوە هەرە گرنگانەش مەسەلەی سەرۆکایەتی هەرێم و دووبارەکردنەوەی ئەو پرسە بە بەرنامەیەکی تۆکمەیە و هاوکات یەکلاکردنەوەی پرسی دەستوورە، ئەوانە هەمووی بە لایەك، خەمخۆری بۆ ڕیفراندۆم بە لایەکی تر، کە دەبێتە بناخەیەکی گرنگ بۆ پرۆسەی ڕاپرسی لە کوردستان و دانانی نەخشەڕێگەی داهاتوو بۆ جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ و یەکگرتنی گوتاری کوردی، کە قورسایی کورد لە ئاستی نێودەوڵەتی زۆر سەنگینتر دەکات.

سەرۆك بارزانی لەم ماوەیەدا هەوڵەکانی زۆر چڕتر کردووەتەوە بۆ قووڵکردنەوەی پێوەندی لەگەڵ وڵاتان و ئەو هەوڵە دیپلۆماسییانەش بووە بە مایەی سڕینەوەی نائومێدی بۆ تاکی کورد. دیارە شەڕی تیرۆر و تیرۆریستان و بانگەشەی ڕاستگۆیانەی کورد بۆ بنبڕکردنی تیرۆر لە جیهان، بووە مایەی ئەوەی کە هەموو وڵاتان لە دەوری کورد کۆببنەوە، بە کردەوەش بۆ بنبڕکردنی تیرۆر هاوکاری هێزی پێشمەرگە بکەن. بۆیە زۆر زیاتر لە جاران و وڵاتە دەسەڵاتدارەکان بە ئاشکرا و بێ پەردە و ڕاشکاوانەتر پشتیوانی لە مەسەلەی سەربەخۆبوونی کورد دەکەن. چونکە دەرکەوت کە کورد سەرقافڵەیە بۆ ریشەکێشکردنی تیرۆریستانی داعش، کە بووەتە زەنگێکی خەتەرناك لە هەموو دنیا، کوردیش ئەو شەرەفەی پێبڕاوە ئەمڕۆ سەرکردایەتی ئەو هەنگاوە بکات کە لە جیاتی دنیا وەهمی داعش لە جیهاندا پووچەڵ بکاتەوە.

ناکرێت نکۆڵی لەو ڕاستییە بکرێت، کە ئەمڕۆ کوردستان بووە بە سەنتەرێکی زۆر بەرچاو بۆ لەباوەشگرتنی هەزاران ئاوارە، بەبێ جیاوازی بیر و باوەڕ و ئایین، ئەمەش بووە بە مایەی ئەوەی کە هەموو دنیا بەڕێزتر لە کوردستان بڕوانن. هەروەها لە ئێستادا کوردستان مینبەرێکی زۆر بەرچاوە بۆ پیادەکردنی دیموکراسییەت، ئەمەش هەلێکی گونجاوی دەستەبەرکردووە بۆ ئازادی و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ. بۆیە ئەرکی سەرەکیی هەموو لایەنە سیاسییەکانە پشتیوانی لە سەرۆك بارزانی و پەیامی سەربەخۆبوون بکەن.



پرۆفیسۆر جۆشوا لاندیز تایبەتمەند و پسپۆڕ لە سیاسەتی عێراق و سووریا بۆ گوڵان:

# ئەمریکا بڕوای بە یەکپارچەیی عێراق نەماوە و دەزانێت چیتر ئەو یەکپارچەییەی پێ ناپارێزرێت

**شکستی سوپای عێراق لە رومادی بووە گورزێکی گورجگبڕ بۆ حکومەتەکەی عەبادی و دەریخست ئەم سوپایە جارێکی دیکە نایێتەوە بەو سوپا نیشتمانییەی کە پێکهاتە جیاوازەکانی عێراق بە سوپای خۆیانی بزانن، لەلایەکی دیکەوە شکستی سوپای ئەسەد لە تەدمور ئەویش پیشانیدا سوپاکەی ئەسەدیش تا ئەوپەڕی لاواز بووە و بەرگری پێناکرێت، لەبەرامبەردا ئەوەشی دەرخست کە عەرەبی سوننە ئامادە نییە وەك پێویست و لەم بارودۆخەدا شەڕی داعش بکات. بۆ قسەکردن لەسەر رەوشی شەڕی تیرۆریستان ئەم وتووێژەمان لەگەڵ پرۆفیسۆر جۆشوا لاندیز ئوستادی زانستی سیاسەت لە زانکۆی ئۆکلاهۆما و شرۆڤەوانی نێودەوڵەتی لەسەر پرسی سیاسەتی سووریا و عێراق ئەنجامدا و بەمجۆرە بۆچوونەکانی خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو.**

*** دەبینین دوای تێپەڕبوونی ساڵێك بەسەر راگەیاندنی دەوڵەتەکەی داعش، کەچی تیرۆریستان خاکی زیاتر داگیردەکەن و چەکی باشتر و توانا و ئابوورییەکی باشتریان هەیە، بەڵام داعش نە دەروازەی هەیە بۆ سەر دەریا و نە فڕۆکەخانەی هەیە، نهێنی فراوانبوونی داعش لە چیدایە؟**

- یەکەمیان لەبەر ئەوەی بەدیلێك بۆ داعش لە ئارادا نییە، دووەمیان لەبەر ئەوەی سوپای ئەسەد و سوپای عێراق لاوازن.

*** ئایا هاوڕایت لەگەڵ ئەوەدا کە داعش ئێستا بەهێزترن بە بەراورد بە سەرەتای دەرکەوتنیان؟**

- پێموایە لەهەندێ شوێن بەهێزترن و لە هەندێ شوێنی دیکە بەوشێوەیە نین. ڕاستە ئەمریکا زۆرێك لە چەکەکانی لەناو بردوون و هەندێ لە سەرکردەکانی کوشتوون، بەڵام داعش زۆر بەتوانایە لەچارەسەرکردنی ئەو کێشانە و هێرش و پەلامار دەبات. بەڵام ئەوە ئاشکرایە کە ڕژێمەکەی ئەسەد زۆر لاوازترە بە بەراورد بە ساڵێك پێش ئێستا و ئەمەش هاوکار بوو بۆ ئەوەی داعش دەست بە سەر شاری تەدمور و چەند شارۆچکەیەکی دیکەدا بگرێت.

*** ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ناوچەیەکی پڕ لە توندوتیژییە و باس لەوە دەکرێت بەرەو شەڕێکی خوێناوی سەردەکێشێت لە نێوان شیعە و سوننەدا. پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەم توندوتیژیەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەرەو چ ئاقارێك دەڕوات؟**

-ئەوە پرسیارێکی باشە، دیارە کە حکومەتەکەی ئەسەد لە ژێرفشارێکی زۆردایە، بەڵام ڕوون نییە کە موعارەزە تا چەند خاکی دیکە لە دەستی ئەسەد دەردەهێنن، بەڵام ئەگەر عەرەبی سوننە سەرکەوتوو بن، ئەوا زۆر زەحمەت دەبێت بۆ ئێران کە بەریان پێبگرێت.

*** سیستمی دەوڵەت لە ناوچەکەدا شکستی هێناوە، واتە دەوڵەتان ناتوانن پارێزگاری لە سەروەری خۆیان بکەن و دەسەڵات لە دەستی خۆیاندا قۆرخبکەن، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کار لەسەر ئەوە دەکات دووبارە ئەم سیستمە ڕێکبخاتەوە، یاخود سنوورەکان دابڕێژێتەوە بۆئەوەی سەقامگیری بگەڕێنێتەوە بۆ ناوچەکە؟**

- گۆڕینی سنوورەکان ئاسان نییە و پێناچێت ئەوان سنوورەکان بگۆڕن، عێراقییەکان نایانەوێت سنوورەکانیان بگۆڕن، بەلایکەمەوە ئەوەی پێوەندی بە عەرەبە سوننەکانەوە هەبێت،من نازانم چی دەکەن لە ئاست کوردەکان، ئەوەی ئاشکرایە کورد ئاست و ئەندازەیەکی باشی سەربەخۆییان هەیە. بەڵام ئەوەش پرسیارە کە ئایا سوننەکان دەتوانن دەوڵەتی خۆیان دروستبکەن، کە پێناچێت لەو بوارەدا زۆر سەرکەوتووبن.

***دەبینین سعودیە و ئێران و تورکیا پرۆژەی خۆیان هەیە ودەیانەوێت کاریگەر بن لە سەر ڕەوتی ڕووداوەکان، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن ڕۆژئاوا هاوسەنگی لەنێوان ئەم پرۆژانەدا دەکات؟**

- ئەوە پرسیارێکی باشە. من پێموانییە ڕۆژئاوا ئەوکارە بکات. مایەی نائومێدیەکی زۆر بوو کە سوپای عێراق نەیتوانی لەناوچەی نزیك شاری بەغدا و هەروەها لە ڕومادی خۆی ڕابگرێت و دواتر حکومەتی بەغدا ئۆباڵەکە بخاتە ئەستۆی ئەمریکا وتۆمەتباری بکات بەوەی کاری پێویستی ئەنجامنەداوە لەمڕووەوە. پێموایە ئەوە بۆ عێراقییەکان جێدەهێڵدرێت کە ئایا دەیانەوێت ئەو کارە بکەن، یان نا. سەرجەم بەرپرسیارێتیەکەش ناکەوێتە ئەستۆی ئەمریکا. ئەمریکا هێزی زەمینی ڕەوانە ناکات، لەبەرئەوەی ڕەنگە ئەوەی ئێوە دەیڵێن ڕاست بێت کە دەوڵەتێکی سوننی دروست بێت، ئەگەر شیعە نەیەوێت ئەو کارە ئەنجام بدات، ئەوا داعش سەرکەوتوو دەبێت.

*** ئەمریکا هەموو کارێك دەکات بۆ پاراستنی یەکێتیی خاکی عێراق، ئەمەش لە کاتێکدایە کە حکومەتی مەرکەزی تەنها دەسەڵاتی لە بەغدا و شارەکانی باشوور هەیە. پرسیارەکە ئەوەیە ئایا پێداگیریی ئەمریکا لەسەر یەکپارچەیی عێراق خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی ئێران ناکات، چونکە عێراقێکی یەکگرتووشیعەکان زاڵ دەبن بە سەریدا؟**

- پێموا نییە لە بەرژەوەندیی ئێراندا بێت، لە سەرەتاوە هەوڵیاندا بۆ پارێزگاریکردن لە ناسیۆنالیزمی عێراقی کە دەبووە هۆی دابەشکردنی دەسەڵات و دووبارە بنیادنانەوەی ناسیۆنالیزمی عێراقی. بەم دواییە بینیان- بەهۆی ئەوەی لە ڕومادی ڕوویدا- کە پرۆژەکەیان شکست دەهێنێت. دەبینین لە ڕومادی تەنها میلیشیا شیعەکان ئامادەی شەڕکردنن، ئەمریکاش ئامادە نییە پشتیوانییان بکات. ئەمریکا نایەوێت لایەنگری تایەفەگەری شیعە بکات، ئەمەش بە مانای ئەوە دێت ئەمریکا نازانێت چی بکات. ئەمریکا دەیەوێت پارێزگاری لە یەکپارچەیی خاکی عێراق بکات، بەڵام متمانەی لە دەستداوە و چیتر متمانەی بەوە نەماوە عێراق بە یەکگرتویی دەمێنێتەوە.

*** تاچ ڕاددەیەك دروستبوونی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان گرنگە بۆ تێکشکاندن و لەناوبردنی داعش؟**

- کورد ئەو لایەنە سەرەکییەیە کە ئەمریکا پشتیوانی دەکات و ئاشکرایە ئەمریکا هاوکاری کورد دەکات، بەڵام کێشەکە ئەوەیە کورد توانایەکی سنوورداری هەیە، کورد ناتوانێت خاکی عەرەب داگیر بکات و ئەمریکاش زۆر نیگەرانە لەمبارەیەوە ونایەوێت فشار زۆرلە سەرکورد دروست بکات و لەلایەکی دیکەوە کورد تەنها هاوپەیمانێکی باشە بۆ ئەمریکا. لە ئێستادا ئەمریکا ڕووبەڕووی چەندین کێشە بۆتەوە، لەبەرئەوەی شەریکێکی باشی نییە بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشانە و ئەمریکا نازانێت چی بکات لەبارەی کێشەی سوننەکانەوە، لەبەرئەوەی نایەوێت ئێران نارەحەت بکات بەهۆی ئەو ڕێککەوتنە ئەتۆمیەی بەنیازی ئەنجامیبدات لەگەڵیدا. لەبەرئەوە نازانێت چی بکات لەگەڵ کێشەی سوننەدا کە لە موسڵەوە بۆ حەلەب درێژ دەبێتەوە. ئەمریکا چارەسەرێکی نییە بۆ ئەمە و پێموا نییە بتوانێت ئاڕاستەی نەخشەی سیاسیی ناوچەکە بگۆڕێت. ئەمریکا ڕووبەڕووی تەنگژەیەکی ڕاستەقینە بۆتەوە، لەگەڵ ئەو شکستەی لە ڕومادی ڕوویدا و لەگەڵ ئەو نشوستییەی بە سەرسوپای عێراقدا هات، کە ئەمریکاباوەڕی وابوو ئەو سوپایە بەهێز دەبێت، بەڵام بەهێز نەبوو، هەڵات و ئەمەش تووڕەیی دروستکرد لای ئەمریکییەکان. ئەوان نایانەوێت ئەم بەرپرسیارێتییە بگرنە ئەستۆ، دەیانەوێت حکومەتی عێراق ئەم کارە بکات، ئەگەر حکومەتی عێراقی ناتوانێت ئەم کارە بکات، ئەوا ئەمریکاش ئامادە نییە ئەم کارە بکات. تورکیا هاوکاری ناکات لە تێکشکاندنی داعش، ئەمریکاش دراوسێی داعش نییە و دەتوانێت لەگەڵ مانەوەی داعشدا هەڵ بکات. ئەگەر تورکیا و سعودیە و یاخیبووانی سووریا نایانەوێت داعش تێکبشکێت، ئەوا ئەمریکا دەتوانێت لەگەڵ ئەمەدا هەڵ بکات، چونکە ئەمە مەسەلەیەك نابێت بۆ ئەمریکا.

*** ئایا ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست چۆن دەبێت ئەگەر هاتوو داعش تێکشکێندرا؟**


- من وای نابینم تێکبشکێندرێت، ئەگەر عەرەب لەو پشێوییەدا بێت کە ئێستا تێیدان، ئەوا تێکشکاندنی داعش زەحمەتە.

**کورد ئاست و ئەندازەیەکی باشی سەربەخۆییان هەیە. بەڵام ئەوەش پرسیارە کە ئایا سوننەکان دەتوانن دەوڵەتی خۆیان دروستبکەن، کە پێناچێت لەو بوارەدا زۆر سەرکەوتووبن**




# پرۆژە یاسای قەرزکردن لە سەرچاوە دەرەکییەکان



**د. لەتیف کەریم واحید**

**بۆ گوڵان نووسیویەتی**

پرۆژە یاسای بە ناو (ڕاکێشانی مایە لە ڕێگەی قەرزکردن لە هەرێمی کوردستان) ڕۆژی سێ شەممەی ڕابردوو (٢ ی حوزەیرانی ٢٠١٥) لە پەرلەمانی کوردستان بە زۆرینەی دەنگ ڕەزامەندی لە سەر دەربڕا. پرۆژە یاساکە هەر لە سەرەتای پێشکەشکردنییەوە بووەتە جێگەی مشتومڕێکی زۆری سیاسی و تا ڕادەیەکیش ئایینی. هەندێ لە ڕەخنەکان زیاتر لە ڕوانگەی چەمکی ئایدیۆلۆجی ئیسلامگەری و گەڕانەوە بۆ سەردەمی سەرهەڵدانی ئایینی ئیسلام لە سەدەی حەوتی زایینییەوەیە کە لەو سەردەمەدا دەوڵەت و پێداویستییەکانی بە واتای ئێستا لە گۆڕێ نەبووە. هەندێکی تر لە ڕوانگەی بۆچوون و هەڵسەنگاندنی ئابووری سیاسییەوەن. دوای دەنگدانی پەرلەمانیش پرۆژە یاساکە مشتومڕێکی زۆری لە میدیاکاندا نایەوە. هەرچەندە لێکدانەوەی ئایینی بۆ قەرزکردن پێویستی بە هەڵویستی سیاسی هەیە

**ئەگەر نیشتمان لە جەنگی مان و نەماندا بێت، بەکارهێنانی قەرز بۆ بەرگریکردن لە ژێرخانی ئابووری پێویستترە، چونکە گەر نیشتمان داگیرکرا، ژێرخانی ئابووریش بەهای زۆر کەمترە لە ئازادیی میللەتێک**

**سیستەمی بانکی لە کوردستانی ئێستادا کاری چاوەڕوانکراوی خۆی ناکات و بووەتە پارەژمێری حکومەت و بازاڕ، حکومەتیش هیچ هەوڵێکی مکوڕی لە بارەی دامەزراندنییەوە نەداوە**

لەلایەن حکومەتەوە، لەمەڕ شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی پێداویستییەکانی گەشەکردنی ئابووریدا ئەو ڕوانگەیە خانایی لەگەڵ پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی ئابووریدا نییە. بۆیە ئامانجی ئەم وتارە شیکردنەوەی پرۆژەیاساکەیە لە ڕوانگەی زانستی ئابوورییەوە.

### ● حکومەتی سەردەم و قەرزکردن

لە سەرەتای سەرهەڵدانی دەوڵەتی مۆدێرنەوە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، قەرزکردن هەمیشە جێگەی بایەخی سیاسەتمەداران و ئابووریناسان بووە. لە وڵاتە ئەوروپاییەکاندا، بەتایبەت لە کاتی جەنگدا، زۆر جار باجی داهاتی ئاسایی خەرجییەکانی جەنگی دابین نەدەکرد، بۆیە حکومەتەکان پەنایان بۆ قەرزکردن دەبرد. بێگومان، دەشێ سەرچاوەکانی قەرزکردن ناوخۆیی یا دەرەکی بن. هەریەکەیان هەل و مەرج و کاردانەوەی جیاوازیی ئابووری و سیاسیی خۆیان هەیە، بەڵام سروشتی قەرزکردن لە هەردوو باردا هەر یەکە. بە واتا خەرجێك یا ئێستا دەکرێت یا کراوە، بەڵام پارەکەی لە پاشەڕۆژدا دەدرێتەوە. ئەم سروشتەش کارتێکەری نێو-نەوەیی (Inter-generation)، یا نێو-کاتی (Inter-temporal impact) هەیە. بە واتا، نەوەکانی ئێستا خەرجێك دەکەن، بەڵام نەوەکانی داهاتوو دەبێت پارەکەی دابین بکەن. لە هەمان کاتدا دەکرێت بگوترێت، ئێستا خەرجێك دەکرێت، بەڵام دەبێت خەرجی داهاتوو بە هەمان ڕێژە کەم بکرێتەوە. لە مەڕ ئەم کێشەیەدا، دەیڤید ڕیکاردۆ (David Ricardo)، گەورە ئابووریناسی سەدەی نۆزدەهەم دەڵێت: ئەو کەسەی قەرز بە حکومەتەکەی دەدات، نابێت خۆی لە پاشەڕۆژدا بە دەوڵەمەندتر بزانێت، چونکە قازانجی پاشەڕۆژی قەرزەکەی لە کەمکردنەوەی خەرجییەکانی ئێستای زیاتر نابێت، ئەگەر لە ڕووی بەهاوە کەمتر نەبێت.

بەدەر لەو بۆچوونەی سەرەوە، لەڕووی دەوڵەتدارییەوە، قەرزکردن شێوەی بەڕێوەبردنی سەرچاوەکان دەگەیەنێت. جاری وا هەیە سیاسەتمەداران وا دەزانن قەرزکردن بۆ پرۆژەگەلێك کە لە پاشەڕۆژدا سوودی زۆرە بۆ وڵات شایانی وەرگرتن و لەبەرچاوگرتنە. یا دەشێت خەرجێك ئێستا زۆر پێویستە بۆ بەرژەوەندی نیشتمانی، بەڵام سەرچاوەکانی داهاتی وڵات ئێستا پارەکەی دابین ناکات، پارەکەی بە قەرز پڕبکرێتەوە. بۆ نموونە تێچووەکانی شەڕێکی نەخوازراو و کارەساتە سروشتی و تەندروستییەکان. بۆیە حکومەت وەك بەڕێوەبەرێکی ئابووری دەبێت ئازاد بێت لەوەی ئەو کەلێنانەی داهات پڕ بکاتەوە لە کاتی زۆر پێویستدا، گەر بە قەرزیش بێت.

یاسای ناوبراو، لە مەڕ ئەو ڕوانگەیەی سەرەوە، حکومەتی کوردستان دەست ئاواڵا و ئازاد دەکات کە لە کات و بۆ مەبەستی پێویست قەرزی دەرەکی بکات. بەمەش یاساکە توانایەکی ئابووری بە حکومەت دەبەخشێت کە هەموو حکومەتەکانی جیهان زۆر بە ئاسایی لەبەر دەستیاندایە. بەڵام یاساکە لە ڕووی ناونیشانەوە لە جێگەی خۆیدا نییە، چونکە ئەوەی دەستنیشان نەکردووە کە ئایا ڕاکێشانەکە لە سەرچاوەکانی دەرەکییەوەیە، یا ناوخۆیی، هەرچەندە لە ناوەڕۆکدا تەنها باس لە قەرزکردن لە سەرچاوەی بیانییەوە دەکات.

دەبێت ئەوەش بگوترێت کە زۆربەی زۆری دەوڵەتانی جیهان لە کات و بۆ مەبەستی پێویست قەرز دەکەن، هەر بۆیە زۆر نەشیاو و نابەرپرسیارانەیە کە بگوترێت حکومەت نابێت قەرزبکات. لە هەمان کاتدا، ئەوەش شایانی باسە کە هیچ لایەنێك قەرزی بێ بەرانبەر بە لایەنێکی دیکە نابەخشێت. تەنانەت لە ڕووی قەرزی کەس بۆ کەسەوە بێت، قەرزدان مەبەستی کۆمەڵایەتی و ئابووری خۆی هەیە، کە لێکدانەوەی زانستی بایەلۆجی دروستی هەیە. بۆیە ئەو لایەنانەی وا دەزانن کە قەرز دەبێت بەبێ بەرانبەر و بێ سوود ببەخشرێت لە ڕووی فەلسەفی و زانستییەوە زۆر ساویلکەن.

### ● مەبەستەکانی قەرزکردن

مەبەستی قەرزکردن لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکە دەگۆڕێت و قۆناغی گەشەکردنی ئابووریش نەخشی تایبەتی خۆی هەیە لە دیاریکردنی مەبەستەکاندا. بۆ نموونە، حکومەتەکانی وڵاتە گەشەکردووەکان زۆربەی جار قەرز دەکەن بۆ مەبەستی پڕکردنەوەی کورتهێنانی بودجەکانیان لە کاتێکدا حکومەتەکانی وڵاتانی گەشەکەر قەرزدەکەن، یا بۆ خەرجی پرۆژەکانی ژێرخانی ئابووری، یا بۆ پڕکردنەوەی کورتهێنانی هاوکێشەی پێدان (Balance of payment) بەڵام مەرج نییە ئەو قەرزکردنە تەنها لە سەرچاوەکانی دەرەکییەوە بێت. بۆ نموونە، وڵاتانی گەشەکەر زۆربەی جار بە قەرزکردن لە سەرچاوە ناوخۆییەکانەوە دەست پێدەکەن، بۆ ئەو مەبەستەش حکومەت لە ڕێگەی بانکی ناوەندییەوە قەواڵەی دارایی (Government bills and bond) بە دانیشتووانی وڵاتەکەی دەفرۆشت. دەشکرێت هەمان قەواڵە لە بازاڕەکانی جیهاندا بخرێنەڕوو و کڕیاری بیانیش بیانکڕێت. پەنابردن بۆ سەرچاوەی دەرەکی لە بارودۆخێکدا دەبێت کە سەرچاوە ناوخۆییەکان وشکی کردبێت و ئابووریی وڵات چیدی لە توانایدا نەبێت قەرز بە حکومەتەکەی بدات. بە داخەوە، حکومەتی کوردستان ئێستا پەنا دەبات بۆ قەرزی دەرەکی لە کاتێکدا سەرچاوەیەکی گرنگ و دەوڵەمەندی ناوخۆیی کە خەڵکە تاقی نەکردوەتەوە و لە یاساکەی ئێستاشدا پەرلەمان پەی بەم سەرچاوەیە نەبردووە.

به شێوەیەکی گشتی گەر بکرێت خەرجەکانی وڵات لە داهاتەکانی خۆی دابین بکرێت، زۆر باشـــترە لەوەی پەنا بۆ قەرز ببرێت. بەڵام بەداخەوە حکومەتی کوردســـتان بە قۆناغێکی سیاسی و ئابووری زۆر هەستیاردا تێدەپەڕێت کە پێداویستییەکانی هەنووکەی بە سەرچاوەکانی دارایی ئێســـتای دابین ناکرێت، یا پڕ نابێتـــەوە. بۆیە قەرزکردن لە پێناوی بەرژەوەندی پاشەڕۆژدا سیاسەتێکی ناچارییە، بە مەرجێك هەل و مەرجەکانی قەرزکردنەکە پشتشـــکێن نەبن. پێش ئەوەی بچینە سەر هەل و مەرجەکانی قەرزی دەرەکی دەبێت ئەوە بخەینە پێش چاو کە هەرچەندە یاساکە حکومەتی کوردســـتان ئازاد دەکات لە قەرزکردندا، بەڵام دەستی حکومەت لە شێوەی خەرجکردنەکەیدا دەبەستێتەوە بـــە ڕەزامەندی وەرگرتنی پەرلەمانـــەوە (بڕوانە بڕگەی ژمارە نۆی یاساکە).

**● هەل و مەرجەکانی قەرزی دەرەکی**

قەرزکردن لایەنی ئاڵۆزی زۆری هەیە کە زۆربەی جار لە کاتی دانوســـتاندا دیاری دەکرێن. بۆ نموونە، قەبارەی قەرزکردنەکە، ڕێژەی ســـوودەکەی ئایا بە ڕێژەی سوودی چەند لە سەدا دەدرێتەوە؟ ئایا ڕێژەی سوودەکەی جێگیر کراوە (Fixed) و بۆ چەند ســـاڵ، یا بگۆڕە (Flexible)؟ ئایا ماوەی دانەوەکەی چەند درێژەدەخایەنێت؟ ئایا ماوەی بەخشینی هەیە (Grace period)؟ ئایا دانەوەکەی بە پارەیە، یـــا بە کاڵا؟ ئایا قەرزەکە بەنـــدە بە کڕینەوە لە وڵاتێکی دیاریکراوەوە و ...تاد. بێگومان ورد و درشـــتی قەرز بەو شـــێوەیەی سەرەوە لە دەســـەڵاتی لایەنی جێبەجێکاردایە، نەك لایەنی یاســـایی. لێرەدا پێویستە بڵێین کە یاساکەی پەرلەمانی کوردستان بە پێویستی دەزانێت کە قەرزەکە لە سەرچاوەیەکی (پاك)ـەوە بێت (بڕوانە بەندی دوو، بڕگەی یەکی یاســـاکە). بەڵام پێناسەی پاك لە ڕووی سیاسی و ئەخلاقییەوە دیاری ناکات. ئەمەش نادیاری و کورتهێنانی یاساکەیە. بۆ نموونە ئایا دۆیچە بانك (Deutsche Bank) و گۆڵدمـــەن ساکســـی ئەمریکـــی (Goldman Sachs) سەرچاوەی پاکن و بە چی پێوەرێك؟

لایەنێکـــی گرنگی قەرزکردنی دەرەکـــی ئەوەیە چۆن قەرزەکـــە دەدرێتەوە. ئایا قەرزەکە لە پرۆژەی وەبەرهێناندا بەکار دەهێندرێـــت و پرۆژەکان خۆیـــان قەرزەکە دەدەنەوە بـــە بێ ئەوەی ئەرك بخەنە ســـەر بودجەی حکومەت، یا ئەوەتـــا قەرزەکە بۆ پێداویســـتی هەنووکەیی بەکاردەبرێت و حکومەت لە داهاتەکانی خۆی دەیداتەوە؟ یاســـاکەی ئێســـتا بە ڕوونی دیاری کردووە کە پارەی قەرزەکە دەبێت بۆ (پرۆژەکانی ژێرخانی ئابـــووری و وەبەرهینان خەرج) بکرێت (بڕوانە بەندی نۆی یاســـاکە). واتە بڕی قەرزەکە بە هیچ شێوەیەك بۆ پڕکردنەوەی کەلێنی خەرجی ئێستای حکومەت کە بـــە هۆی سیاســـەتی حکومەتی بەغداوە هاتووەتەکایەوە نابێت بەکاربرێت. ئەوەی جێگەی تێڕامانە لێـــرەدا ئەوەیە کە چونکە پرۆژەکانـــی ژێرخانی ئابووری درێژخایەنـــن و داهاتەکانیـــان کۆمەڵایەتـــی و ئابووری ناڕاســـتەوخۆن، دانەوەی قەرزەکە دەبێت ئێســـتا دەستپێ بـــکات، نەك داهاتوویەکی دوور. بۆیە دانەوەی ئەو قەرزە بارگرانی دەخاتە ئەســـتۆی بودجەی ئێستای حکومەتی کوردستان و ئەگەری ئەوەی هەیە دانەوەی قەرزێکی لەو چەشـــنە نەك لە بار نەبێت، بەڵکو وا بکات حکومەت لە جێبەجیکردنی ئەرکە هەنووکەیی و هەستیارەکانی خۆیدا لاواز بێت. بۆیە قەرزکردن بۆ مەبەستی درێژخایەنی وەك دروســـتکردنی ژێرخانی ئابووری لە کاتی ئێســـتادا لە جێگەی خۆیدا نییە.

مەبەســـتەکەی دیکە قەرزکردنی دەرەکی کە یاســـاکە پەنجـــەی بـــۆ ڕادەکێشـــت، پـــرۆژەی وەبەرهێنانە کە مەبەســـتێکی دروستە و دەبێت حکومەتی کوردستان هەتا بۆی بکرێت قەرزەکە بۆ ئەو مەبەســـتە بـــەکار بهێنێت. بە مەرجێك وەبەرهێنان بە واتا شـــێواوە باوەکەی ئێســـتا نەبێت کە زۆربەی زۆریان پرۆژە نیشـــتەجێکان دەگرێتەوە. پرۆژەی وەبەرهێنان پێویســـتە ئـــەو پرۆژانە بگرێتەوە کە خۆیان کاری درێژخایەن دروســـت دەکەن و خۆیان داهاتی هەمیشەییان هەیە کە دەتوانن سەرمایەکانیان لە ماوەیەکی دیاریکراودا بدەنەوە. گەر مەبەستی حکومەت و پەرلەمان ئەم مەبەســـتە بێت، ڕێگەی دیکە جگە لە قەرزوەرگرتن بۆ دابینکردنی ســـەرمایەی پێویست بۆیان هەبوو، دەبوایە حکومەتی کوردســـتان ئەو ڕێگەیانەی تاقیبکردایەتەوە. بـــۆ نموونە، دابینکردنی دارایی بـــۆ پرۆژە ( Project F-nancing) ڕەواڵێکـــی تایبەتی خۆی هەیە و پســـپۆڕانی بواری دارایی و گەشـــەکردن بـــاش دەزانن چۆن ڕێ و شـــوێنیان بۆ بدۆزنەوە بە بێ ئـــەوەی بارگرانی بکەویتە ئەستۆی بودجەی حکومەت. ڕێگەیەکی سادە ئەوەیە کە پرۆژەی مەبەســـت بکرێت بە پشك و پشکەکان بفرۆشرێت بە کەرتی تایبەت و پشـــکەکان پاشەڕۆژ سوودی شیاو بە وەبەرهێنەران بدەنەوە. بەم ڕێگەیەش نەك هەر ئەرك ناکەوێتە سەر بودجەی حکومەت، بەڵکو بازاڕی دارایی ناوخۆیش دەبووژێتەوە. لە زۆر باردا، گەر تێچووی پرۆژەکە زۆر بێت و لە توانای کەرتی تایبەتی ناوخۆدا نەبێت، ئەو گوژمە ســـەرمایەی پێویســـتە دابین بکات، دەکرێـــت بە هەمان شـــێوازی دابینکردنی دارایی پرۆژە، کە لە جیهاندا زۆر باوە، لەگەڵ بانك و کەرتی تایبەتی جیهانیدا ڕێکبخرێت. لێرەدا پرسیار ئەوەیە ئایا حکومەت و پەرلەمانی کوردستان بیریان لە شـــێوازی دروستی دابینکردنی دارایی وەك ئەم شێوازە بۆ پرۆژەکانی مەبەست کردووەتەوە، یا ئەوەتا تەنها

**دیاردەکانی بەکاربردن و زیادە خەرجکردن و لە ڕادەپێویست چوونە حەج و گەشت و گوزار، ئەوە نیشاندەدەن کە پاشەکەوت دەکرێت و تەنانەت لە نەبوونی ڕێگە و جێگەی بەکارهێناندا زیادەخۆری و زیادەخەرجکردن بووەتە نەخۆشییەکی کۆمەڵایەتی لە کوردستاندا**

**سەرچاوەیەکی دارایی لە بن نەهاتوو لە وڵاتدا پاشەکەوتی هاووڵاتیانە کە حکومەتی کوردستان نەک هەر هەوڵی نەداوە کۆی بکاتەوەو سوودی شایستەی لێ ببینێت، بەڵکو بە تەواوی پشتگوێی خستووە و ئێستا لە بری بەکاربردنی ئەو سەرچاوەیە پەنا دەباتە بەر قەرزی دەرەکی**

لە نەشارەزاییەوە بۆ ڕێگە ئاسانەکە چوون کە قەرزی دەرەکییە کە ڕەنگە ببێتە مایەی کێشەی قوڵی ئابووری لە پاشەڕۆژدا؟ ئەوەی لە کێشە داراییەکان و ئەم پرۆژە یاسایەدا دەردەکەوێت ئەوەیە حکومەتی کوردستان هەوڵی سەرچاوە هەڵگرتنی دارایی (Mobilization of funds) و سوودمەند بوون لە سەرچاوەکانی دیکەی دارایی کە لەبەر دەستدایە نەکردۆتەوە کە لە ڕووی ئابوورییەوە زۆر بەسوودتر و کەم کێشەترن.

● **سەرچاوە فەرامۆشکراوەکانی دارایی لە کوردستاندا**

سەرچاوەیەکی دارایی لە بن نەهاتوو لە وڵاتدا پاشەکەوتی هاووڵاتیانە کە حکومەتی کوردستان نەك هەر هەوڵی نەداوە کۆی بکاتەوەو سوودی شایستەی لێ ببینێت، بەڵکو بە تەواوی پشتگوێی خستووە و ئێستا لە بری بەکاربردنی ئەو سەرچاوەیە پەنا دەباتە بەر قەرزی دەرەکی. وەك بۆ ئابووریناسان دەزانن، ئاشکرایە، پێوەندییەکی ڕاستەوخۆ هەیە لە نێوان پاشەکەوتکردن و وەبەرهێناندا. لەو وڵاتانەی کە گەشەی خێرا دەکەن، بۆ نموونە وڵاتانی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا، ڕێژەی پاشەکەوتکردن بەرزە و بە هەمان ڕادە وەبەرهێنانیش بەرزە. بە پێچەوانەوە، چونکە وڵاتانی ئەفریقایی هەژارن، ڕێژەی پاشەکەوتکردنیان نزمە و بە هەمان ڕادە ڕێژەی وەبەرهێنانیشیان نزمە. بەڵام لە هەموو بارێکدا، بە شێوەیەکی گشتی خەڵکی ئاسایی نەك هەر ئامادەیی تێدا هەیە، بەڵکو هەمیشە ئارەزووی پاشەکەوتکردنی هەیە. ئەم بۆچوونە لە ڕەفتاری هوشیارانەی مرۆڤەوە (Rati-nal behaviour) سەرچاوە دەگرێت. مرۆڤ و تەنانەت هەندی ئاژەڵیش بە شێوەیەکی سروشتی هەموو داهاتەکانی (خۆراکەکانی) بە یەك گوژم بەکار نابات، بەڵکو هەندێکی، تەنانەت گەر زۆر کەمیش بێت، دەهێڵێتەوە بۆ سبەینێ، یان بۆ پاشەڕۆژ. ئەم ڕەفتارەش لە سمۆرە و ڕێویدا زۆر تێبینی کراوە. هەر بۆیە، هاووڵاتی ئاسایی بڕێکی داهاتی ئێستای پاشەکەوت دەکات بۆ داهاتوو (ڕۆژی ڕەش، ڕۆژی تەنگانە، یا بۆ ڕابواردنی داهاتوو). هەرچەند ئەم پاشەکەوتکردنە ڕەنگە بە ڕێژەیەکی کەم بێت، بەڵام کاتێك کۆ ببێتەوە لە چاڵێکدا (بانکێك) قەبارەکەی هێندە بەرز



دەبێت کە دەکرێت لە پرۆژەیەکی وەبەرهێنانی شایستەدا بە کاربهێندرێت. لێرەدا سیستەمی بانکی دوو کرداری دارایی زۆر بەکەڵك ئەنجامدەدات. یەکەم، هاوتاکردنی ماوە (Time matching). واتە هاووڵاتیانی ئاسایی بۆ ماوەیەکی کورت پاشەکەوت دەکەن، بۆ نموونە بۆ سێ مانگ، یا ساڵێك، بەڵام پرۆژەکانی وەبەرهێنان پێویستیان بە پارە هەیە بۆ ماوەیەکی درێژخایەن. لێرەشدا سیستەمی بانکی بە کۆکردنەوەی پاشەکەوتکردنەکانی هاووڵاتیان پرد بۆ ماوەکە دروست دەکات و هەردوو لایەن بەیەك دەگەیەنێت. دووەم کردار هاوتاکردنی قەوارەیە (Size matching)، ئەمەش بە واتای ئەوەیە کە هاووڵاتیانی ئاسایی رێژەیەکی کەم لە داهاتەکانیان پاشەکەوت دەکەن، بەڵام پرۆژەکانی وەبەرهێنان قەبارەیەکی گەورەتری پارەیان پێویستە. سیستەمی بانك، پارە پاشەکەوتە کەمەکانی هاووڵاتیان لە گۆلێکی پارەدا کۆدەکاتەوەو بە گوژمێکی گەورە بە پرۆژەکانی بە قەرزدەدات. هەرچەندە لێکۆڵینەوەی دروست لە بارەی قەوارەی پاشەکەوتکردنەوە لە کوردستان ئەنجام نەدراوە و دیاردەکانی بەکاربردن و زیادە خەرجکردن و لە رادەبەدەر چوونە حەج و گەشت و گوزار، ئەوە نیشاندەدەن کە پاشەکەوت دەکرێت و تەنانەت لە نەبوونی رێگە و جێگەی بەکارهێنانیدا زیادەخۆری و زیادەخەرجکردن بووەتە نەخۆشییەکی کۆمەڵایەتی لە کوردستاندا.

ئەم سەرچاوە گرنگەی دارایی لە بەر هەندی هۆکاری ئاشکرا، بەڵام نادروست، فەرامۆشکراوە و سیاسەتمەدارانی کوردستان بیر لە سەرچاوە هەڵگرتنی ناکەنەوە. یەکەم هۆکار، نەبوونی سیستەمێکی باوەڕپێکراوی بانکییە. بەداخەوە سیستەمی بانکی لە کوردستانی ئێستادا کاری چاوەڕوانکراوی خۆی ناکات و بووەتە پارێزەری حکومەت و بازاڕ، حکومەتیش هیچ هەوڵێکی مکوڕی لە بارەی دامەزراندنییەوە نەداوە. دووەم هۆکار، هەر وەك هەڵوێستی پارتە ئیسلامییەکان لە مەڕ پرۆژە یاسای ناوبراو، بە بیانووی دژایەتی سوو (ریبا بە ناوە ئیسلامییەکەی)خواردن، خەڵکی ئاساییان لە پاشەکەوتکردن لە سیستەمی بانکیدا تەکاندووەتەوە. لە مەشدا نەك هەر پرەنسیپی سوودوەرگرتن و سووپێدان تەنانەت لە رووی ئایینەکانەوە چەواشە کراوە، بەڵکو زیانێکی بناغەییان لە ئابووری کوردستان و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی داوە. ئێستا لەبەر ئامۆژگاری و رێنماییەکانی ئەو پارتانە، بە پێچەوانەی ئەوەی لە سعودیە و میسر و تورکیا و ئێراندا هەیە، کە ئەو وڵاتانە خۆیان بە خاوەن و مەشخەڵ هەڵگری ئایینی ئیسلام دەزانن، لە کوردستاندا سوودوەرگرتن لە پارەی پاشەکەوتکراو لە هاووڵاتیانی سادە حەرام کراوە.

**● قۆناغی داهاتووی دارایی لە کوردستاندا**

ئێستا کە یاسای قەرزکردنی دەرەکی رەزامەندی پەرلەمانی کوردستانی بەدەستهێناوە، دەبێت حکومەتی کوردستان چی بکات؟ وەڵامی ئەم پرسیارە دوو لایەنی گرنگ دەگرێتەوە کە دەبێت حکومەت ژیرانە مامەڵەیان لەگەڵدا بکات. یەکەم، لە کاتێکدا کە دەستی ئاواڵا کراوە بۆ قەرزکردنی دەرەکی، دەبێت حکومەت پەلە نەکات لە قەرزوەرگرتن و بە وردی و لە ژێر رێنمایی پسپۆڕی و کارەمەدا دانوستاندنی قەرز ئەنجام بدات. خێرا قەرز وەرگرتن کارامەیی نییە، راستە دوو بانکی جیهانی بۆ ماوەیەکە هانی حکومەت دەدەن و دەیانەوێ قەرزێك بسەپێنن بە سەر حکومەتەکەماندا کە لە باروودۆخێکی دارایی نالەباردایە، بەڵام ژیرانە دیاریکردنی هەل و مەرجی قەرزکردن ئەرکی سەرشانی داهاتی داهاتووی کوردستان ئاسانتر دەکات. بێگومان قەرزوەرگرتن شتێکە و شێوازی بەکاربردنیشی شتێکی دیکەیە. بۆیە دەبێت حکومەت لە تەنگەتاوی قەیرانی داراییدا قەرزەکان لە بواری بەکاربردنی ئاساییدا (Normal Consumption) بەکار نەهێنێت و مەرجی پرۆژەکانی وەبەرهەمهێنان کاری هەمیشەیی دروستکردن و بەها کەڵەکە (Added Value) بێت. لە هەمان کاتدا، پێویستە بگوترێت کە ئەگەر نیشتمان لە جەنگی مان و نەماندا بێت، بەکارهێنانی قەرز بۆ بەرگریکردن لە ژێرخانی ئابووری پێویستترە، چونکە گەر نیشتمان داگیرکرا، ژێرخانی ئابووریش بەهای زۆر کەمترە لە ئازادی میللەتێك.


دووەم لایەن کە دەبێت حکومەتی کوردستان چیدی فەرامۆشی نەکات، ئەوەیە پێویستە کەرتی بانکی و سەرچاوەی پاشەکەوتکردن بخاتە گەڕ و هەوڵی پێویست بدات بۆ دامەزراندن و دروستکردنی ژێرخانی یاسایی و مرۆیی و تەکنەلۆجیای کەرتی بانکی سەردەمییانە و چیدی جۆگەلەی پاشەکەوتکردنی هاووڵاتیان لە قوتو و ژێر سەرین و کون و کەلەبەردا قەتیس نەکرێت. بەمەش نەك هەر توانای دارایی بۆ ئابووریی وڵات بەرزدەبێتەوە، بەڵکو هاووڵاتیانیش فێری خەرجکردنی هۆشمەندانە دەکات و رێگە لە زیادە خەرجکردن و بە فیڕۆدانی توانای دارایی دەگرێت.

**پرۆژەی وەبەرهێنان پێویستە ئەو پرۆژانە بگرێتەوە کە خۆیان کاری درێژخایەن دروست دەکەن و خۆیان داهاتی هەمیشەییان هەیە کە دەتوانن سەرمایەکانیان لە ماوەیەکی دیاریکراودا بدەنەوە**

**حکومەتی کوردستان ئێستا پەنا دەبات بۆ قەرزی دەرەکی لە کاتێکدا سەرچاوەیەکی گرنگ و دەوڵەمەندی ناوخۆیی کە خەڵکە تاقی نەکردووەتەوە و لە یاساکەی ئێستاشدا پەرلەمان پەی بەم سەرچاوەیە نەبردووە**



# هەرێمی کوردستان لە پاش نەمانی سەدام*




هێمن ئاکرەیی

**● سیاسەتی دەرەکی..ئاسایش و سەرچاوە سروشتییەکان**

لە سەرتاسەری جیهاندا ئاسایش و سەرچاوە سروشتییەکان جێی بایەخن، لە هەرێمی کوردستانیش ئەو بایەخەی زیاترە، چونکە بەردەوام ڕووبەڕووی هەڕەشەی ئەمنی بۆتەوە و سەرچاوە سروشتییەکانیشی بوونەتە مایەیماڵوێرانیی کوردستان، بەڵام لە پاش نەمانی سەدام ئەم هەرێمە بە فۆرمێکی دامەزراوەییەوە ڕووی خۆی نیشان دا، ئەویش بەهۆی برەودانی بە ئاسایش و نەوت بۆ پەرەپێدانی پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان.

**● هەرێمەکان و چەمکی پارادیپلۆماسی**

مەبەست لەم چەمکە برەودانە بە سیاسەتی دەرەوەی هەرێمەکان، بەتایبەت ئەو هەرێمە فیدراڵییانەی بە سەرچاوەکانی سروشتی دەوڵەمەندن، تەحەددین بۆ حکومەتە فیدراڵییەکان، چونکە بەکارهێنانی سامانی سروشتی بۆ پەرەپێدانی پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان بەرژەوەندی و ئامانجی دوورمەودا دەچەسپێنن. هەرێمی کوردستان بە پێی دەستووری عێراق وەك هەرێمێکی فیدراڵی ناو عێراق کار و کۆشش بۆ وەدەستهێنانی شەرعیەتێکی نێودەوڵەتی دەکات، ئەویش بە پەرەپێدانی ئەزموونی دیموکراتیك و بونیادنانی ژێرخان و بەرەوپێشبردنی ئابووری ناوخۆیی و باشترکردنی دۆخی ئەمنی، کە ئەوانە فاکتەرن بۆ نیشاندانی ئەوەی کوردستان جیاوازە لە بەشەکانی تری عێراق، کەچی چەندین هۆکاری سیاسی بەربەستی بەردەم

سەربەخۆبوونی کوردستانن.

لە کاتێکدا هەرێمی کوردستان پارادیپلۆماسیەت پیادە دەکات، ئەمەش دەیخاتە سەر ڕێڕەوێکی دوور لەوەی ببێتە دەوڵەتێکی خاوەن سەروەری بەپێچەوانەی پرۆتۆدیپلۆماسییەوە کە وەك سیاسەتێکی دەرەکی لەلایەن حکومەتە ناوەندییەکانەوە پیادە دەکرێت بۆ وەدەستهێنانی سەربەخۆیی و سەروەرێتیی تەواو.

**● پێوەندییە دەرەکییەکانی هەرێمی کوردستان لە ڕۆژگاری پاش سەدامەوە**

پاش ڕووخانی دەسەڵاتە دیکتاتۆرەکەی سەدام بە شێوەیەکی دراماتیکی، هەرێمی کوردستان گۆڕانکاری بەسەر پێوەندییە دەرەکییەکانیدا هات، بناغەیەکی دەستووری و پێگەی فەرمیشی بۆ دروست بوو. بەپێی ماددەی ١٢١ی دەستووری عێراقی فیدراڵ، هەرێمی کوردستان و پارێزگاکانی دەتوانن خاوەنی نووسینگەی خۆیان بن لە باڵیۆزخانەکاندا بۆ بەدواداچوونی کاروباری کەلتووری و کۆمەڵایەتی و ئەرکی دیپلۆماسییانە. پاش پەسەندکردنی دەستوورەکەش لە ساڵی ٢٠٠٥ حکومەتی هەرێمی کوردستان فەرمانگەیەکی بۆ پێوەندییەکانی دەرەوە دامەزراند، بە پێی لێدوانی فەلاح مستەفا سەرۆکی ئەو فەرمانگەیە، وادیارە تا ئێستا ١٣ نووسینگەی نوێنەرایەتییان لە دەرەوە کردۆتەوە، کۆشش بەردەوامە بۆ کردنەوەی نووسینگەی زیاتریش، بیست و چوار وڵاتیش نووسینگەو کونسوڵخانەی خۆیان لە هەرێمی کوردستان کردۆتەوە، کە زیاتر لە نیوەیان گشتیین، ئەوانی دیکە نووسینگەی باڵیۆز و بەشی بازرگانی و کونسوڵگەری فەخریین.ئەمەش ئاماژەیەکی بەرچاوە بۆ بەرەوپێشچوونی پێوەندییە دەرەکییەکانی هەرێمی کوردستان و سەردانە فەرمییەکانی بەرپرسانی باڵای هەرێمیش بۆ دەرەوە و پێشوازی لێکردنیان لەلایەن سەرۆك و سەرۆك وەزیران و وەزیرانی دەرەوەی خۆرئاوا و ئاسیاوی و بەشەکانی دیکەی جیهان هۆیەکی تری پێشکەوتنی پێوەندییە دەرەکییەکانن. بە نموونە سەرۆك مسعود بارزانی لە هەردوو سەردەمی ئیدارەکانی بۆش و ئۆباما لە کۆشکی سپی بە فەرمی پێشوازی لێکراوە، دواجار لە مانگی ئایاری ٢٠١٥بۆ چوارەمین جار ئەو پێشوازییەی لێکرا.

**● ئاسایش لە هەرێمی کوردستان پاش سەردەمی سەدام**

گەورەترین دەسکەوتێك هەرێمی کوردستان پاش ڕزگارکردنی عێراق لە ٢٠٠٣ بەدەستی هێنابێت، بریتی بووە لە ئارامی و سەقامگیری. بۆ نموونە لە پاش ساڵی ٢٠٠٣ تا ئێستا تەنیا١٠ تەقینەوە لە کوردستان ڕوویانداوە، بەراورد بە بەغدا و شارەکانی تری عێراق کە چەندین هەزار تەقینەوەیان تێدا ڕوویداوە. لە کاتێکدا هێزەکانی پێشمەرگە کە ژمارەیان ٢٠٠هەزار پێشمەرگەیە بەرپرسیاربوون لە پاراستنی کوردستان و پاش ٢٠٠٣ شان بە شانی سوپای ئەمریکا دەجەنگان و قوربانییان بەخشی.

**● هەرێمی کوردستان وەك نەوایەکی ئارام**

بەهۆی گرژی و توندوتیژییە بەردەوامەکانی بەشەکانی تری عێراقەوە، بە سەدان هەزار عەرەب و مەسیحی و پێکهاتەی تری عێراقی ماڵ و حاڵی خۆیان جێهێشتووە و لە کوردستاندا گیرساونەتەوە. سەرەڕای ئەوەی هەرێم تووشی دژواری دارایی کراوە، کەچی لە دالدەدان و پارێزگاری لێکردنیان دریغی نەکردووە. بەپێی دوا ئاماری ئاژانسی پەنابەرانی نەتەوە یەکگرتووەکان ژمارەی پەنابەران لە ناو سێ پارێزگاکەی هەرێم ملیۆن و نیوێکی تێپەڕاندووە.

**● ڕۆڵی سەرچاوە سروشتییەکان**

بەشوێندا گەڕان و دۆزینەوە و هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان پاش ڕووخانی سەدام کەوتە گەڕ،بەهۆی ئارامیی ڕەوشی ئەمنی و پیادەکردنی سیاسەتێکی لەبار، کۆمپانیا بیانییەکان کەوتنە کێبڕکێ بۆ ئەنجامدانی گرێبەست. یەکەمین جار لە مانگی حوزەیرانی ساڵی ٢٠٠٩ هەرێمی کوردستان نەوتی هەناردە کرد، کە بڕینی گرنگترین قۆناغی پشتبەخۆبەستن بوو لە مێژووی کوردستاندا، حکومەتی فیدراڵی کەوتە گێچەڵپێکردن، بەڵام هەرێم سەرسەختانە بەرگری لە مافەکانی خۆی کرد و گرێبەستەکانی لەگەڵ کۆمپانیا دەرەکییەکانی بواری نەوت واژۆ کرد. دواجار حکومەتی ناوەندی ناچاربوو ڕێککەوێت لەگەڵ هەرێمی کوردستان تا لە بڕی ١٧٪ی بودجەکەی نەوت ڕەوانە بکات، یەکەمین خاڵی سەرکەوتنی ئەم پرسە ڕازیکردنی تورکیا بوو لەسەر ئەوەی ڕێگە نەگرێت لەسەر هەناردەکردنی نەوت بە خاکی ئەو وڵاتەدا.

**● نەوتی هەرێمی کوردستان و پێوەندییە دەرەکییەکان**

کۆمپانیای نێودەوڵەتی نەوت و پەیوەستبوونیان بە سیاسەتی دەرەکییەوە شتێکی ئاشکرایە و کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکانی نەوت ڕۆڵێکی کارایان هەیە لە چالاکییەکانی پەیوەست بە پێوەندی دەرەکییەوە. لەم ڕووەوە بەرپرسی فەرمانگەی پێوەندییەکانی دەرەوەی هەرێم دەڵێت: «هاتنی بزنس و کۆمپانیاکانی بیانی بۆ هەرێم واتە کارلێکی زیاتر لەگەڵ جیهانی دەرەوەدا، چونکە وڵاتەکانیان دوای کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکانیان دەکەون، تەنانەت کۆمپانیای تریش شوێن کۆمپانیا گەورەکانی بواری نەوت دەکەون». بەپێی ئاماری وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی زیاتر لە ٢٥٠٠ کۆمپانیای دەرەکی لە هەرێم تۆمارکراون، هەندێك لەو کۆمپانیایانە کاریگەرییان لەسەر بڕیاردەرانی وڵاتانی خۆیان هەیە.

**بەپێی ئاماری وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی زیاتر لە ٢٥٠٠ کۆمپانیای دەرەکی لە هەرێم تۆمارکراون، هەندێك لەو کۆمپانیایانە کاریگەرییان لەسەر بڕیاردەرانی وڵاتانی خۆیان هەیە**

**بەهۆی گرژی و توندوتیژییە بەردەوامەکانی بەشەکانی تری عێراقەوە، بە سەدان هەزار عەرەب و مەسیحی و پێکهاتەی تری عێراقی ماڵ و حاڵی خۆیان جێهێشتووە و لە کوردستاندا گیرساونەتەوە. سەرەڕای ئەوەی هەرێم تووشی دژواری دارایی کراوە، کەچی لە داڵدەدان و پارێزگاری لێکردنیان درێغی نەکردووە**

**تا ئێستا حکومەتی هەرێم ١٣ نووسینگەی نوێنەرایەتیی لە دەرەوە کردۆتەوە، کۆشش بەردەوامە بۆ کردنەوەی نووسینگەی زیاتریش، بیست و چوار وڵاتیش نووسینگەو کونسوڵخانە خۆیان لە هەرێمی کوردستان کردۆتەوە، کە زیاتر لە نیوەیان گشتیین**

**● پێوەندییە دووقۆڵیەکانی هەرێمی کوردستان و تورکیا**

پەرەپێدانی پێوەندییەکان لەگەڵ ئەو وڵاتانەی ناوچەکە کە لە ڕووی سیاسی و ئابوورییەوە قورساییان هەیە، هیچ بایەخێکی نابێت، ئەگەر هەرێمی کوردستان دەروازەیەك بۆ گەیشتن بە جیهانی دەرەوە مسۆگەر نەکات. تورکیا دەروازەیەکە بۆ گەیشتن بە جیهانی خۆرئاوا و دەرەوە، چەند ساڵێك پێش ئێستا ئەو وڵاتە نەك ئامادە نەبوو پێشوازی لە بارزانی بکات، بەڵکو بەربەستیشی دروست دەکرد بۆ پێوەندییەکانی هەرێم و خۆرئاوا، دواتر تورکیا وەرچەرخانێکی کرد لە تێڕوانین و هەڵوێستەکانیدا بەرانبەر کوردستان و پێداچوونەوەیەکیان بە پێوەندییەکانی خۆیاندا کردەوە و بە فەرمی پێشوازییان لە سەرۆك بارزانی کرد و دواتر سەرۆك وەزیرانی تورکیا لە ساڵی ٢٠١١ سەردانی هەرێمی کوردستانی کرد و ئاڵای کوردستان و ئاڵای تورکیا لە پاڵ یەکتردا هەڵکران.

**● پێوەندییەکانی هەرێمی کوردستان بە وڵاتانی ترەوە**

پاش نەمانی سەدام هەرێمی کوردستان بەهۆی خستنەگەڕی سەرچاوەکانییەوە پێوەندیی توندوتۆڵی لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دامەزراند، مەحاڵی کردە ڕاستی و بناغەیەکی یاسایی لە دەستووری نوێی عێراقدا بۆ پێوەندییە دەرەکیەکان دانا.

**● ئاسایش**

هەرێمی کوردستان درکی کرد بەوەی پێویستە هاووڵاتیانی خۆی لە بەرانبەر هێرشی تیرۆریستانێك بپارێزێ کە لە دەرەوەی سنوورەوە دێن، هاوکات سەلامەتیی گیانی بیانییەکانیشی پێ پارێزرا، ئەمەش بە دابینکردنی ئاسایش دەکرێت کە کونسوڵخانە و کۆمپانیا و وەبەرهێنەران ڕوو بکەنە هەرێمی کوردستان.

**● هەرێمی کوردستان وەك پەناگەیەك بۆ پێکهاتەکانی تر**

پێشتر خەڵکی بەشەکانی تر بەرەو دەرەوەی سنوورەکانی عێراق هەڵدەهاتن، بەڵام ئێستا ڕوو لە هەرێمی کوردستان دەکەن تا سەر و ماڵیان پارێزراو بێت. سیاسەتی دەروازەی کراوە بۆ هەمووان بەتایبەتی بۆ مەسیحییەکان نموونەیەکی باشی بۆ هەرێمی کوردستان لە جیهانی دەرەوە دروست کرد و پێگەی هەرێمی بەهێزتر کرد. هاوکات هانی کۆمپانیا و وەبەرهێنەرە دەرەکییەکانی دا بۆ ئەوەی بێن لە هەرێمی کوردستان کار بکەن.

**● سەرچاوە سروشتییەکان**

سەرکردایەتی هەرێمی کوردستان درکیان بەو ڕاستییە کرد کە نەوت و غاز هۆکارێکە بۆ پەرەپێدانی هەرێم و بەدەستهێنانی پاڵپشتی لە بەرامبەر ئەو ئاستەنگانەی لە داهاتوودا تووشی دەبێت. پاش نەمانی سەدام چاودێران باوەڕیان وابوو کە هەرێم ڕۆڵێکی ژێرانەی بینیوە لە ڕاکێشانی کۆمپانیا ڕۆژئاواییەکانی نەوت، بە تایبەت ئەو کۆمپانییانەی کە ڕایەڵەیەکی بەهێزیان هەیە لەگەڵ بەرپرسە باڵاکانی کۆشکی سپیدا، پێشوەختیش هەرێم دەیزانی کە بۆ دۆزینەوەو هەناردەکردنی نەوت و غاز پێویستە تورکیاش بهێندرێتە نێو ئەو پرۆسەیەوە، چونکە ئەو وڵاتە دەتوانێت ببێتە ڕێڕەوێکی گرنگی نەوت و غاز.

**● کێشەی ئاسایشی وزە لە جیهان و ڕۆڵی کوردستان**

نەوت و غاز بۆ وڵاتە پیشەسازییەکان گرنگی خۆی هەیە، لە ئایندەشدا خواست لەسەر وزە زیاتر دەبێت. پێشبینی دەکرێت ناهاوسەنگی لەنێوان خواست و خستنەڕوو دروست، بێت بەتایبەت کاتێك بەکاربردنی نەوت لە ساڵی ٢٠٣٠ بۆ لە ٥٠٪ بەرز دەبێتەوە. ئەوەش ئاماژەیەکی روونە بۆ ئەوەی لە دوو دەیەی داهاتوودا لە بواری وزەدا کێشەی زۆر دروست دەبێت ڕۆڵی کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکانی نەوت لە پشتیوانی کوردستان بەتایبەتی (ئیکسۆن مۆبیل) توانیوێتی چەندین گرێبەستی کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکانی نەوت بۆ کوردستان رابکێشێت. سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەڕێز مسعود بارزانی باسی لەوە کرد کە لە ڕێگەی ئەم کۆمپانییانەوە کورد باشتر دەپارێزرێت لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی لەبەر ئەوەی خەڵکانی دەستڕۆیشتوو بەرگری لە بەرژەوەندییەکانی خۆیان لە کوردستان دەکەن، بە دەربڕینێکی تر ئەوان لە ڕێگەی بەرژەوەندییەکانی خۆیانەوە کوردستان دەپارێزن.

**● گەشەکردنی خێرای پیشەسازی نەوت و غاز**

حاڵی حازر کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکانی نەوت زیاتر روو لە کوردستان دەکەن، نەك ئەو ناوچانەی لە ژێر دەسەڵاتی بەغداددان. ژمارەی گرێبەستەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکانی نەوت لە ٢٠ گرێبەستی ساڵی ٢٠٠٩ بۆ ٥٠ گرێبەست لەساڵی ٢٠١٢ بەرز بۆتەوە، هۆکارەکەشی بۆ ئەو ژینگە لەبارە دەگەڕێتەوە کە هەرێم بەخۆیەوە بینیوە و توانیوێتی ئاسایش و سەقامگیری بهێنێتەدی و سیاسەتێکی حەکیمانە پیادە بکات و پێگەی هەرێم بخاتە سەر نەخشەی وزەی جیهانی. لەم ڕووەوە بەڕێز سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان نێچیرڤان بارزانی رایگەیاند: «دەرئەنجامی ئەم سیاسەتە بووەتە هۆی ئەوەی هەرێمی کوردستان جێ بەنچەی هەبێت لەسەر نەخشەی جیهانی وزە و هیچ گومانیشی تێدا نییە کە کوردستان ڕۆڵی گرنگتری دەبێت لە داهاتوودا بۆ دەستەبەرکردنی وزەی جیهانی».

*** ئەمە پوختەی باسێکە کە لە کۆنگرەی نێودەوڵەتی (کوردستانی عێراق دووبارە دارشتنەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست) پێشکەش کراوە.**

# ئەزموونی پێشکەوتن و ژینگەپارێزی، ژاپۆن وەک نموونە

عەبدولڕەحمان سدیق

لە ساڵرۆژی جیهانیی ژینگەدا کە دەکاتە (٥)ی حوزەیرانی هەموو ساڵێك، بە پێویستم زانی تیشکێك بخەمە سەر ئەزموونی ژاپۆن، کە لە دواهەفتەی مانگی ئاداری ساڵی (٢٠٠٤) وەك وەزیری ژینگەی ئەوسای عێراق، هاوڕێ لەگەڵ وەزیرانی ژینگەی وڵاتانی عەرەب لە سیمیناری ژاپۆنی - عەرەبی وەزیرانی ژینگە لە تۆکیۆی پایتەخت بەشدار بووم.

ئەوەی لای من جێگەی سەرنج بوو، ئەو راستییە ساکارە بوو کە دەڵێت: لە زۆربەی کاتدا پیسبوونی ژینگە زادەی پێشکەوتنێکی بێ بەرنامەیە بە ناوی پەرەپێدانەوە .

خاتوو (یۆریکو کۆیکە)ی وەزیری ژینگەی ژاپۆن لەو سیمینارەدا سەرەتا تیشکی خستە سەر مێژووی ژاپۆن لە دوای تەواوبوونی جەنگی دووەمی جیهانی و دەستپێکردنی هەڵمەتی ئاوەدانکردنەوەی ژاپۆن بە شێوەیەکی زۆر خێرا. لەو فیلمە دۆکیۆمێنتییەی کە پیشانیداین، بینیمان هەڵمەتێکی فراوانی دروستکردنی کارگە و هۆکاری گواستنەوە و بنیادنانی فراوانی خانووبەرە هەموو گۆشەیەکی ژاپۆنی گرتبۆوە. بەڵام بەرەبەرەو لە ئەنجامی تێکەڵبوونی ماددە پیسکارەکانی کارگەکان بە ئاوی رووبار و دەریاچەکان، زۆر گرفتی ژینگەیی سەریان هەڵدا. ئەمە سەرباری دووکەڵی کارگەکان و گازە ژەهراوییەکانی دیکەش کە تێکەڵ بە هەناسەی زۆرێك لە دانیشتووان بووە و ژمارەیەکی زۆری لێ نەخۆش خستوون.

خاتوو (کۆیکە) ئاماژەی بەوە دا کە چۆن دانیشتووان داوای یاساییان لە دژی ئەو کارگانە دادگا تۆمار کردووە، ئاماژەی بەوەشدا کە کەس و کاری قوربانییانی کەنداوی (میناماتا) هەتا ئێستاش قەرەبووی زیانەکانی ئەوسا وەردەگرنەوە!

خاتوو (کۆیکە)ی وەزیری ژینگەی ژاپۆن باسی ئەوەی کرد کە لە دەرەوە زۆرینەی خەڵك سەرسام بوون بە ژاپۆن و پێشکەوتنەکانی، بەڵام وەك ئەو دەیگوت — زۆربەی پێشکەوتنە تەکنەلۆژی و ماددییە سەرەتاییەکانی ژاپۆن لە سەر حیسابی ژینگە بووە و، دوای دەیان ساڵی دی ئەوسا رێڕەوی پێشکەوتن و پەرەپێدان بە ئاراستەی پاراستنی ژینگە راستکراوەتەوە، پاش ئەوەی لە ماوەی نێوان دە ساڵی (١٩٥٠- ١٩٦٠) ژمارەیەکی زۆری هاووڵاتییان بەهۆی پەرەپێدانی بێ بەرنامەوە گیانیان لە دەست داوە.

ڕۆژی دواتر لە ئێوارەخوانێکی سەرۆك وەزیرانی ئەوسای ژاپۆنیشدا (جۆنشیرو کۆیزومی) لە وتەیەکدا ئێمەی لە هەمان راستی ئاگادارکردەوە کە پێشکەوتنە سەرەتاییەکانی ژاپۆن باجی گەورەی بە دواوە بووە لە بواری پیسکردنی ژینگەدا و کات و بودجە و کاری گەورەی بە دوادا ئەنجام دراوە، هەتا رێڕەوی پەرەپێدان بە ئاراستەی پاراستنی ژینگەدا راستکراوەتەوە .

لەو دیدار و کۆبوونەوانەی کە بۆمان رێکخرا لەگەڵ هەر یەك لە بەڕێزان :

خاتوو (یۆریکۆ کۆیکە) وەزیری ژینگەی ژاپۆن.

خاتوو (یۆریکۆ کاواگۆچی) وەزیری دەرەوەی ژاپۆن.

کۆیچی ئۆباتا باڵیۆزی ژاپۆن لە شانشینی ئوردن.

ماسا میتسۆ ئۆکی باڵیۆزی ژاپۆن لە عێراق

سوچی کاتۆ بریکاری وەزیری ژینگەی ژاپۆن.

ساتۆشی تاناکا بەڕێوبەری نووسینگەی هاوکاری ژینگەیی لە وەزارەتی ژینگەی ژاپۆن.

ئیشینۆ کۆیا بەڕێوەبەری نووسینگەی نێودەوڵەتی ژینگەیی لە وەزارەتی ژینگەی ژاپۆن.

دیپلۆماتکاران و کارمەندان لە باڵیۆزخانەی عێراق لە ژاپۆن.

لە کۆی قسەکاندا، ئەم بەڕێزانە جەختیان لەسەر ئەوە دەکردەوە کە ئەزموونی ژاپۆن لە بواری پێشکەوتندا ئەم سیفاتانەی هەیە:

یەکەم: دەڵێن بۆ پێشکەوتن هەمیشە جیا لە رێگە تاقیکراوەکان، رێگەیەکی دیکەی نوێ هەیە.

دووەم: دەبێت پێشکەوتنی ماددی هاوشانی پارێزگاریکردن لە داب و نەریتی خۆماڵی بێت.

سێیەم: هاوشانی پێشکەوتنی تەکنەلۆژی، پاراستنی زمان و رێنووسی نەتەوەیی پێویستە.

چوارەم: پاراستنی توندوتۆڵی و شیرازەی کۆمەڵایەتی و بوونی تاك لە خزمەتی کۆمەڵگەدا پێویستن.

پێنجەم: ئەوپەڕی پێشکەوتن بۆ ئافرەت هەیە بەو مەرجەی هاوکات بێت لەگەڵ بەختەوەریی خێزان و بایەخدان بە منداڵ.

شەشەم: هۆشیاریی ئایینی گرنگە، بەڵام بە پێناسی ئەوان ئایین واتە : رەوشت و راستگۆیی راپەڕاندنی کار.

بۆیە ئەم خاڵەی دوایی زۆر بە جوانی لەگشت بوارەکانی ژیانیاندا رەنگی داوەتەوە .




بۆ گوڵان دەینووسێت
asidiq1962@yahoo.com

**پرۆفیسۆر تۆبیاس بۆهیلمت** لە زانکۆی ئیسکسی بەریتانی بۆ گوڵان:

# ڕاستە پێشمەرگە تەنیا هێزە لەسەر زەوی تیرۆریستانی داعشی تێکشاندووە، بەڵام پێشبینیکردن بۆ ئایندەی ناوچەکە کارێکی ئاسان نییە

**کێشەکان زۆرن، گۆڕانکارییەکانیش بە ئاڕاستەی نەرێنی لەسەر ئاستی جیۆپۆلیتیکی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەرەو خراپتر دەچن. لە بەرامبەردا پێشبینیکردن بۆ کێشەکان و ئامادەکاری بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان کەمن، ئەمەش وایکردووە بارودۆخەکە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەرەو خراپتر بچێت. بۆ قسەکردن لەسەر ئەم ڕەوشە ئاڵۆزەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئایندەی ئەم ناوچەیە ئەم وتووێژەمان لەگەڵ پرۆفیسۆر تۆبیاس بۆهملیت ئەنجامدا و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**



*** بە هۆی پێشکەوتنە خێراکانی تەکنەلۆژیا و ئەو مەترسییانەی لە ئاکامی ئەم پێشکەوتنە دێنە ئاراوە، بڕیارسازان و سیاسەت داڕێژەران و ناوەندەکانی توێژینەوە دوچاری دژواری دەبنەوە لە پێشبینیکردنی ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەر مرۆڤایەتیدا دێن، ئایا تا چەند ئەمە دەبێتە هۆی قووڵکردنەوەی کێشەکان لە جیهاندا؟**

- بە ڕادەیەکی زۆر. بەم دواییە حکومەتی ئەمریکا و بەریتانیا و هەروەها چەند حکومەتێکی دیکەی ڕۆژئاوا وەبەرهێنانێکی زۆریان کرد بۆ باشترکردنی توانای پێشبینیکردن بۆ باشتر چارەسەرکردنی کێشەکان، نەك هەر لە بواری ئەکادیمیدا، بەڵکو لە بواری دامەزراوەکانی سیاسەت و حکومەتیشدا. حکومەتەکان درك بەوە دەکەن، ئەمە کێشەیەکی گەورەیە. لەبەر ڕۆشنایی ئەوەی باسکرا، ئەوا پێدەچێت توانای حکومەتەکان لە ئاستێکی باشدا نەبێت، لەبەر ئەوە ڕووبەڕووی دژواری دەبینەوە بۆ زانینی ئەوەی چی دەگوزەرێت و لە پێدانی زانیاری بە بڕیارسازانیش ڕووبەڕووی دژواری دەبینەوە.

*** هەر کاتێك کێشە و قەیران ڕوودەدات، ئەوا نەتەوە یەکگرتووەکان، یان ناتوانێت ڕووبەڕووی ببێتەوە، یاخود ناتوانێت هەڵوێستێکی هاوبەش دروست بکات بۆ بەرەنگاربوونەوەی بەتایبەتی کێشەی تیرۆر. پرسیارەکە ئەوەیە ئایا تا چ ڕادەیەك ئەمە دەبێتەهۆی ئەوەی ئاشتی و ئاسایشی جیهان بکەوێتەوە مەترسییەوە؟**

- بە ڕاددەیەکی بەرچاو. ئەو بەرەوپێشچوونانەی لە دوای جەنگی دووەمی جیهانی بینیومانن، بریتی بووە لە هەڵکشانی ناکۆکییەکی ناهاوشان «asy-metric conflict» و ناکۆکیی ناتەقلیدی و تیرۆر و یاخیبوون، لە ڕاستیدا لە دوای کۆتاییهاتنی شەڕی سارد زیاتریش بوون، بەڵام ناکۆکییە گەورەکان لە جیهاندا داکشانیان بەخۆوە بینیوە، لەبەرامبەردا ناکۆکییەکانی دیکەی وەك تیرۆر و یاخیبوون و شەڕی ناوخۆیی زیاتر بوون.

*** ڕۆشنبیران و شارەزایان باس لەوە دەکەن کە دیاردەی دەوڵەت ڕووبەڕووی دوو تەحەددی بۆتەوە، یەکێکیان ئەوەیە دەوڵەتان لە وڵاتە تازەگەشەکردووەکان بەتایبەتی لە وڵاتای عەرەبی و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا توانای حوکمڕانیی باشیان نییە و توانای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریان نییە، لە ڕۆژئاواش لیبراڵ دیموکراسی نەیتوانیوە لە ئاست خواستەکانی خەڵکدا**

**بێت. پرسیارەکە ئەوەیە تا چ رادەیەك جیهان پێویستی بە دووبارە پێناسەکردنەوەی دەوڵەت هەیە؟**

- ئەو سیستەمی دەوڵەتەی ئێستا لە ئارادایە کەم تا زۆر لەسەر سیستەمی ویستفاڵیا دارێژراوە لە سەدەی حەڤدەدا، کە لەسەر بنەمای خاك و نەتەوە- دەوڵەتی نەتەوەیی- و بوونی حکومەتێکی کەم تا زۆر بەتوانا بۆ حوکمڕانیکردنی نەتەوەکە و ئەو خاکەی کۆنترۆڵی دەکات، بەڵام پەرەسەندنە جیهانییەکانی ئەم دواییە بەتایبەتی لە ڕوانگەی ئەمنییەوە، وەك یاخیبوون و تیرۆریزم تەحەددی زیاتر و زیاترن بۆ کۆنترۆڵی حکومەت. کە گرێدەدرێنەوە بەو دەوڵەتانەی توانایەکی لاوازیان هەیە، یان دەوڵەتە شکستخواردووەکانەوە. سەرنجەکەی دیکەتان کە پەیوەستە بە دیموکراسیەتی ڕۆژئاوا، یان دەوڵەتە ڕۆژئاواییەکانەوە کە بێتوانان لە چارەسەرکردنی ئەم پرسانە، سەرنجێکی تەواو ڕاست و دروست نییە، یاخود نابێت هەموو سیاسەتەکان بخرێنە ئەم خانەیەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، هەڕەشەی ئەمنی هەڕەشەیەکی هەنووکەییترە بۆ سەر بەردی بناغەی دەوڵەتی نەتەوەیی تەقلیدی و بەدڵنیاییەوە بۆتە تەحەددی. پرسیاری من لەبارەی بناغەی ئێستای دەوڵەتی نەتەوەیی، یاخود پێناسەی دەوڵەتی نەتەوەیی ئەوەیە کە حاڵی حازر، یان لە ئایندەیەکی نزیکدا بەدیلێکی نییە، بەڵام هەر دەبێت ئەو تەحەددییانەی ئێستا چارەسەر بکەین، ئەگەرچی بوونەتە هەڕەشەیەکی سەرەکی لەسەر پێناسەی تەقلیدی دەوڵەتی نەتەوەیی.

*** جیهان بەرەو جەنگی ئایینی خوێناوی دەڕوات. ئەگەری ئەوە هەیە گرژی لە نێوان ئیسلام و مەسیحییەت لە ئەوروپا ڕووبدات و ئەمەش سەردەکێشێت بۆ پێکدادانی شارستانییەتەکان، هەروەها کێشە و شەڕی تایفەگەری لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لە نێوان شیعە و سوننەدا بەرپابووە، ئەمەش سەردەکێشێت بۆ دووبارە دابەشکردنەوەی ناوچەکە، ئایا هاوڕایت لەگەڵ ئەمەدا و ئایا ئەم ململانێ کەلتوورییە ناگۆڕێت بۆ ململانێیەکی جیوپۆلەتیکی؟**

- ئەگەر بە وردی لە بەڵگەکان بڕوانین، ئەوا بە دەگمەن ئاماژەیەك بەدی دەکەین بۆ پێکدادانی شارستانییەتەکان. ڕاستە لایەنی ئایینی و شارستانی لە ئارادان، بەڵام ئەمە پێوەندییەکی زیاتری بە ناکۆکییە تەقلیدییەکان، یاخود ناکۆکییەکانی نێوان دەوڵەتانەوە نییە، بەڵکو پتر پێوەندی بە ناکۆکیی ناوخۆیی، یان شەڕی ناوخۆییەوە هەیە. زۆرجار ئاماژە بەوە دەکرێت کە ناکۆکییەکان پێوەندییان بە هۆکارە شارستانییەکانەوە هەیە و باس لە داگیرکردنی عێراق دەکرێت لە ساڵی ٢٠٠٣دا لەلایەن ئەمریکاوە. هەروەها ناکۆکییەکانی دیکە لە سەر ئاستی ناوخۆیی و لە پێوەندی بە داعشەوە باس لە هۆکاری ئایینی دەکرێت. بە زۆری حاڵەتەکە ئەوەیە کە ئەوانە هۆکاری ڕواڵەتین و زیاتر هۆکارە بنەڕەتی و تەقلیدییەکان ڕۆڵیان هەیە، وەك دەست بەسەرداگرتنی خاك و سیاسەتی حکومەت، کە ئەمانە بە دەگمەن گرێدەدرێنەوە بە ئایین، یان شارستانیەتێکی دیاریکراوەوە.

*** لەم ناوچەیەدا دەوڵەتێکی دیکە خۆی ڕاگەیاندووە کە دەوڵەتی ئیسلامییە و چەند بەشێکی سووریا و عێراقی خستۆتە ژێردەستی خۆیەوە. پرسیارەکە ئەوەیە: ئایا ئایندەی سووریا و عێراق چی بەسەر دێت؟ ئایا ئەمە سەرەتای ڕۆژگارێکی دیکە و چاوەڕوانی دروستبوونی دەوڵەتی دیکەی نوێ دەکرێت لەم ناوچەیەدا؟**

- ئەمە پرسیارێکە کە زۆر قورسە لەم ساتەوەختەدا پێشبینی بکەین. سەرەتا ئەوە دەڵێم دەست بەسەرداگرتنی بەشێك لە خاکی سووریا و عێراق بە مانای ئەوە نییە داعش دەوڵەت بێت و ئەمە تەنها کۆنترۆڵکردنی خاکە و ئەو بارودۆخەش یارمەتیدەر بوو کە لە هەردوو ئەو دوو وڵاتەدا (سووریا و عێراق) لەئارادا بوون. کە حکومەتەکان دووچاری دژواری بوونەوە لە کۆنترۆڵی خاکدا، بەهۆی شەڕی ناوخۆیی لە سووریا، هەروەها بەهۆی بارودۆخی دوای شەڕ لە عێراقدا. کەواتە داعش سوودی لە بارودۆخەکە وەرگرت و بە هیچ شێوەیەك مەسەلەکە ئەوە نییە خاوەنی دەوڵەتی خۆیان بن. پرسیارەکە ئەوەیە چۆن ئەمە بەردەوام دەبێت؟ لە ڕاستیدا لەگەڵ دامەزراندنی ئەوەی پێی دەڵێن دەوڵەتەکەی داعش، ئەوا زۆر زۆر زەحمەتە پێشبینی بکەین.

*** کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا نەتەوەیەکی بێ دەوڵەتە، هەروەها تاکە لایەنێکن کە هێزێکی زەمینی کارایان هەبێت بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریستان و بەرەنگاربوونەوەی داعش، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەو ئاڵ و گۆڕە جیهانییەی ئێستا ڕوودەدات دەرفەتێك نییە بۆ ئەوەی کورد سەربەخۆیی بەدەست بهێنێت؟**

- ئەمەش پەیوەستە بە خاڵی پێشووەوە، مەبەستم ئەوەیە کە زەحمەتە پێشبینی بکەین. ئەوەی ئێوە دەیڵێن ڕاستە کە پێشمەرگە تاکە هێزێکی زەمینییە توانیبێتی ڕووبەڕووی هەڕەشەی داعش ببێتەوە، ئەمەمان لە کۆبانێ و کوردستانی عێراق بەدی کرد چەند مانگێك پێش ئێستا، هەروەها بەم دواییە لە چەند شوێنێکی عێراق و سووریا دووبارە سەرکەوتنەکانیان دووبارە بووەوە، بۆیە وێڕای ئەم ڕاستییانەش پێشبینی کردن لەسەر پرسێکی لەمجۆرە ئاسان نییە.

**ناکۆکییە گەورەکان لە جیهاندا داکشانیان بەخۆوە بینیوە، لەبەرامبەردا ناکۆکییەکانی دیکەی وەک تیرۆر و یاخیبوون و شەڕی ناوخۆیی زیاتر بوون**

## پرۆفیسۆر جیرالد هۆرن سەرۆکی بەشی مێژوو لە زانکۆی هۆستن بۆ گوڵان:

# ئامانجی زۆربەی شۆڕشەکان بۆ سەربەخۆییە، سەربەخۆیی کوردستانیش پێویستی بە پشتگیریی نێودەوڵەتی هەیە



**پرۆفیسۆر جیرالد هۆرن سەرۆکی بەشی مێژوو و بەڕێوەبەری دیراساتی ئەمریکی و ئەفریقییە لە زانکۆی هۆستن. بۆ قسەکردن لەسەر چەمکی شۆڕش لە مێژووی مرۆڤایەتی و ئامانجی شۆڕش بۆ سەربەخۆیی نەتەوەکان، هەروەها شۆڕشە جیهانییەکان وەك شۆڕشی پیشەسازی لە بەریتانیا و شۆڕشی تەکنەلۆژیا، ئەم وتووێژەمان لەگەڵ ئەنجامدا و بەمجۆرە بۆچوونەکانی بۆ گوڵان خستەڕوو.**

*** تا چەند لەگەڵ ئەوەدا هاوڕایت کە مانای شۆڕش زەمینەسازییە بۆ گۆڕانکاری و دیاریکردنی خواستەکانی نەتەوە؟**

- ئەگەر بە شێوەیەکی گشتی قسە لەسەر شۆڕش بکەین، ئەوا شۆڕش پێکدادانی چینەکان لەخۆ دەگرێت. بۆ نموونە: ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ شۆڕشی هایتییەکان لە نێوان سالانی ١٧٩١ بۆ ١٨٠٤ (شۆڕشی هایتییە کۆیلەکان لە موستەعمەرەی فەرەنسی لە سان دۆمینگۆ) کە بریتی بوو لە شۆڕشی کۆیلە ئەفریقییەکان دژی خاوەن کۆیلەکان- کە کۆلۆنیالیيە فەرەنسیەکان بوون-، لە ئەنجامی ئەم شۆڕشەشدا حوکمڕانی وڵاتەکە گۆڕا. واتە ئەوانەی پێشتر کۆیلە بوون، بوونە حوکمڕان و ئەوانەی خاوەن کۆیلە بوون، یان دەبوو واقیعە نوێیەکە قبووڵ بکەن، یاخود وڵات جێبهێڵن، کە زۆربەیان ئەم کارەیان کرد و بەرەو فەرەنسا و ئەمریکا و کوبا و. تاد هەڵاتن. ئاماژەم بە کوبا کرد و ئەگەر باسی شۆڕشی ئەم وڵاتەش بکەین لە ساڵی ١٩٥٩، ئەوا شۆڕشێك بوو پێکدادانی لە خۆگرت لە نێوان حوکمڕانە کۆلۆنیالیيە نوێیەکان و خەڵکەوە کە لەلایەن واشنتۆنەوە (ئەمریکا) پشتیوانییان لێدەکرا. ئەگەر باس لە شۆڕشی ڕووسی بکەین لە ساڵی ١٩١٧، ئەوا پێکدادان بوو لە نێوان نوخبەی حوکمڕانی گەندەڵکاری ڕووسیا و چینی کرێکار و جووتیاراندا. کەواتە ئەگەر بە شێوەیەکی گشتی قسە بکەین ئەوا شۆڕش پێکدادانی توند لەخۆ دەگرێت بە زۆری لە نێوان چینەکاندا کە گۆڕانکاری لە سیستمی سیاسی، هەروەها زۆرجار لە سیستمی ئابووریشی لێدەکەوێتەوە.

*** بۆچی شۆڕشی فەرەنسی لە شۆڕشەکانی دیکە دیارتر و بەرچاوترە و تا چ ڕادەیەك لە مێژووی مرۆڤایەتیدا ڕەنگدانەوەی گۆڕانکاری بووە؟**

- لە بەشێکیدا گرنگییەکەی لەوەدا بوو کە بووە هۆی بەرپابوونی شۆڕشی هایتییەکان، (هایتییەکان، یان ئەوانەی دواتر بوونە نەتەوەی هایتی کە موستەعمەرەیەکی فەرەنسی بوون)، کاتێك شۆڕشی فەرەنسی لە ساڵی ١٧٨٩دا ڕوویدا، ئەمە نائارامی لە هایتی دروست کرد و سەری کێشا بۆ شۆڕشی هایتییەکان لە ئابی ساڵی ١٧٩١دا. کەواتە یەکەمجار شۆڕشی فەرەنسی لەبەر ئەوە گرنگ بوو کە بووە هۆی هەڵگیرسانی شۆڕشی هایتییەکان، دووەمیان لەبەر ئەوە بوو کە شۆڕشێك بوو دژ بە فیودالییەت، هەروەها شۆڕشێك بوو دژ بە پاشایەتی، هەروەها گرنگ بوو لەبەر ئەوەی لە شۆڕشی ئەمریکای باکوور زیاتر دەستکەوتی لێکەوتەوە، چونکە لە کاتێکدا شۆڕشی ئەمریکا بە سەرکردایەتی جۆرج واشنتۆن دژ بە پاشایەتی بوو، بەڵام لەگەڵ کۆیلایەتیدا بوو، لە کاتێکدا شۆڕشی فەرەنسی بووە هۆی شۆڕشی

دژ بــە کۆیلایەتی لە هایتی، واتە لە شۆڕشـــی ئەمریکیدا دژ بە کۆیلایەتی کار نەکــرا، بەڵکو لە پێناوی کۆیلایەتیدا کار کرا و دوای شۆڕشـــەکە ڕێــژەی کۆیلەکان زیادی کرد. کەواتە گرنگی شۆڕشی فەڕەنسی لەوەدا بوو کە بووە هۆی بەرپابوونی شۆڕشی دژ بە کۆیلایەتی لە هایتی، هەروەها لە شۆڕشی ئەمریکیش زیاتر دەرئەنجامی هەبوو.

*** هەموو شۆڕشێك دەبێت ڕۆشـــنبیران پشتیوانی لێبکەن و هەروەها دەبێت ئاستێك لە هۆشیاری هەبێت لەلایەن خەڵکەوە، پرســـیارەکە ئەوەیە تا چ ڕاددەیـــەك گرنگە بۆ ئەنجامدانی شۆڕش و بۆ ئامانجەکانی ژێرخانێکی هۆشیاری هەبێت؟**

- بە دڵنیاییەوە نەك هەر ژێرخانی مەعریفی، بەڵکو پێویستە لەسەر ئاستێکی بەربڵاو خوێنەواریش هەبێت وەك پێشمەرجی شۆڕش. کاتێك باس لە ژێرخانی مەعریفە دەکەین ئەوا دەبێت باس لە هۆکارەکانی پێوەندیکردن بکەین، نەك هەر تەلەفۆن و ئەنتەرنێت، بەڵکو ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و بڵاوکردنەوەی کتێب و پەروەردەی گشتی، هەموو ئەمانە سوودبەخشن، ئەگەر نەڵێم پێشمەرجی پێویستن بۆ شۆڕش.

*** زۆرجار باس لەوە دەکرێت کە شۆڕش بۆ بەدەستهێنانەوەی ناســـنامەی نەتەوەیەکە و لە پێناو سەربەخۆیی و ئازادی و دروســـتکردنی دەوڵەتی نەتەوەییدایـــە، بۆ نموونە گاندی بۆ ئازادی هیندستان تێکۆشا و جۆرج واشنتۆن بۆ سەربەخۆیی ئەمریکا، پرســـیارەکە ئەوەیە تا چ ڕادەیەك ئەو شۆڕشانەی لە پێناوی دروســـتکردنی دەوڵەتدا بەرپا دەکرێن، دووچاری دژواری زیاتر دەبنەوە؟**

- لەبەر ئەوەی بە زۆری شۆڕشەکان پێکدادانی نێوان چینەکان لەخۆ دەگرێت، ئەگەر لە کوبا بڕوانیت، ئەوا نزیکەی هەموو چینەکان لەلایەن ڕژێمـــە کۆلۆنیاڵییە نوێیەکەوە کە لەلایەن هێـــزە دەرەکییەکانی ئەمریکا پاڵپشـــتی دەکرا، ســـەرکوت دەکران. ئەگەر لە شۆڕشـــی هایتییەکان بڕوانیت، ئەوا کۆیلە ئەفریقییەکان ســـەرکوت دەکران لەلایەن خـــاوەن کۆیلەکانەوە کە فەڕەنســـییەکان پشتیوانییان دەکردن. کەواتە بە دڵنیاییەوە شـــۆڕش نەك هەر زۆرجار تەنها نابێتە هۆی ئەوەی چینێك جێی چینێکی دیکە بگرێتەوە، بەڵکو ســـەربەخۆییش لەخۆ دەگرێت، لەبەر ئـــەوەی چیتر ئەو نەتەوەییە نایەوێت لەلایەن نەتەوەیەکی دیکەوە حوکمڕانی بکرێت، هیندســـتان لە ساڵی ١٩٤٧دا چیتر نەیویست لەلایەن لەندەنەوە حوکمڕانی بکرێت. لە ڕاستیدا زۆرێك لە شۆڕشەکان کە لە دوای جەنگی دووەمی جیهانی ڕوویاندا، لە دوای ساڵی ١٩٤٥ـەوە سەربەخۆییان بە ئامانج دەگرت. ماوتسی تۆنگ لە ساڵی ١٩٤٩دا لەبەردەم خەڵکەکـــەدا ڕایگەیانـــد: «the Chinese people have stood up» ئەوە لە بەشـــێکیدا مەبەستی ئەوە بوو کە چین ڕازی نابێـــت لەلایەن هێزێکەوە کـــە پێکهاتبێت لە ئەوروپی و ئەمریکـــی و یابانـــی حوکمڕانی بکرێـــت، بەڵکو لەلایەن چینیەکانـــەوە حوکمڕانی دەکرێت، لەبـــەر ئەوە بە دڵنیاییەوە زۆرجار شۆڕشەکان سەربەخۆیی بە ئامانج دەگرن.

*** ناوچەکە و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســـت بە گۆڕانکاری و ئاڵ و گۆڕدا تێدەپەڕن، کوردەکانیش پێیانوایە ئەمە ساتەوەختێکی لەبارە بۆ ڕاگەیاندنی ســـەربەخۆیی، بەتایبەتی کە دەوڵەتی ئیسلامی هەوڵی سڕینەوەی سنوورەکانی ئەم ناوچەیە دەدات. پرسیارەکە ئەوەیە ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە کورد سوود لەم ئاڵ و گۆڕ و گۆڕانکارییانـــە وەربگرێت و خەونی لە مێژینەی خۆی بێنێتەدی؟**

- مـــن لە خەباتـــی کورد تێدەگەم و هاوســـۆزم لەگەڵیاندا، بەتایبەتـــی بـــۆ ئـــەو ســـەرکەوتنە مەزنەی لە شـــەڕی تیرۆریســـتانی داعش و لە کۆبانێ بەدەستیان هێنا. هەروەها هاوسۆزم لەگەڵ ئەو کوردانەی دووچاری نائومێدی هاتن لە ئیدارەدانی کورد لە تورکیادا، لەسایەی ئەم کەشە هاوکارییەدا بـــاش تێدەگەین کە بۆچی کورد – بەتایبەتی لەو بەشـــەی جیهاندا - هەوڵی بەدەســـتهێنانی ســـەربەخۆیی دەدەن. من هیوادارم کورد لە هەوڵیاندا بۆ بەدەســـتهێنانی سەربەخۆیی، بتوانن پشتیوانی ڕووسیا، چین، بەڕازیل و ئەفریقیای باشوور و کوبا و حکومەتی هیندستان بەدەست بهێنن، چونکە ئەگەر ئەو پشتیوانییە دەستەبەر بوو، ئەوا ئاسانترە دەبێت بۆ ئەوەی بتوانن دەوڵەتی سەربەخۆ دابمەزرێنن.

*** زۆرجار باس لە شۆڕشـــی زانستی دەکرێت، وەك شۆڕشی پیشەســـازی لـــە بەریتانیا و ئێســـتاش باس لە شۆڕشـــی تەکنەلۆجی دەکرێت، ئایا پێشـــبینی دەکرێت ئەم شۆڕشـــە لـــە ڕووی بەرەوپێشـــچوونەوە هەمان کاریگەری شۆڕشـــی پیشەسازی لێبکەوێتەوە؟**

- ئەو ئەگـــەرە هەیە، پێموایە شۆڕشـــی تەکنەلۆجیای ئەم ڕۆژگارە پێوەندی بەســـتنی ئاســـان کردووە و ئێوە لە هەولێر و من لە ئەمریکا پێکەوە قســـە دەکەین. چەند ســـاڵێك پێش ئێستا ئەمە مومکین نەبوو. ئاشکرایە شۆڕشی تەکنەلۆجی کاریگەریی گرنگی لێدەکەوێتەوە و لە ڕووی دروســـتکردنی پێوەنـــدی و بڕینی ســـنوورە نەتەوەییەکان و گواســـتنەوەی ئایدیـــاکان بەو ســـنوورانەدا. خاڵی دووەم ئەوەیە شۆڕشـــی تەکنەلۆجیا بەتایبەتی هاتنەئارای ڕۆبۆت و کاریگەرییەکەی لەسەر بێکارکردن، ئەگەری ئەوەی هەیە کاریگەری ڕیشەیی هەبێت لەســـەر چینی کرێکاران لە زۆرێك لە وڵاتاندا، لەبەر ئەوەی چینی کرێکاران دەبینین ڕۆبۆت کارەکانی ئەوان ئەنجام دەدات و ئەوانیش ناچار دەکات لە کارکردن ڕابوەســـتن، بەڵام زۆرجار خەڵکی لە بری ڕاوەســـتان لە کارکردن شەڕ دەکەن و لە سایەی شۆڕشـــدا ئەو کارە دەکەن، کەواتە ئەگەری ئەوە هەیە شۆڕشـــی تەکنەلۆجی خۆی سەربکێشێت بۆ شۆڕش. بـــەڵام دەبێت ئەوەمان لە یاد بێت، کـــە نوخبەی حوکمڕانی گەندەڵکاریش دەســـتیان بەم تەکنەلۆجیایـــەدا ڕادەگات. لە ئەمریکا لەسەر دروســـتکردنی سوپای ڕۆبۆت کار دەکرێت، هەروەك چۆن شەڕی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان دەکرێت، لەبەر ئەوە ئەگەری ئەوەش هەیە کە شۆڕشی تەکنەلۆجیا هۆکارێك بێت بۆ دژەشـــۆڕش، هێندەی ئەوەی هۆکارێك بێت بۆ بەرپابوونی شۆڕش.

**هاتنەئارای ڕۆبۆت و کاریگەرییەکەی لەسەر بێکارکردن، ئەگەری ئەوەی هەیە کاریگەری ڕیشەیی هەبێت لەسەر چینی کرێکاران لە زۆرێك لە وڵاتاندا، لەبەر ئەوەی چینی کرێکاران دەبینن ڕۆبۆت کارەکانی ئەوان ئەنجام دەدات و ئەوانیش ناچار دەکات لە کارکردن ڕابوەستن، بەڵام زۆرجار خەڵکی لە بری ڕاوەستان لە کارکردن شەڕ دەکەن و لە سایەی شۆڕشدا ئەو کارە دەکەن**

**من لە خەباتی کورد تێدەگەم و هاوسۆزم لەگەڵیاندا، بەتایبەتی بۆ ئەو سەرکەوتنە مەزنەی لە شەڕی تیرۆریستانی داعش و لە کۆبانێ بەدەستیان هێنا**

# بەڕێوەبردنی وزە و کارەبا لە هەرێمی کوردستان



محەمەد ئەمین هەورامانی

بۆ گوڵان نووسیویەتی

ئیدارەی کەرتی وزە لە کوردستاندا لە قۆناغە سەرەتاییەکانیدایە، بۆیە ئاساییە کە ستراکتۆری وزە ببێتە جێگەی گفتوگۆ و ریفۆرمسازی، ئەویش بە سوود وەرگرتن لە تەحەدییەکان و ئەزموونی سەختی رابردووی ژێرخانی سامانە سروشتییەکان و کارەبا، کە لە بناغەدا پەیکەرەکە میراتی ئیدارەی شکستخواردووی کەرتی وزەی عێراقە لە نەوت و کارەبادا. سەبارەت بە ریفۆرمیش پێویست بە لەبەرچاوگرتنی چارەسەری کێشەکانی ناوخۆی وزە لەلایەك و سوود وەرگرتن لە ستاندەرە جیهانی و ئەزموونی ئیدارەی وزە لە وڵاتانی بیانی لە لایەکی تر دەکات، بۆ ئەوەی بەو ریفۆرمەوە کەرتی وزە ببێتە سەرچاوەی بووژانەوەی ئابووری کوردستان نەك بەفیرۆدانی سامانی وڵات.

بە بێ رۆڵی کارای کەرتی تایبەت و کۆمپانیا پرۆفیشناڵ و بەتواناکان پێشخستنی ئیدارەو پیشەسازی وزە سەرکەوتوو نابێت. بۆیە لە بڕیارە هەنووکەییەکان و ریفۆرمی تەشریعاتی نوێی وزە نابێت ئەمە پشتگوێ بخرێت، بەتایبەتی لە سێکتەری دابەشکردن و کۆکردنەوەی داهاتی وزەی کارەبا کە ساڵانێکە پشتگوێ خراوە. ئاستەمە کۆنترۆڵی نزیکەی ١,٢٠٠,٠٠٠ هاوبەشی کارەبا بکرێت، لەکاتێکدا کۆنترۆڵی هاوبەشە گەورەکانی کارەباش نەکراوە. کە باس لە وزە دەکرێت واتا باسکردن لە سامان و کایەیەکی گرنگی وڵات، پلان و ستراتیژیی سەرچاوەکانی وزە و پێشخستنیان بۆ بووژانەوەی ژێرخانی ئابووری و ریفۆرم لە ئیدارە و یاساکانی تایبەت بە پەیکەر و بەڕێوەبردنی کەرتەکانی وزە لە کارەبا و نەوت و گاز بە پلەی یەکەم.

سەرەڕای رەخنەی حکومەتی مەرکەزی و نەیارانیش لە پلانی ئابووری تایبەت بە کەرتی وزە لە کاتێکدا دەشیانزانی کوردستان بەرەو سەربەخۆیی ئابووری دەبات، بەڵام حکومەتی هەرێمی کوردستان توانی دەوڵەمەند بێت بەو سەرچاوانە، گەرچی وەك پێویست بوار نەڕەخساوە بۆ وەبەرهێنانی زیاتر و گرنگیپێدانی. هەروەها ستراکتۆرێکی تۆکمە و روون و یەکگرتووی نەبووە لە تەوزیفکردن و سوودوەرگرتن لەو سەرچاوانەی وەك: ئاو، خەڵوزی بەردین، یۆرانیۆم، زۆر کانزای گرنگی تریش کە بەشێکیان ناسراون بە وزەی نوێ، یا وزەی جێگرەوە و گرنگییان لەوەدایە دۆستی ژینگەن و نوێ دەبنەوە، بەپێچەوانەی وزە کابۆهایدرایتەکان سنووردار نین و بە پێچەوانەی وزەی کلاسیك و فۆسیڵن. لەم بوارەدا وزەی ئاویش وزەیەکی خاوێنە بۆ ژینگە و پێوەندی بە ئاسایشی خۆراکیشەوە هەیە، هەربۆیە لە زۆربەی وڵاتان ئیدارەی کەرتی ئاو و ژینگە و پیشەسازی هەموویان خراونەتە سەر ئیدارەی کەرتی وزە، بۆ نموونە: (تورکیا وەزارەتی وزە و سەرچاوە سروشتییەکان، سعودییە وەزارەتی


ئاو و کارەبا، ئیسـراییل کۆمپانیای کارەبای ئیسـرائیل، ئوردن وەزارەتی وزە و سەرچاوە کانزاییەکان، یابان وەزارەتی ئابـووری و بازرگانی و پیشەسـازی، چیـك وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی، لوبنان وەزارەتی وزە و ئاو، نەرویج وەزارەتـی نـەوت و وزە، ئەمریکا لیژنەی یاسـایی وزەی فیدراڵ، نیوزیلەندا وەزارەتی ئابووری و وزە پێدان، ئۆکرانیا وەزارەتی نەوت و وزە، کۆریای باشوور وەزارەتی زانیاری و ئابووری سەرپەرشتی کۆمپانیاکانی وزە، مەغریب وەزارەتی وزەو میـن، تونس وەزارەتی پیشەسـازی و وزە، کۆماری ئەفریقیای ناوەڕاست کۆمپانیای ئینرجی سیتەر ئەفریکان، کۆریای باکوور وەزارەتی پیشەسـازی تواناکان، کازاغستان وەزارەتـی وزە .. تـاد). کە دەکرێـت حکومەتی هەرێمی کوردستان سوود لە سـتراکتۆری ئیداری ئەم وەزارەتانەی وڵاتانـی ناوبراو وەربگرن کە زۆربەی هەرە زۆریان بە ناوی وزە و سـێکتەری پێوەندیدارن نەوەك ئیدارەی سـەربەخۆ بە کارەباوە.

لـەو وڵاتانەی کە بڕیـاری ئیـدارەی کەرتەکانی وزە دەخرێتە چوارچێوەی بەشی حزبەکان و پرۆسەی سیاسییەوە، بیروبۆچوونەکان جیاواز و ڕێژەیی دەبن، هەرگیز گونجاو نییە ئەم کەرتە پەیوەست بێت بەو کێشمەکێشە سیاسییەوە، هەر ئەم خاڵەیە کە لایەنی ئابـووری و دابینکردنی خزمەتگوزاری بـۆ هاووڵاتییان زیاتر دوادەخات. لە باسـکردنی ئیدارەی وزەدا باشـترە ئاماژە بە پاشـخانەکان بدەین، لە سـەرەتاوە حکومەت هیچ ئەزموون و وەزارەتێکی سەربەخۆ، یا تایبەت بە وزە، یا کارەبای نەبووە، جگە لە وەزارەتی پیشەسـازی و وزە کە هاوشـێوەی ئەزموونی پێشـووی عێراق بووە کە تەنها کاری دابەشـکردنی بەرهەمـە نەوتییەکان بووە، لەو سەردەمەدا لە پاڵاوتگەی بێجی بە پچڕ پچڕ بۆی هاتوون، یان ئیدارەی تۆڕێکی گواسـتنەوە و دابەشکردنی لاوازی کارەبـا کە لە چەند سـەد مێگاواتێك تێنەپەڕیوە. ئێسـتا دۆخی وزە گۆڕدراوە و پێشـکەوتنێکی باش هاتووتەدی. لەکابینـەی پێنجەمەوە بۆ یەکەمجار بڕیاری دوو وەزارەتی سـەربەخۆ بۆ سامانە سروشـتییەکان و کارەبا درا وەك دوو کیانی سـەربەخۆ، سـەرەڕای هەماهەنگییەکانی نێوانیان چارەسـەری کەموکوڕییەکان نەکرا، شیاوترە ئەم کەرتە بە کەسـی تەکنۆکرات بسـپێردرایە، هەر بۆیە هیچ حزبێکی سیاسـی هەوڵی وەرگرتنی نـەدەدا، چونکە بە کەرتێکی خاوەن کێشە دەناسرا، کارەبا هەمیشە دوایەمین وەزارەت بووە کە دەستنیشـانی وەزیری دوادەکەوت و چەندین کابینە بێ وەزیری کارەبا رادەگەیەندرا، بە نموونە لەکابینەی شـەش ڕوویدا. وەزارەتی سـامانە سروشـتییەکانیش لە کابینەی پێنجەمدا دەستبەکاربوونی وەزیرەکەی دواکەوت، تا کابینەی هەشـتەمیش هیچ حزبێك بە فەرمی داوای ئەو وەزارەتەی نەکردووە. لەوانەیە بەهۆی کەم ئەزموونی کەرتی نەوت بێت لە هەرێم، ئەگەرچـی ئەزموونی ئیدارەی نەوت لە عێراق ٧٠ ساڵی تێپەڕاندووە. بە درێژایی ئەو ماوەیە گەلی کورد بێبەش و دوورخراوەتەوە لە ئیدارە و ئەزموونی نەوت، تەنانەت ڕێـژەی کورد لەو کەرتە بە ئێسـتای کەرکـووك و ناوچە کوردسـتانییەکانی دەرەوەی هەرێم لە ١٤٪ تێناپەڕێت، لە کاتێکدا زۆرینەی دانیشتووانی ئەو ناوچانە کوردن، کەچی زۆرجار ئێستا موزایەدەی سیاسی لەسەر ئیدارە و پێشخستنی کەرتی وزە بۆ مەرامی تر دەکرێت. بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سـەرۆکی حکومەتـی هەرێمی کوردسـتان گرنگی بەم کەرتە داوەو زۆربـەی کاتی خۆی بۆ تەرخانکردووە، بەڵام ئەنجامەکان بە گوێرەی جوهد و خەرجیەکان نییە، بەتایبەت لەکەرتـی کارەبا، بۆ نموونە لە سـاڵەکانی ٢٠٠٦-٢٠١٢ زۆرتریـن بودجە بە تەنها بۆ ژێرخان و پێداویسـتییەکانی وەزارەتـی کارەبا خەرجکراوە، کە مەزەنـدە کراوە بە پتر لە ٢٠٪ی بودجەی سـاڵانەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بووە، ئێسـتاش خەرجییە بەکاربەرەکانی ئەو وەزارەتە ساڵانە دەگاتە پتر لە ٣ ملیار دۆلار کە قەبەترینیان بۆ دابینکردنی سووتەمەنی و کڕینی گازوایل و کارەبایە لە وەبەرهێنەرەکان کە بە تێکڕا ساڵانە زیاتر لە ٩٢٪ی کۆی گشتی کارەبای بەرهەمهاتوو دەگرێتەوە.

نەخشـەی خـوارەوە قۆناغەکانـی دابینکردنی وزەی کارەبـا پیشـان دەدات لـە نێـوان هـەردوو وەزارەتدا کە

**ئاستی بەرهەمهێنانی کارەبا لەچەند ساڵی رابردوودا گەشە و بەرزبوونەوەی بەرچاوی بەخۆوە بینیوە، هاوکات خواستی بەکارهێنانیش رووی لەهەڵکشان کردووە**

**تێکەڵبوونی ئەرکەکانی وەزارەتی کارەبا لە بەرهەمهێنان و گواستنەوەو دابەشکردنی کارەبا لەگەڵ کێشەی سووتەمەنی بڕیاری سیاسیی و گفتوگۆ و راگۆڕینەوەی پێویستە کە لەگەڵ ریفۆرمی یاساو رێساکان بگونجێت**



دەستپێکەکەی دابینکردنی سووتەمەنییە کە خەرجێکی گەورەی بەرهەمهێنانی وزەی کارەبایە، بەڵام ئەرکی سامانە سروشتییەکانە، چونکە زۆربەی بەرهەمی کارەبا پشت بە سووتەمەنی گازوایل دەبەستێت، وێستگەکانی بەرهەمهێنانیش لەشێوەی سیمبڵ سایکلن کە چوستی گەرمیەکانیان زۆر نزمن لەسنووری لە ٣٢٪ تێناپەڕێت، دواتر قۆناغەکانی بەرهەمهێنان و گواستنەوە ناسراوە بە پاوەر فلۆ، فلۆی قۆناغەکانی خەرجییەکان کە بە فلۆی پارە ناوبراوە لە هاوبەشە جیاجیاکانی کارەباوە دەست پێدەکات، کە بە سێکتەری دابەشکردن ناسراوە، زۆربەی گیروگرفتەکانی کارەبا لەم سێکتەرەوە سەرچاوە دەگرن، بەهۆی سەرپێچی سەر تۆڕەکان و گیروگرفتی کۆنترۆڵکردن و کۆنەکردنەوەی داهات بەپێی پێویست. بە گوێرەی راپۆرتەکانی وەزارەتی کارەبا و شارەزا بیانییەکان نزیکەی لە ٣٥٪ی ئەم وزەیە بزرە، دەکرێت نزیکەی لە ١٠-١٣٪ بزری تەکنیکی بێت، ئەمەش زیاترە لە ستاندارە جیهانییەکان کە لە سنووری ٨٪ مەزندە کراوە، بزرە گەورەکەش لە ئەنجامی سەرپێچی و کێشەی گواستنەوە و دابەشکردن و بارگرانی سەر تۆڕ و ئامێرەکانە کە دەکرێت لە رێگەی کۆنترۆڵکردنی سەرپێچییەکان و پەیڕەوکردنی رێنماییەکان و کۆکردنەوەی داهات بە رێکوپێکی و هاتنە پێشەوەی کەرتی تایبەت و نەبەخشینی سێکتەری ئاوی خواردنەوە و رووناککردنەوەی شەقامەکان لە کرێی کارەبا کە نزیکەی ٢٠٠ مێگاواتیان بۆ راکێشراوە، تەنانەت کارگە گەورەکانی چیمەنتۆ و توانەوەی ئاسن کە لە ٢٠٠ مێگاواتەوە بۆ ٤٠٠ مێگاوات زیادی کردووە، کە تەنیا لە ٩٪ی نرخی کارەبایان بۆ دانراوە و بە رێکوپێکیش نایدەن، واتا نرخە فەرمییەکە ٢٠ دینارە بۆ یەك کیلۆوات سەعات کە ٣ جار کەمترە لە نرخی کارەبای نیشتەجێی هاووڵاتیان، لە کاتێکدا تێکڕای خەرجی و نرخی یەکەی کارەبا لە سەر حکومەت ٢٢٠ دیناری تێپەڕاندووە بۆ یەك کیلۆوات سەعات.

تێکەڵبوونی ئەرکەکانی وەزارەتی کارەبا لە بەرهەمهێنان و گواستنەوەو دابەشکردنی کارەبا لەگەڵ کێشەی سووتەمەنی بڕیاری سیاسیی و گفتوگۆ و راگۆڕینەوەی پێویستە کە لەگەڵ ریفۆرمی یاساو رێساکان بگونجێت، ئەمە گرفت و کێشەن لە ئیدارە و هەیکەلییەتی ئەم کەرتەدا. لە کارنامەی کابینەی حەوتی وەزارەتی کارەبا هاتووە کە وەزارەت کار دەکات بۆ دامەزراندنی وەزارەتی وزە، بە دڵنیاییەوە ئەمە هەموو کێشەکان چارەسەر ناکات، بەڵام هەنگاوێکە بۆ پێشەوە. مێژووی کەرتی کارەبا لەعێراق و کوردستان هەر لەسەرەتای هاتنی ئینگلیزەکان لە ساڵی ١٩٢٧ کە کۆمپانیایەکی بچووکی کارەبایان بۆ خزمەتی سوپاکەیان هێنا و دواتر بەشێکی بەغدایان پێ رووناك کردەوە و دواتریش ئاژانسی نیشتمانی کارەبا دامەزرا، کە سەرانسەری وڵاتی گرتەوە سەرەتا بەرهەمهێنان و گواستنەوە و دابەشکردن سەر بە وەزارەتی پیشەسازی و کانزاکان بوون، لە هەرێمی کوردستانیش تەنیا بەڕێوەبەرایەتی دابەشکردنی کارەبا لەهەرسێ پارێزگا هەبوو، دوو وێستگەی هایدرۆی بەرهەمهێنانی کارەبا لە دووکان و دەربەندیخان هەبوو، لەگەڵ دامەزراندنی یەکەمین کابینەی حکومەت بووە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کارەبای سەر بەوەزارەتی پیشەسازی و وزە، ئەم پەیکەرە بەردەوام بوو تا دەستپێکردنی چالاکییەکانی رێکخراوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی ١٩٩٧ بۆ ساڵی ٢٠٠٣ کە چەند تۆڕێکی پاڵەبەستۆی بەرز و وێستگەی گۆڕینی کارەباو ٣ وێستگەی ٢٩ مێگاواتی بەرهەمهێنانی کارەبا دامەزرا. هەر بۆیە

**لەو وڵاتانەی کە بڕیاری ئیدارەی کەرتەکانی وزە دەخرێتە چوارچێوەی بەشی حزبەکان و پرۆسەی سیاسییەوە، بیروبۆچوونەکان جیاواز و رێژەیی دەبن**



ئاستی

دامەزراوەکە

بۆ بریکاری

وەزیر بەرزکرایەوە و

تا لە کابینەی پێنجەم

بووە وەزارەتی کارەبا.

بۆ پێداچوونە بە کەرتی وزە بەگشتی لێرەدا زیاتر تیشك دەخەمە سەر کەرتی کارەبا و پێداویستی ئەو کەرتە لە رابردوودا بە وەزارەت:

١.بەپێی بووژانەوە و فراوانبوونی زۆربەی کەرتەکانی تر پێویستە بودجەی زۆر بۆ گەیاندنی ئەو خزمەتگوزارییە دابین بکرێت.

٢. ئاستی بەرهەمهێنانی کارەبا لەچەند ساڵی رابردوودا گەشە و بەرزبوونەوەی بەرچاوی بەخۆوە بینیوە، هاوکات خواستی بەکارهێنانیش رووی لەهەڵکشان کردووە، لەماوەیەکی کورتیشدا خۆشبەختانە توانرا نزیکەی ٣٥٠ مق مق غازی سروشتی بۆ وێستگەکانی چەمچەماڵ و پیرداود دابین بکرێت کە دەستکەوتێکی گەورەیە، هەربۆیە پێویستە لە دوو ساڵی داهاتوودا هەموو وێستگەکانی بەرهەمهێنانی کارەبا

والێبکرێت بەغازی سروشتی کار بکات.

٣. پێویستە وێستگەی دیکەی بەرهەمهێنان و گۆڕین جێبەجێ بکرێت وەك لەپلاندایە، بەهۆی هەڵکشانی بەرهەمهێنانی کارەبا و گۆڕانی سیستەمەکە و ئاڵۆزیش لە ئیدارە و هەماهەنگی دابینکردنی سووتەمەنی لە وێستگەکاندا دوای دامەزراندنی چەندەها وێستگەی کارەبا کە بە هەموویان ٤٥٠٠ مێگاوات توانای بەرهەمهێنانی کارەبایان هەیە، ئەمە جگە لە دامەزراندنی ٢٥٠ وێستگەی گۆڕین و تۆڕی ١٣٢ کەیڤی و ٤٠٠ کەیڤی.

٤. سەرمایەگوزاری گشتی و تایبەت لە کەرتی تایبەت گەیشتۆتە پتر لە ١٨ ملیار دۆلار، جگە لە خەرجییەکانی کارپێکردنی ساڵانە کە ئێستا گەیشتۆتە ٣ ملیار و نیو دۆلار بۆ دابینکردنی سووتەمەنی و کڕینی کارەبا و خەرجی وەزارەت.

**● دەرئەنجامەکان:**

١. تۆڕەکانی دابەشکردن و کەرتی فرۆشتنی وزەی کارەبا بە کەرتی تایبەت بسپێردرێت.

٢. پێداچوونەوە بە ستراکتۆر و ئیدارەی کەرتی وزە بەگشتی لە هەرێمی کوردستان بە مەرجێك بگونجێت لەگەڵ بارودۆخی تازە و ئەو کێشانەی کە بەرەوڕووی ئەم کەرتە هەستیارە دەبێتەوە، بە سوودوەرگرتن لە ئەزموون و ستراکتۆری وزەی زۆربەی وڵاتانی دراوسێ و خاوەن ئەزموون، هەروەها بۆ دوورکەوتنە لە فڕێدانی بەرپرسیارێتی و کێشەکان لە وەزارەتێکەوە بۆ ئەوی تر کە ئەم گرفتە لە عێراق بوونی هەبووە و هەیە و چارەسەر نەکراوە.

**بە بێ رۆڵی کارای کەرتی تایبەت و کۆمپانیا پڕۆفیشناڵ و بەتواناکان پێشخستنی ئیدارەو پیشەسازی وزە سەرکەوتوو نابێت. بۆیە لە بڕیارە هەنووکەییەکان و ریفۆرمی تەشریعاتی نوێی وزە نابێت ئەمە پشتگوێ بخرێت**